# خۆشبەختی

## بە بەها ئەدەن
## نەك بە بیانو!

چەندچیرۆکێکی کورت و سەرنجڕاکێش
بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری و
ژیانێکی کامەران و سەرکەوتوو

سەعید گوڵ محەمەدی

وەرگێڕانی: بڕیار بەکر

# خۆشبەختی

## بە بەها ئەدرێن نەك بەبەهانە!

"چەندچیرۆکێکی کورت و سەرنجڕاکێش بۆ بەدیهێنانی خۆشبەختی"


نووسینی: سعید گول محمدی

وەرگێڕانی: بڕیار بەکر



چاپی یەکەم

٢٠١٤

# پێڕست

وزە دەرونیەکان ئازاکەن ..... ٩
مێشی لە خۆبایی ..... ١١
سەرکەوتن ڕێکخستنی ستونەکانی شکستە ..... ١٣
بۆ بەرزبونەوە ..... ١٣
نهێـــــنی ..... ١٤
زیندو بونی دڵ ..... ١٥
ئەمڕۆ گرنگە ..... ١٦
چیرۆکی ڕۆبلێنگ ..... ١٧
پیـــانـــۆ ..... ١٩
حەسود هەرگیز ئاسودە نابێت ..... ٢٠
"چا"ی سارد ..... ٢٢
باوەڕ ..... ٢٣
با بەسۆز بین ..... ٢٤
گۆڕانکاری لەمنەوە دەستپێدەکات ..... ٢٥
ڕەزیلی ..... ٢٧
دەرزی و دەزوو ..... ٢٨
چیرۆکی زمان ..... ٣٠
ڕەخنە و گاڵتەپێکردن ..... ٣٢
خوا لە کوێیە؟ ..... ٣٣
کەسێکی باشتر ..... ٣٤
بەخشندەیی ..... ٣٥
ئەوەی بەخشندەبێت و ڕاستگۆ بێت، لەم جیهانەدا خۆشبەختە ..... ٣٦
سەرکەوتن باشە یان سەروەت؟ ..... ٣٧
مەلا نەسرەدین و سواڵکەر ..... ٣٩
شێوازی لێنانی خواردنی خۆشبەختی ..... ٤٢

((ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عەشقم چارەکەن))........................ ٤٣
کارە گرنگەکان ........................ ٤٤
ئەگەر پێبکەنیت ژیان شیرین ئەبێت........................ ٤٥
خوێندنەوەی نێوان هێڵەکان ........................ ٥٠
نیگەران مەبن........................ ٥٢
شاری چاڵەکان ........................ ٥٧
باوەڕ هێزی دەرونە........................ ٦١
یارمەتیدانی کەسانی تر ........................ ٦٢
با دەوڵەمەندانەتر بژین ........................ ٦٣
ئەوەی بۆ خۆت بە ڕەوای نابینی........................ ٦٥
ڕاوێژکارەکانتان کێن؟........................ ٦٦
چڵە سەوزەکان........................ ٦٧
ئەزمونی ڕاستگۆیی ........................ ٦٩
ڕێگەی خۆشبەختی........................ ٧١
دزێک کە دزی لە خۆی ئەکرد! ........................ ٧٣
ڕق........................ ٧٥
خــو........................ ٧٦
ڕوبەڕوبونەوە........................ ٧٨
سیحری پرسیار ........................ ٧٩
خۆشبەختی یان بەدبەختی؟........................ ٨٢
هێزی خەون........................ ٨٤
خەوی خۆش ........................ ٨٥
هەر کەسێک ئەوە ئەدروێتەوە کە چاندویەتی........................ ٨٦
ئــاوەز ........................ ٨٩
ئامانج و هۆکار........................ ٩١
میداس ئاتۆ........................ ٩٣
بەڵا و نیعمەت ........................ ٩٥
ڕکابەری........................ ٩٦

................................................................................ ٩٩
کات بە هەل بزانن ................................................................ ١٠١
مەحاڵ، مەحاڵە ................................................................ ١٠٢
بڕیاری پێشوەخت................................................................ ١٠٤
کاتژمێری ڕاست................................................................ ١٠٥
براوەی خەڵاتەکان ................................................................ ١٠٩
تێڕوانین و کێشە ................................................................ ١١٢
درەختی بەڕو................................................................ ١١٣
تەممەڵی تەوەزەل ................................................................ ١١٥
هێزی باوەڕ................................................................ ١١٦
تەنیا یەك وێستگەی تر ................................................................ ١١٧
مورید یان قوتابی................................................................ ١١٨
با ئارامگر بین ................................................................ ١٢٠
با ئامانجی بەرز و باڵامان هەبێت................................................................ ١٢١
هاندان، ئۆکسجینی دەروونە ................................................................ ١٢٣
چ کەسێک پاڵی پێوەنام؟................................................................ ١٢٤
هــــــەل................................................................ ١٢٥
درۆ ................................................................ ١٢٩
پاڕانەوە................................................................ ١٣١
هێزی وشەکان ................................................................ ١٣٤
یەکێک لەم ڕۆژانە ................................................................ ١٣٦
تــــــرس ................................................................ ١٣٧
پرسیارە گرنگەکان ................................................................ ١٣٨
بەهای چاو، گوێ، دەست و پێ ................................................................ ١٣٩
نهێنی ناوبانگی یابانیەکان لە چۆنێتیدا (کوالیتی)................................................................ ١٤١
تورەیی و خەفەت ................................................................ ١٤٣
لێهاتویی................................................................ ١٤٤
کات زێڕە ................................................................ ١٤٥
جاگوار

بە ڕیش نیە بە ئیشە! ........................ ١٤٧
ئومێـــدەوار بـــە ........................ ١٤٨
نەخـــۆشی ........................ ١٥١
کولەکەی ئاوی ........................ ١٥٢
گـــونـــاه ........................ ١٥٤
بەرنامەیەکی ئاسان ........................ ١٥٥
پردی میلرۆز ........................ ١٥٦
قوتابخانەی عەشق ........................ ١٥٧
دایـــك ........................ ١٦٠
تـــرس ........................ ١٦١
وەڵامی نەریّ قبولّ مەکەن ........................ ١٦٢
چیرۆکێك لە ئێرنست هەمینگوایەوە ........................ ١٦٤
دوژمنی زانا، لە هاورێی نەزان باشترە ........................ ١٦٥
چارەسەری کێشەی چالّ ........................ ١٦٧
تەمەن ئازیزە، قەدری بزانە ........................ ١٦٨
نهێنی سەرکەوتنی پاڵەوانی ئۆتۆمبیلی جیهان ........................ ١٧٠
داهێنانکاری ........................ ١٧١
کاردابەشکردن ........................ ١٧٣
نیشانەی نەخۆشی ........................ ١٧٥
جاشـــوا بیـــلّ ........................ ١٧٦
دوعا و پاڕانەوە ........................ ١٧٨
چاکـــە ........................ ١٨٠
گوێچکە ماسی ........................ ١٨١
گوێزت نەوێت گوێزدانت بوێت ........................ ١٨٣
وێـــنەی هـــزری ........................ ١٨٥
پەیامەکانی خۆشبەختی ........................ ١٩٧
((وتەی کۆتایی)) ........................ ٢١١

*******

**ئەگەر لە ژیاندا ناگەیت بە خەونەکانت**

**لەبەرئەوە نیە کە:**

خوا نەیویستوە وەڵامی پاڕانەوەکانت بداتەوە،

بەڵکو لەبەرئەوەیە

ئەوەی تۆ

بیری لێ ئەکەیتەوە، ئەیڵێیت و ئەنجامی ئەدەیت

پێچەوانەی ئەو شتەیە

کە خەونتە پێی بگەیت.

((دوناڵد واڵش))

*******

بوێر بە بۆئەوەی هەمیشە بە بەهێزی بمێنیتەوە.

خۆت ئازادکە بۆئەوەی شتانێکی نوێ ئەزموونکەیت.

ئەوەندەش گرنگی مەدە بە بەسەرهاتی ڕۆژگارکە

بمێنیتە ڕێگر لەبەردەم فڕینتدا

هەمیشە بە ڕەوشت بە.

خۆشحاڵ بە وەدەم بە پێکەنین.

هاوڕێی ئەوکەسانە بە خۆشت ئەوێن.

لەگەڵ کەسانی تردا واهەڵسوکەوت بکە

کە حەزئەکەیت لەگەڵتدا هەڵسوکەوت بکەن.

ڕاستگۆبە لەگەڵ خەڵکی.

ڕاستی قبوڵبکە و ڕاستگۆبە.

دڵت بسپێرە بە عەشق

بێزارمەبە لە عاشق بون.

بەشداربە لە جوانی سروشتدا.

سوپاسگوزاری ئەوە بە کە هەتە.

یارمەتی لە خۆت نزمترەکان بدە.

هەوڵی خۆشحاڵ کردنی کەسانی تر بدە.

بکۆشە لە پێناوجێگیرکردنی ئاشتی لە جیهاندا.

بە ئامەزرۆیەوە بژی.

بەڵێ، خەونەکانت ئەتوانن ببنە واقع

وچاوەڕوانی هاتنەدی هەموخەونەکانت بە.

((سوزان پولیس شوتز))

سالها دل تلب جام جم از ما می کرد
انچە خود داشت ز بیگانە تمنا می کرد*
(حافز)

## وزە دەرونیەکان ئازاکەن

ڕۆژگارێك لەمەوبەر پیاوێکی سورپێست هەبو زۆر هەژارانە ئەژیا. بەڵام کاتێك چاڵێکی نەوت لە کێڵگەکەیدا دۆزرایەوە، ڕزگاری بو لە شەڕی هەژاری. بە یەك شەو دەوڵەمەند بو و بڕیاریدا، بە کڕینی ئۆتۆمبێلێکی کادیلاك جەژنی ئەم دەوڵەمەندیە بگێڕێت. لەو کاتەدا، دو تایەی یەدەکیان لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلی کادیلاکدا دائەنا، سورپێستەکە حەزی ئەکرد لە کەسانی تر جیاواز بێت لەبەرئەمە لە جیاتی دو تایە، چوار تایەی کرد بە پێشەوەی کادیلاکەکەیەوە. دەستێك قاتی کەشخە و کڵاوێکی جوانیشی کڕی. هەمو ڕۆژێك بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەڕۆشت بۆ شاری قەرەباڵغ و گەرم و تەپوتۆزاوی شاری بچوکی ئۆکلاهۆما و بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەسوڕایەوە. ئەیویست بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە پۆز بەسەر هەمو کەسێکدا لێبدات. هەرکەسێك بە تەنیشتیدا تێپەڕیایە دەستی بۆ بەرزئەکردەوە و قسەی لەگەڵ ئەکرد. هەندێك جار بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ هەمو خەڵکی شارەکەدا قسە بکات، خولێکی تەواوی بەدەوری شارەکەدا ئەگێڕا. بەڵام سەیر لەوەدایە پێکدادانی لەگەڵ هیچ کەس یان شتێکدا نەئەکرد.

ئەتوانن پێشبینی بکەن بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلە جوان و گەورەکەی بەستبوەوە بە دو ئەسپەوە و لە ڕاستیدا ئەسپەکان ئۆتۆمبێلەکەیان ڕائەکێشا!

**تێبینی:** چیرۆکەکەی سەرەوە، ئاماژەیە بۆ وزەکانی ناخی مرۆڤ. لە دەرونی مرۆڤدا تایبەتمەندی و سیفەتی وا شاراوەتەوە کە هەریەکەیان وزە و هێزی تایبەت

---

* واتە: ((سالانێکی زۆر دڵم داوای جامی جەمی لێ ئەکردم، ئەوەی خۆی هەیبو لە بێگانەی داوا ئەکرد.))

بە خۆیان تێدایە. کۆمەڵەی ئەم وزانە کە هەندێکیان دیار و هەندێکیان شاراوەن، وزەی جوڵێنەری مرۆڤ پێکئەهێنن. جیاوازی مرۆڤەکان لە زەمینەی ئاگاداری و سودوەرگرتنیاندایە لەم وزانە. لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان لەسەر مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوەی بیری لێئەکرایەوە، مرۆڤەکان، کەم یان زۆر، خاوەنی سەرچاوە و گەنجینەی بالقوەی خوا پێداوی هاوبەشن و لەم ڕووەوە جیاوازیەکی بەرچاو نیە لەنێوانیاندا. هەندێك ئەم هێز و گەنجینەی دەرونیان ئەدۆزنەوە و بە بەکارخستنی ئەگەن بە ئەنجامی سەرسوڕهێنەر و هەندێکی تر سود لە توانا بالقوەکانیان وەرناگرن و لەگەڵ خۆیاندا ئەیبەنە ناو گۆڕ.

((نورمن ڤینست پیل)) نوسەری کتێبی بیرکردنەوە ئەرێنی، باسی هێزی بێکۆتایی دەرونی مرۆڤ ئەکات و ئەڵێن:

ئایا ئەزانن وزەیەك لە دەرونتاندا هەیە ئەتوانێت ژیانتان بگۆڕێت؟ وزەیەك قابیلی بینین و دەست لێدان نیە، بەڵام بە تەواوی ڕاستەقینەیە. وزەیەك ئەتوانێت ئەوەندە خێرا بتانگۆڕێت کە لە ژێر کاریگەرییدا ببنە کەسێکی تازە، بەهێز، باوەڕبەخۆبو، هاوسەنگ، چوست و چالاك و ڕووبەڕووبوەوەی هەمو کێشە و ناڕەحەتیەکانی ڕۆژگار. ئەم وزە سەرنجڕاکێشە ئەتوانێت ڕێنماییتان بکات لە شکستەوە بۆ سەرکەوتن و لە گومانەوە بۆ باوەڕبەخۆبون. هەروەها ئەبێت ئەمەشتان پێبڵێم ئەم وزەیە ئەتوانێت یارمەتیتان بدات بۆ ئەوەی هاوڕێی دڵسۆز بدۆزنەوە، کێشەکانتان چارەسەر بکەن، خوە کۆنە و ڕزیوەکان وەلا بنێن و پێبخەنە ناو دنیایەکی تازەی جیاواز لە دنیاکەی پێشترتان. دنیایەك، پڕ لە شۆڕ و شەوق و لەیەك تێگەشتن و شادی. من ئەمەم ناوناوە ((وزەی جوڵێنەر)).

> هەمو ئەوەی لە گەردوندایە لە دەرونیشتاندایەو
> هەمو ئەوەی لە دەرونتاندایە، لە گەردونیشدایە !

هەمیشە لە بیرتدا بێت لەوپەڕی بەرزایی ئاسماندا، ئیتر هەور نامێنێت. ئەگەر ئاسمانی ژیانت هەورییە، لەبەرئەوەیە دەرونت هێندەی پێویست بەرزنەبوەتەوە.

((مارك فیشەر))

## مێشی لە خۆبایی



ڕۆژێک لە ڕۆژان مێشێکی لە خۆبایی لە هێلانەیەکدا ئەژیا. بەیانیەکیان، دوای پۆز لێدان بەسەر مێشولەکانی تردا، بەرەو زۆنگاوەکە کەوتە ڕێ. لەوێ چاوی کەوت بە فیلێکی تێگەشتو. بۆچی پێیان ئەوت تێگەشتو، لەبەرئەوەی ئەوەندە ئاقڵ بو هەرگیز مۆڵەتی نەئەدا کەس تورەی بکات و ئارامیەکەی لێتێکبدات.

مێشەکە بیریکردەوە: ئەوەندە گرنگم سروشت، ئەم فیلەی بۆ حەوانەوەی من لێرە داناوە. لەبەرئەمە لەسەر پشتی فیلەکە نیشتەوە. هەستی بە خۆشیەکی زۆر ئەکرد.

دانیشتن لەسەر پشتی فیلێك کە بۆ خزمەتگوزاری ئەو ئامادەکرابو، باشترین بەڵگە بو بۆئەوەی ئەوانی تر باوەڕبکەن کەسێکی گرنگە و شایستەی سەرۆکیی مێشەکانی تر و تەنانەت هەمو گیانلەبەرانیشە. مێشەکە وا بیرینەکردەوە توانای ڕابەریکردنی هەمو دارستانی هەیە و لەمبارەشەوە بەرنامەڕێژی ڕێکوپێك و تازەی

هەبو. لەبەرئەمە لەسەر پشتی فیلەکە هەستایەوە بۆ ئەوەی چیرۆکی فیلەکە بگێڕێتەوە بۆ مێشەکانی تر.

بەرلەوە ئەبوایە مۆڵەتی بە فیلەکە بدایە. لەبەرئەمە لە نزیك گوێی فیلەکەدا هەڵفڕی و بەو پەڕی بەهێزیەوە هاواریکرد:

((جارێ هیچ ئیشێکم پێت نیە، ئێستا مۆڵەتت هەیە بڕۆیت تا منیش بگەم بە کارەکانمدا.)) هەرکەسێك لە جێی فیلەکەدا بوایە تورە ئەبو لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە ماخۆلیاییەکەی مێشەکە.

بەڵام فیلە تێگەشتوەکە بە هێمنی وتی: ((بەڕێز، تۆ ئەوەندە بچوك و بێ بایەخیت نە ئاگاداری ئەوە بوم لەسەر پشتم نیشتیتەوە و نە ئاگاداری ئەوەش بوم لەسەر پشتم هەستایت!))



**تێبینی:** ئەوەندە دڵتان گەورە بکەن بە سوك زانینی کەسانی تر کاریگەری نەبێت لەسەرتان و ڕەخنەی کەسانی تر زیکەزیکێك زیاتر نەبێت و لەبەر ڕەفتاری هەڵەی کەسانی لە خۆ ڕازی، بێزار و ناڕەحەت مەبن.

**هەرچەندە زیاتر بەرزبنەوە، کاروباری دنیا بچوکتر ئەبنەوە و هەرچەندە گەورەتر ببن، شتانێکی زیاتر، بچوك ئەبنەوە.**

شکست چیە؟ شتێك نیە بێجگە لە فێربون و
ئەزمون وەرگرتن.

((وندلْ فیلیپس))

## سەرکەوتن ڕێکخستنی ستونەکانی شکستە
## بۆ بەرزبونەوە

ئایا ئەتوانن ئەم کەسایەتیە بەناوبانگە ناو ببەن؟

لە ٣١ ساڵیدا هەڵشکا. لە ٣٢ ساڵیدا، لە ڕکابەریەکی پەرلەمانیدا شکستی هێنا. لە ٣٤ ساڵیدا جارێکی تر تامی هەڵشکانی چەشتەوە. لە ٣٥ ساڵیدا هاوسەرەکەی لەدەستدا. لە ٣٦ ساڵیدا توشی نەخۆشیەکی دەرونی بو. لە ٣٨ ساڵیدا، لە هەڵبژاردندا شکستی هێنا. لە ٤٣، ٤٦ و ٤٨ ساڵیشدا لە خولی ڕکابەری پەرلەمانی دورخرایەوە. لە ٥٥ ساڵیدا لە هەڵبژاردنی سیناتۆریدا شکستی هێنا. لە ٥٦ ساڵیدا سەرەڕای هەوڵەکانی نەیتوانی ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار. لە ٥٨ ساڵیدا دیسانەوە لە هەڵبژاردنی سیناتۆریدا شکستی هێنا. سەرئەنجام لە ٦٠ ساڵیدا، بو بە سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ئەم پیاوە کەس نیە بێجگە: **ئەبراهام لینکۆڵن.**

**هەر شکستێك لانی کەم ئەو سودەی هەیە مرۆڤ ئاشنا ئەکات بە یەکێك لە ڕێگەکانی شکست.**

((لاورتس))

مرد خردمند هنرپیشه را
عمر دو بایست در این روزگار
تا به یکی تجربه اموختن
در دگر تجربه بردن به کار*

((سعدی))

## نهێـــنی

پیاوێك گەیشت بە مامۆستاكەی و وتی: ((قوربان! پلەیەكی گرنگم بەدەستهێناوە، ئێستا پێمبڵێ چۆن ئەتوانم لەم پلە گرنگەدا سەركەوتو بم؟))

مامۆستای پیر سەیری قوتابیەكەی كرد و وتی: ((بڕیاری ڕاست!))

پیاوەكە پرسی: ((مامۆستا! لە مەبەستت تێنەگەیشتم!))

مامۆستا سەیرێكی قوتابیەكەی كرد بە ئارامی وتی: ((ئەزمون.))

پیاوەكە بە سەرسوڕمانەوە سەیرێكی مامۆستای كرد و وتی: ((باشە، كێشەی من ئەوەیە ئەزمونم نیە، بەڵام چۆن ئەزمون بەدەستبێنم؟))

مامۆستا زەردەخەنەیەكی كرد و وتی: (( بە بڕیاردانی هەڵە!))

سەركەوتن، دەرئەنجامی لێكدانەوەی ڕاستە و لێكدانەوەی ڕاست، دەرئەنجامی ئەزمونە. ئەزمونیش بە زۆری دەرئەنجامی لێكدانەوەی هەڵەیە.

((ئەنتۆنی رابینز))

* واتە: ((مرۆڤی زیرەك و هونەرمەند، ئەبوایە دو تەمەنی هەبوایە لەم دنیایەدا، بۆئەوەی لەیەكێكیاندا ئەزمون كۆكاتەوە و لەوی تریشیاندا، ئەزمونەكانی بخاتەكار.))

ئەگەر عەشقمان بەخشیبێت، بۆ هەمیشە ئەمانێت و

ئەو برەی نەمانبەخشیوە، بۆ هەمیشە لەدەست چوە.

((لیۆ بوسکالیا))

## زیندو بونی دڵ

لە ابو سعید ابولخیریان پرسی: ((خراپترین چارەنوسی مرۆڤ چیە؟))

فەرموی: ((مردنی دڵ!))

پرسیان: ((دڵ بە چی زیندو ئەبێت؟))

فەرموی: ((بە عەشق!))

عارفی گەورە ((قتب الدین ابولفتح محمد))، دڵ کە جێگەی عەشقە، بە موقەدەس ئەزانێت و ئامۆژگاری پاراستی ئەکات:

خواوەندی دڵ کەسێکە

نرخی دڵ بزانێت و هەست بە گرنگی بکات

و بزانێت پەیامی دڵی چیە؟

و چی ئەڵێت و بە چی ئەیڵێت

و چی ئەبیستێت و لە کێ ئەبیستێت

و لە دەرگای دڵیەوە، کێ دێتەدەرەوە

و ئەبێت بۆ کێی بکاتەوە

و ئەبێت بۆ کێی نەکاتەوە

و ئەبێت کێی تێدا جێبکاتەوە و کێی تێدا جێنەکاتەوە!

گرنگ گەیشتنە بەو تێڕوانینەی بزانین بێ ئەو کارانەی ئەمڕۆ ئەیکەین، ناتوانین داهاتومان پێکبهێنین.

((جۆن ماکسوڵ))

## ئەمڕۆ گرنگە

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، تێڕوانینە ڕاستەکان هەڵئەبژێرم و لەسەر بنەمای ئەمانە کارئەکەم.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، گرنگترین کارەکان دیاریئەکەم و لەسەر بنەمای ئەمانە کارئەکەم.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، لەگەڵ خێزانەکەمدا گەرم و گوڕ ئەبم و ئاگاداریان ئەبم.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، بە ڕێکوپێکی باوەڕدار ئەبم و پەیوەست ئەبم بە بیروباوەڕەکانمەوە.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، بژێوی پێویست بەدەست دێنم و کاروباری داراییم بە ڕێکوپێکی ڕێك ئەخەم.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، باوەڕم بەهێزتر ئەکەم.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، ئەبمە نمونەی بەخشندەیی.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، لا ئەکەمەوە بە لای بەها بەرز و باڵاکاندا.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، گۆڕان و سەرکەوتن ئەزمون ئەکەم.

تەنیا بۆ ئەمڕۆ، لەسەر ئەم بنەمایانە ئەژیم و ئەو کاتە ڕۆژێك دێت دەرئەنجامی ئەمڕۆم ببینمەوە.

((جۆن ماکسوڵ))

زۆرێك لە خەڵکی لە بیست و پێنج ساڵیدا ئەمرن،
بەڵام تا حەفتا و پێنج ساڵی نانێژرێن.
((بینیامین فرانکلین))

## چیرۆکی ڕۆبلینگ

لە ساڵی ١٨٨٣ دا ئەندازیارێکی گەنج بەناوی ((جۆن ڕۆبلینگ)) لەگەڵ کوڕەکەیدا، ((واشنگتن)) بڕیاریدا پردی ((برۆکلین)) لەنێوان مانهاتن و برۆکلیندا، دروستبکات. خستنەکاری ئەم پرۆژە بە لەبەرچاوگرتنی ئیمکانیاتی ئەو ڕۆژگارە، کارێکی زۆر نارەحەت بو و ئەندازیاران و پسپۆڕان، ئاگاداریان ئەکردنەوە لە نەکردنی ئەم کارە، بەڵام ئەوان قبوڵیان نەکرد و دەستیانکرد بە داڕشتنی نەخشەی پردەکە. دوای تەواوبونی نەخشەکە بە سەرمایە خستنەگەڕی چەند بانکێکی متمانەدار، دەستکرا بە دروستکردنی ئەم پردە گەورەیە.

چەند مانگێك دوای دەستپێکردنی کار، ڕوداوێکی ترسناك ڕویدا و بەهۆیەوە ڕۆبلینگ گیانی لەدەستدا و کوڕەکەی بە سەختی بریندار بو. واشنگتنی گەنج بەهۆی کارەساتەکەوە توانای ڕۆشتن و قسەکردنی لەدەستدا. هەموان وایانزانی کاری پرۆژەی پردەکە ئەوەستێت، لەبەرئەوەی جۆن و واشنگتن تەنیا کەسانێك بون ئاگاداری چۆنێتی دروستکردنی پردەکەبون. بەڵام مێشکی واشنگتن سەرەڕای ئەم هەمو کێشە بە باشی کاریئەکرد و زۆر نیگەرانی تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکە بو و دوای ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوە، کەوتەسەر ئەو بیرەی تاکە ڕێگەچارە، داهێنانی نهێنیەکی پەیوەندیە.

ئەو تەنیا ئەیتوانی یەك پەنجەی بجولێنێت و هەر لەڕێگەی ئەو پەنجە و دەس لێدانەوە، هاوسەرەکەی پەیوەندی لەگەڵدا بەست و لە ڕێگەی لێدانی ئەو پەنجەوە، فەرمانی چۆنێتی دروستکردنی پردەکەی فێری ئەندازیارەکانی کرد. ئا ئەوەی لە کۆتاییدا دوای تێپەڕینی سیانزە ساڵ هەوڵدانی بێوچانی خۆی و هاوکارەکانی، دروستکردنی پردی بڕۆکلین کۆتایی هات و ناوی ڕۆبلینگ بۆ هەمیشە بە نەمری مایەوە.

بەهەشت بە بەها دەدەن نەک بە بەهانە

## بیــانــو

مەلا نەسرەدین کە زۆر بانگەشەی ئازایەتی و لێهاتویی خۆی ئەکرد، ڕۆشت بۆ شەڕ. لە ڕۆژەکانی یەکەمدا باسی ئازایەتیەکانی بۆ هاوڕێکانی ئەکرد لەو شەڕانەدا کەپێشتر ئامادەبوە تێیاندا. هەموان شۆڕ و شەوق گرتبونی لە ئازایەتیەکەی، هەمیشە لە تاسەی ئەو ڕۆژەدا بون شەڕ دەستپێبکات بۆ ئەوەی بینەری ئازایەتی و لێوەشاوەیی مەلا بن. لە کۆتاییدا شەڕ دەستیپێکرد. مەلا بە شمشێر و قەڵغانەوە ڕۆشتە ناو شەڕەکە. ڕکابەرەکەی بێ نارەحەتی و زۆر ئاسان بەسەریدا سەرکەوت. لە کاتێکدا مەلا ئەگریا پرسیاریان لێکرد:

((بۆچی بچوکترین بەرگریت نەنواند و وەڵامی هێرشەکانیت نەدایەوە؟))

مەلا وتی: ((بە دەستێکم شمشێرەکەم گرتبو، بە دەستەکەی تریشم قەڵغان، ئیتر دەستم بەسترابو، خۆ نەمئەتوانی بە ددانەکانم شەڕبکەم.))

**تێبینی:** مەلا نەسرەدین نەک هەر سودی لەو ئیمکانیاتانە وەرنەگرت لە بەردەستیدا بون، بەڵکو بە هۆکاری شکستەکەی زانی و دەستیکرد بە بیانو هێنانەوە بۆ شکستەکانی. ئەمە ڕێگەیەکە کەسە شکستخواردوەکان ئەیگرنە بەر. خاڵێکی گرنگ دەربارەی بیانو هێنانەوە ئەوەیە تەنانەت ئەگەر کەسەکە قبوڵکراوترین بیانو بێنێتەوە بۆ شکستەکانی، هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەسڵی بابەتەکە نابێت.

ئەسڵی بابەتەکە ئەمەیە یان ئەگەینە ئەنجام یان نا، نەوەد و نۆ لەسەدی کەسە شکستخواردوەکان ئەوانەن پیشەیان بیانوهێنانەوەیە.

حسد را سوی جان و دل مده بار
که حاسد را نباشد هیچ مقدار*
((ناسر خوسرو))

## حەسود هەرگیز ئاسودە نابێت

هەڵۆیەك لەسەر تاشەبەردێکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە و کارێکی لەناو رانێکدا برد. قەلە ڕەشێکیش کە بینەری ئەم ڕوداوە بو، حەسودی لێهات و ویستی لاسایی هەڵۆکە بکاتەوە، لە کاتێکدا بە خێرایی ئەفڕی بۆ خوارەوە، خۆی گەیاندە سەر پشتی بەرانێك و چنگوڵەکانی گیرکرد لە خوریەکەی، بەڵام چنگوڵەکانی لە خوریەکەدا مایەوە و هەرچەندە هەوڵیدا خۆی ڕزگاربکات، بەڵام نەیتوانی. لەم کاتەدا شوانەکە ئاگاداری ڕوداوەکە بویەوە و قەلەڕەشەکەی گرت. شاباڵەکانی لێکردوە و کاتی ئێوارە بردیەوە بۆماڵەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی یاری پێبکەن. کاتێك منداڵی شوانەکە لە باوکیان پرسی ئەمە چ جۆرە باڵندەیەکە، شوانەکە وەڵامی دایەوە: ((قەلەڕەشە، بەڵام ڕاهێنانی هەڵۆبونی ئەکرد!))

**تێبینی:** ئەگەر ماڵی دڵمان بتەکێنین و بە دیدێکی پاکەوە لە کەسانی دەوروبەرمان بڕوانین، ئەو کاتە بەخیلی لە باخچەی دڵمان دەرئەچێت وئەگەر بەخیلی لە دڵمان دەرکەین، ئەوکات خۆشەویستی بە شەوقێکی لێوڕێژ لە عەشقەوە لە میحرابی دڵماندا نوێژ ئەخوێنێت.

* واتە: ((هەرگیز حەسودی لە دڵتدا جێمەکەرە، لەبەرئەوەی حەسودی هیچ کاتێك ناتگەیەنێتە ئەنجام.))

حسد بر بخشش دادار بردن

ندارد حاصلی جز خوار مردن

حسد هرجا كه اتش برفروزد

هم اول صاحب خود را بسوزد

واتە: ((بەخیلی هیچ بەرهەمێکی نیە بێجگە کەم کرنەوە و لەناو بردنی مرۆڤ. ئەگەر قەرار بێت بەخیلی ئاگر لە شوێنێك بەربدات، ئەوە یەکەمجار خاوەنەکەی خۆی ئەسوتێنێت.))

کاردانەوەتان بەرامبەر بە بارودۆخەکان، بەر لە هەر کارێکی تری ژیانتان، لە دیاریکردنی چارەنوسناندا کاریگەرە.

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))

## "چا"ی سارد

ڕیچارد بلچنیدن، لە هاوینێکی زۆر گەرمی ساڵی ١٩٠٤ دا لە پێشانگایەکی جیهانی لە وڵاتی بەڕازیل، سەرقاڵی بانگەشە بو بۆ چایی هیندی. چاییەکە زۆر گەرم بو و کەس ئامادە نەبو تاقیبکاتەوە. ڕیچارد بۆیدەرکەوت بازاڕی خواردنەوەی سارد، گەرمە. بزیسکەیەك دای لە مێشکی کە چاییەکەی بگۆڕێت بە خواردنەوەیەکی سارد و شەکری تێبکات و بیفرۆشێت. ئەم کارەی کرد و خەڵکیش پێشوازیان لێکرد و لێرەوەبو چایی سارد بڵاو بویەوە بە جیهاندا.

**تێبینی:** لەو بارودۆخانەدا کە هەلومەرج گونجاو نیە، ئەتوانین یان بە لێپرسراوێتی یان بە دڵتەنگی یان بە تێڕوانینی نەرێ کاردانەوەمان هەبێت بەرامبەریان.

مرۆڤەکان وەك میوەی هەرمێ نین توانای هیچ هەڵبژاردنێکیان نەبێت! هەرمێیەك ناتوانێت هەڵبژاردن بکات بگۆڕێت بە سێو یان کاڵەك. بەڵام مرۆڤ ماف هەڵبژاردنی هەیە. ئەگەر ژیان لیمۆمان پێئەدات، ئێمە ئەتوانین گریان هەڵبژێرین یان بیگۆڕین بۆ ئاو لیمۆ. وەك حەکیمێك ئەڵێت:

(( هەرکاتێك ڕوبەڕوی بابەتێك بونەوە کە بە چارەسەرنەکراو ئەهاتە بەرچاو، بیهێننەوە بیرتان چارەسەرکردنی پەیوەستە بە کۆمەڵێك کاردانەوەی گونجاوەوە.))

ئەگەر ئەتەوێت مەحاڵترین ڕوداوی دنیا لە ژیانتدا ڕوبدات باوەڕی مەحاڵبونی بگۆڕە.

## باوەڕ

پیاوێـك، شـەوێك لـە خانویـەكی لادێیەكـدا مایـەوە و پەنجـەرەی ژورەكـەی نەئەكرایـەوە. نیـوە شـەو هەسـتی بـە تەنگەنەفەسـی كـرد و ڕۆشـت بـەرەو پەنجەرەكە.

نەیئەتوانی بیكاتەوە. بە بۆگز دای لە شوشەی پەنجەرەكە و هەستی بە هـەوای تـازەكرد و بـە درێـژایی شـەو بـە ئاسودەیی خـەوی لێكـەوت. بـەیانی ئـەو ڕۆژە، بۆیدەركـەوت شوشـەی كتێبخانەكـەی شـكاندوە و هـەمو شـەوەكە، پەنجەرەكـە داخرابو. تەنیا بە بیری ئۆكسجینی ((باوەڕ))، ئۆكسجینی گەیاندبو بە خۆی!

تێبینی: ئەو شتەی زۆر بە قوڵی باوەڕتان پێیـەتی، ئەبێتـە واقـع بۆتـان. ئێـوە ئەوەی ئەبینن باوەڕی پێناكەن، بەڵكو ئەو شتە ئـەبینن كـە پێشتر وەك باوەڕێـك هەڵتانبژاردوە. كەوایە ئەبێت:

١- ئەو باوەڕە سنوردارکەرانەی ڕێگرن لەبەردەم سەركەوتنتاندا، بناسنەوە.

٢- لەناویان بەرن.

گەورەترین ترسێك ژیانمان لە ناوئەبات، بیر و باوەڕە ڕوخێنەرەكانن.

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))

یارب چه چشمه‌ای است محبت و مهربانی
که من از ان یك قتره خوردم و دریا گریستم*

## با بەسۆز بین

کوڕێکی جلوبەرگ دڕاو، هەمو ڕۆژێك ئاوێنەیەکی بچوکی بەدەستەوە ئەگرت و بەرزیئەکردەوە و لەکاتێکدا بەملاولادا ئەیسوڕاندەوە، سەیری پەنجەرەیەکی ئەکرد کە چەند نهۆمێك لەسەری خۆیەوە بو.

ڕۆژێك پیاوێك گوێی گرت و وتی: ((بزانم، خەریکی چ غەڵەتێکیت؟ وا دیارە وەك منداڵە هاروهاجەکان بیرێکی خراپ لە سەرتایە، وایە؟))

منداڵەکە سەیرێکی ناوچاوی تاڵی پیاوەکەی کرد و وتی: ((نا، بەڕێز، نا، لەو سەرەوە، ئەو پەنجەرە باریکە ئەبینن؟ برا بچوکەکەم لەو ژورەدایە. داماوە هەردو قاچی ئیفلیجە و بەس بەم شێوەیە ئەتوانێت ڕۆشنایی خۆر ببینێت، ئەو تیشکەی من بەم ئاوێنەیە ئەیدەم لە ژورەکەی.))

**تێبینی:** ئەوانەی ڕۆشنایی ئەبەخشن بە کەسانی تر، ڕۆژەکانی ژیانیان پڕ ئەبێت لە پەلکە زێڕینە. ((جاکسۆن براون)) دەربارەی شێوازی ژیان ئەڵێت:

**((بەجۆرێك بژین، کاتێك منداڵەکانتان بیر لە میهرەبانی ئەکەنەوە، ئێوەیان بێتە بەرچاو.))**

---

* واتە: ((خوایە ئەمە چ سەرچاوەیەکە عەشق و خۆشەویستی، کە یەك دڵۆپم لێخواردەوە و ڕێی دەریام گرتەبەر.))

خەڵکی بەرگری ئەنوێنن لەبەرامبەر گۆڕانکاریدا،
لەبەرئەوەی لە نەناسراوەکان ئەترسن.
((جۆن ماکسوێڵ))

## گۆڕانکاری لەمنەوە دەستپێئەکات

پیاوێك لە پێشبڕکێیەکی وێنەکێشاندا، کەمانچەیەکی بردەوە. بردیەوە بۆ ماڵەوە و سەرەتا سەیرێکی ئەو کتێبەی کرد لەگەڵ کەمانچەکەدا پێیان دابو. بە داخەوە کتێبەکە فەوتابو و تەنیا یەك لاپەڕەی مابویەوە، لە گۆشەی چەپیدا ژێیەکان و دەستێك کە لەسەر ژێیەکان بو، کێشرابو. پیاوەکە بە وردی پەنجەکانی لەسەر سیمەکان دانا و بە دەستەکەی تری ژێکەی بۆ سەر و خوار ئەبرد و سەرەڕای ئەوەی تەنیا یەك دەنگی لێوەئەهات بەڵام هەمو ڕۆژێك ڕاهێنانی ئەکرد. ژنەکەی بێزار و توڕە بو بو لە دەنگی ناخۆشی کەمانچەکە.

ڕۆژێك ژنەکەی ڕۆشت بۆ کۆنسێرتێك و لە هۆڵی نمایشەکەدا، کورسیەکەی زۆر دور نەبو لە کەمانچەژەنەکە و زۆر چێژی لەو ئاوازانە وەرئەگرت کەمانچە ژەنەکە لێیئەیدان. سەیری پەنجەی ژەنیارەکە و ژێیەکەی دەستی ئەکرد. زۆر جوان بو. لە کاتێکدا ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە لە بیری ئەوەدا بو بە مێردەکەی کە تەنیا یەك نۆتی ئەژەند بڵێت ئەتوانێت چ ئاوازگەلێکی خۆش بە کەمانچەکەی بژەنێت. بەڵام ئەیزانی مێردەکەی لە بیستنی ئەم قسەیە ناڕەحەت ئەبێت. کاتێك گەیشتە ماڵەوە، مێردەکەی کەمانچەی ئەژەند.

ژنەکە پرسی: ((ئازیزم، ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟))

مێردەکەشی لە کاتێکدا ژێکەی بەدەستەوە بو، وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، بۆ نا.))

ژنەکە وتی لە کۆنسێرتەکەدا بینیویەتی کەمانچە ژەنەکە، پەنجەکانی سەرەوە بۆ خوارەوە و لە چەپەوە بۆ ڕاست لەسەر تەلەکان ئەجولێنێت و بە دەستی

ڕاستیشی هەندێك جار بە خێرایی و هەندێك جار بە هێواشی ژنێکە ئەجولێنێن.
ژنەکە بابەتەکەی بە ئاوازێکی گونجاو دەربڕی بۆ ئەوەی مێردەکەی نارەحەت نەبێت. لە بەردەوامی قسەکانیدا وتی: ((نازانم بۆچی ئەو تا ئەو ڕادەیە دەستەکانی ئەوەندە بە خێرایی ئەجولاندەوە، بەڵام پەنجەکانی تۆ تەنیا لە یەك خاڵدا وەستاون؟))

مێردەکەی وەڵامی دایەوە: ((ئەو ژەنیارە بۆ شوێنێك ئەگەڕێت پەنجەکانی تێدا بوەستێنێت، بەڵام من شوێنی جێگیریانم دۆزیوەتەوە.))

((زیگ زیگلار))

**تێبینی:** مرۆڤەکان بە زۆری لەبەرئەوە لە گۆڕانکاری ئەترسن کە نیگەرانی نەناسراوەکانن.

پات پاڵسۆن، کۆمیدی نوس ئەڵێت: ((تەنیا شتێك ئەبێت لێی بترسین، خودی ترسە.))

مرۆڤەکان بە زۆری حەزیان لە شتانێکە ناسراون بۆیان، تەنانەت ئەگەر لێشیان ڕازی نەبن. ترس ئەیانوەستێنێت و لە کاتێکدا تاکە ڕێگەی ڕوبەڕوبونەوەی ترس ئەنجامدانی کارگەلێکە کە لێیان ئەترسین.

> گەورەترین ترسی مرۆڤ لە گۆڕانکاریە. خەڵکی لە بیری تازە، خوی تازە، ژینگە و شێوازی تازە ئەترسن، بەڵام تاکە ڕێگەی ژیانێکی باشتر، ئامادەبیتانە بۆ قبوڵکردنی ترس و کاراکردنی گۆڕانکاری گەورە، کەوایە خۆتان بگۆڕن.
>
> ((ئەلسێل ڕابینۆن))

ئێمە بە بەخشین، ژیانمان دروست ئەکەین و بە
ڕەزیلی، لەیەکی هەڵئەوەشێنین.

((گرنویل کلاستەر))

## ڕەزیلی

مەلا نەسرەدین بۆ ئابوری کردن لە بەکارهێنانی پەنیردا، برێك پەنیری کردبوە ناو شوشەیەك و سەرەکەی داخستبو، ژن و منداڵەکەی نانەکەیان ئەهێنا بە دەوروبەری شوشەکەدا و ئەیانخوارد. ڕۆژێك مەلا ئەیویست بڕوات بۆ سەفەر، شوشەکەی لە گەنجینەیەکدا شاردەوە و دەرگای گەنجینەکەی قوفڵدا. دوای هەفتەیەك گەڕایەوە و پرسی: ((ئێوە لەم ماوەیەدا، نانەکانتان بە چیەوە ئەخوارد؟))

وتیان: ((نانەکانمان ئەهێنا بە قوفڵی دەرگای گەنجینەکەدا و ئەمانخوارد!))

مەلا توڕە بوو وتی: ((ئەمردن ئەگەر یەك هەفتە بەس نانتان بخواردایە؟!))

**تێبینی:** جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئابوریکردن و ڕەزیلیدا. یەکەمیان مرۆڤ واڵێنەکات دورکەوێتەوە لە خەرجیی زیادە و داهاتوی دابینکات، لەکاتێکدا دوەمیان ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەپەرژێتە سەر خۆی و سەروەتێك کۆکاتەوە کە بەس میراتبەرەکانی سودی لێوەرگرن.

ئەگەر سروشت ئامۆژگاریەکانمانی ببیستایە دەربارەی ڕەزیلی و کاری پێیان بکردایە، ئیتر هیچ دەریایەك نەئەڕژایە ناو ڕوبار و زستان جێی خۆی نەئەدا بە بەهار.

مـــا برای وصل کردن امدیم

نی برای فصل کردن امدیم*

## دەرزی و دەزوو

ڕۆژێك پاشایەك ڕۆشت بۆ بینینی مامۆستایەکی گەورە. دیاریەکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابو. جوتێك مەقەستی ئەڵماس، کە زۆر گرانبەها و بەنرخ و نایاب بو. کاتێك گەیشتە لای مامۆستاکە، کەوتەسەر پێکانی و دیاریەکەی پێشکەشکرد.

مامۆستا ژیرەکە، مەقەستەکانی وەرگرت و سەیرێکی کردن، دواتر گەڕاندنیەوە بۆ پاشا و وتی: ((بەڕێز، زۆر سوپاسی دیاریەکانت ئەکەم، ئەم دیاریانە زۆر جوانن، بەڵام من بەکاریان ناهێنم، ئەگەر دەرزی و دەزویەکی سادەت بۆ بهێنامایە زۆر مەمنونت ئەبوم، بەندە پێویستیم بە مەقەست نیە، بەڵام پێویستم بە دەرزی و دەزوە.))

پاشا وتی: ((تێناگەم! ئەگەر پێویستیتان بە دەرزی و دەزو بێت، پێویستیتان بە مەقەستیش ئەبێت.))

مامۆستا وتی: ((پێویستیم بە مەقەست نیە، لەبەرئەوەی مەقەست هەمو شتێك لەیەك دائەبڕێت، بەڵام پێویستیم بە دەرزی و دەزوە، لەبەرئەوەی هەمو شتێك ئەبەستێت بە یەکەوە. هەمو وانەکانم لەسەر بنەمای عەشقە واتە بەستنەوەی هەمو شتێك بەیەکەوە. هەموان فێری ئەوە ئەکەم یەکگرتو بن. لەبەرئەمە پێویستیم بە دەرزی و دەزوە بۆ ئەوەی خەڵکی بگەیەنم بە یەك، ناتوانم

---

* واتە: ((ئێمە بۆ وەصڵ و بەیەکگەیاندن هاتوین، نەك بۆ فیراق و پچڕاندن.))

مەقەستەکان بەکاربێنم، لەبەرئەوەی جیایی دروستئەکەن. تکائەکەم ئەم جارە هاتن، دەرزی و دەزویەکم بۆ بێنە هەر ئەوەندەم بەسە.))

خۆشەویستی ئەو دەزوە زێڕینەیە دڵی خەڵکی هەمو جیهان بەیەکەوە ئەبەستێتەوە.

((جان ئاژلین))

ای زبان، هم گنجی بی پایان تویی

ای زبـان، هم رنج بی درمان تویی*

((مەولەوی))

## چیرۆکی زمان

ڕۆژێك فەرمانڕەوایەك بە وەزیرەكەی وت: ((ئەمڕۆ ئەمەوێت باشترین شوێنی مەڕم بۆ بێنیت بۆ خواردن.))

وەزیرەكە بە گوێیكرد و كاتی نیوەڕۆ سفرە ئامادەكرا و فەرمانڕەواكە سەیرێكی سەر سفرەكەی كرد و لە وەزیرەكەی پرسی: ((خواردنی ئەمڕۆ چیە؟))

وەزیرەكە وەڵامی دایەوە: ((قوربان، خواردنی زمان.))

چەند ڕۆژێك دواتر حاكمەكە بە وەزیرەكەی وت: ( ئەمڕۆ ئەمەوێت خراپترین شوێنی مەڕم بۆ بێنیت.))

وەزیرەكە بە گوێیكرد و كاتی نیوەڕۆ سفرە ڕاخرا و فەرمانڕەواكە سەیری سەر سفرەكەی كرد و لە كۆتاییدا لەوپەڕی سەرسوڕماندا خۆراكی زمانی بینی و بە تووڕەییەوە وتی: ((ئەی وەزیر، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر پێم وتیت باشترین شوێنم بۆ بێنە و تۆش زمانت هێنا و ئەمڕۆ وتم خراپترین شوێن بێنە دیسانەوە هەر زمانت هێناوە، چیت لێبەسەر هاتوە؟))

وەزیرەكەش وتی: ((لەدەورت گەڕێم، زمان ئەگەر باش بەكاربهێنرێت باشترین هاوڕێیە و ئەگەر خراپیش بەكاربهێنرێت خراپترین دوژمنە!))

---

* واتە: ((ئەی زمان، هەم گەنجی بێ پایان تۆیت، هەم دەردی بێ دەرمانیش تۆیت.))

بی فکر کنی گر به سخن باز دهان

گفتار تو می دهد ز جهل تو نشان

هرگز سخنی، مکن نسنجیده بیان

زیرا که نماینده عقل است زبان

واتە: ((ئەگەر بێ بیرکردنەوە دەم بکەیتەوە، وتەکانت نەزانینت دەرئەخەن. هەرگیز بەر لەوەی قسەیەك لێکبدەیتەوە، دەریمەبڕە. لەبەرئەوەی زمان نوێنەری ئەقڵە.))

مۆڵەت مەدەن ڕەخنە و گاڵتەپێکردنی خە
ساردتان بکاتەوە لە پێشکەوتن.

((جان ماکسو

# ڕەخنە و گاڵتەپێکردن

ڕۆژێك ((کریستۆڤ کۆلۆمبۆس)) بانگهێشتکرا بۆ میوانیەك. خاوەن ماڵەکە کورسی سەرەوەی کۆبونەوەکەی تایبەتکردبو بە کۆلۆمبۆس. لەبەرئەوە کەسێکی بەخیلی ناو کۆبونەوەکە، بە بێ ئەدەبیەوە لە کۆلۆمبۆسی پرسی: ((ئایا بە ڕاستی دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا کاری تۆ بو؟! ئایا پیاوی ئیسپانی تری لێنەبو؟))

کریستۆڤ سەرەتا هیچی نەوت. بەڵام چەند خولەکێك دواتر هێلکەیەکی لەسەر مێزەکە هەلگرت و لە ئامادەبوانی پرسی: ((چ کەسێك ئەتوانێت، لەسەر مێزەکە بیوەستێنێت؟)) هەوڵی هیچ یەکێك لە میوانەکان، سەرکەوتو نەبو. لەم کاتەدا کریستۆڤ بە هێلکەکە مشتێکی کێشا بە مێزەکەدا و بوە هۆی ئەوەی سەرەکەی پان ببێتەوە و لەسەر ئەو لایەی بوەستێت.

پیاوە بەخیلەکە هاواریکرد: ((هەمومان ئەمانتوانی ئەم کارە بکەین.))

کریستۆڤ لە وەڵامدا وتی: ((بەڵێ، بەڵام ئەگەر بتانزانیایە چۆن ئەنجامی بدەن! دوای ئەوەی من دەرگام بە ڕوی جیهانی تازەدا کردەوە، هیچ شتێك لە جێ بەجێ هەلگرتنم ئاسانتر نەبو!))

**تێبینی:** ئەمە ڕاستیەکە ڕەخنە و گاڵتەپێکردنی کەسانی تر، هەزاران جار ئاسانترە لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەیەك، بەڵام ناتانگەیەنێتە هیچ شوێنێك.

ئەگەر بلێین خوا نیە، وەک ئەوە وایە بلێین فەرهەنگی زمانەکان بەهۆی تەقینەوەیەکەوە دروستبون لە کتێبخانەیەکدا.

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))

## خوا لە کوێیە؟

یەکێک لە هاوڕێکانی مەلا نەسرەدین بە خوازەوە لێی پرسی:

((ئەگەر پێم بلێیت خوا لە کوێیە، دو درهەمت پێئەدەم.))

مەلا نەسرەدینیش وەڵامی دایەوە:

((ئەگەر پێم بلێیت خوا لە کوێ نیە، چوار درهەمت پێئەدەم.))

کەسانێک هەمیشە بە شوێن خواوەن و ویڵ و حەیرانی دۆزینەوەی خوان، نایدۆزنەوە. بەڵام ئەوانەی لە جیاتی گەڕان، بەو شێوەیە ئەژین کە خوا داوای کردوە، خوا ئەدۆزنەوە و دۆزینەوەی خوا لە ڕێگەی ژیان بەو شێوەیەی خۆی داوای کردوە دێتەدی، نەک بە وێڵبون بەدوایدا.

# کەسێکی باشتر



خوێندکارێکی گەنج لە ((بلز باسکاڵ))ی فەیلەسوف و زانای فەرەنسی نزیک بویەوە و وتی: ((ئەگەر من مێشکی تۆم پێوە بوایە، کەسێکی باشتر ئەبوم.))

باسکاڵ کەمێك بیریکردەوە و وتی:

((کەسێکی باشتر بە بۆ ئەوەی مێشکی وەك ئەوەی منت هەبێت!))

مامۆستای قسەی جوان ((سعدی))ئەڵێت:

مخواهی که نفرین کنند از پست
نکو باش تا بد نگوید کس

واتە: ((ئەگەر ئەتەوێت لە دوای خۆت کەس نەفرەتت لێنەکات، کەسێکی باشبە.))

یەکەمین ئەرکمان کە خۆی مەرجی ئەرك گەلێکی ترە، باش بونە لەبەرئەوەی بتوانین باشە بکەین.

((ئەرنست تاویل))

خۆش بە حاڵی ئەوانەی ئەبەخشن بێ ئەوەی بیهێننەوە بیر و وەرئەگرن بێ ئەوەی لە بیری بکەن.

((ئەلیزابیت بیبسکۆ))

## بەخشندەیی

ڕۆژێك ڕۆبێرت دوسینزۆ، یاریزانی بەناوبانگی ئەرجەنتینی گۆڵف، دوای بردنەوەی پێشبڕکێ و وەرگرتنی چەکی پاڵەوانێتیەکە، بە پێکەنینەوە لە بەرامبەر کامێرای ڕۆژنامە نوسەکانەوە ڕۆشتە ناو ژوری خۆ گۆڕین.

دوای کاتژمێرێك، لە گەراجدا، تاك و تەنیا ئەڕۆشت بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی، ژنێك لێی نزیك بویەوە.

ژنەکە پیرۆزبایی بردنەوەکەی لێکرد و دواتر بە خەمباریەوە وتی کوڕەکەی بە هۆی توشبونی بە نەخۆشیەکی قورس، مردنی نزیك بوەتەوە و ئەویش ناتوانێت خەرجی دکتۆر و نەخۆشخانە دابین بکات.

دوسینزۆ کەوتە ژێر کاریگەری قسەکانی ژنەکە و چەکی پێشبڕکێکەی واژۆکرد و لە کاتێکدا لە دەستی ژنەکەدا ئەیگوشارد وتی: ئارەزوی تەندروستی و ژیانێکی ئارام ئەخوازم بۆ کوڕەکەتان.

هەفتەیەك دوای ئەم پێشبڕکێیە دووسینزۆ لە یانەیەکی گوندێکدا خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بو، یەکێك لە بەڕێوبەرانی پلەبەرزی ئەنجومەنی یاریزانانی گۆڵف لە مێزەکەی نزیکبویەوە و وتی: هەفتەی ڕابردو چەند کەسێك لە لێپرسراوانی گەراجەکە پێیان وتم دوای تەواوبونی پێشبڕکێکە لەگەڵ ژنێکدا قسەتان کردوە. ئەمویست ئاگادارتان کەمەوە ئەو ژنە فێڵبازە. ئەو نەك منداڵی نەخۆش و پەککەوتەی نیە بەڵکو شوشی نەکردوە. ئەو هەڵیخەڵەتاندویت.....

دووسینزۆ پرسی: مەبەستتان ئەوەیە نەخۆشی یان مردنی هیچ منداڵێك لە ئارادا نەبوە؟

بەڵێ، بە تەواوی وایە.

دوسینزۆ وتی: لەم هەفتەیەدا ئەمە خۆشترین هەواڵە ئەیبیستم.

حەکیمی تێگەشتو ((بزرگجمهر)) ئەڵێت:

**ئەوەی بەخشندەبێت و ڕاستگۆ بێت، لەم جیهانەدا خۆشبەختە.**

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))یش وتویەتی:

((نهێنی ژیان لە بەخشیندایە، بەخشین مانا ئەبەخشێت بە ژیانی مرۆڤ.))

سەروەتی کەسی دانا، زانست و زانیاریەکەیەتی.

((بلز باسکاڵ))

## سەرکەوتن باشە یان سەروەت؟

دو کەس هاوشێوەی یەک بون. لە دوانەکەیان لەیەکچو تر، بەلام یەکتریان نەئەناسی. یەکێکیان خاوەنی چەند



فرۆشگایەکی زنجیرەیی دیزاین و فرۆشتنی جلوبەرگ بو لە سەرانسەری دنیادا. ئەویتریشان خاوەنی تەعمیرگایەک بو لە سوچێکی دوری شاردا. ئەو دو کەسە بە رێکەوت یەکتریان بینی. بەهۆی کارەساتێکەوە کەوتنە ژێر داروپەردو و هەردوکیان یادگەیان لەدەستدا و فریاگوزارەکان لێیان تێکچو کامە کامیانە. ئەوەی هەژار بو وەک خاوەنی فرۆشگایەکی گەورە بردیان بۆ نوسینگەکەی و ئەوی تریشیان کە لە ڕاستیدا دەوڵەمەندەکە بو، وەک تەعمیرکاری هەژار دایانە دەست هاوڕێکانی. دوای ساڵێک ئەزانن چی ڕویدا؟

ئەو دو کەسە هێشتا یادگەیان بە دەست نەهێنابوەوە. لە ڕاستیدا تا کۆتایی تەمەنیان نەیانتوانی ڕابردویان بێننەوە بیر بەلام ئەوەیان مێشکێکی بێ بەرنامە و شپرزی هەبو لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی سەروەتێکی گەورە بو، لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا بە بێ بەرنامەیی و بێ بیر خستنەکار هەمو دار و نەداری لەدەستدا و بوە خاوەنی فرۆشگایەکی بچوک لە دەوروبەری شاردا و ئەو دەوڵەمەندەی هەژار

کەوتبو لە ماوەی یەك ساڵدا هەر ئەو تەعمیرگا بچوکەی دەرەوەی شاری گۆڕی بە گەورەترین کۆمەڵەی تەعمیرکردنەوە و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل لە تەواوی وڵاتدا و ئەیویست کۆمەڵەیەکی زنجیرەیی لە خزمەتگوزاری و کەلوپەلی ئۆتۆمبێل بۆ چەندین ئۆتۆمبێل ساز لە چەندین وڵاتدا بکاتەوە. ئەو دوانە هەردوکیان وەك یەك بون، لە دوانە هاوشێوەتر، بەڵام جیاوازیەك لەو دوانەدا بو ئەیتوانی یەکێك لەوپەڕی بەدبەختی و هەژاریەوە بگەیەنێتە سەروەتێکی گرەنتی دار و ئەوی تریان لە باشترین پێگە و بارودۆخدا بکاتە کەسێکی بێ پارە و هەژار و دەسەوسان. ئەمە جیاوازی بیرکردنەوەی زیرەکانەیە کە زۆرێك نکوڵی لێئەکەن وا گومان ئەکەن چارەیان تەنیا سەرمایەی پێشوەختی زۆر و زەبەلاح و هاوکاری و پاراستنی بێ مەرج و شەرتە، لەلایەن کەسانی ترەوە.

بە داخەوە هێشتا کەم نین کەسانێك وا ئەزانن پارە و سەرمایە خۆشبەختی دێنن، بیری باش، بەرنامەڕێژی و ڕێکوپێکی، بێ پارە هیچ بە هیچ ناکات. هێشتا کەم نین ئەو دایك و باوکانەی ئەنازن بەو سەروەت و سامانەی بۆ نەوەکانیان بە جێی ئەهێڵن و مۆڵەتیان پێئەدەن بێ بەندوبار، ئاسان و نا لێپرسراوانە بژین و تێیدا بگەوزێن. ئەوانە هیچ نازانن **ئەگەر مێشکی مرۆڤێك ڕێکوپێك و بەرنامەداڕێژ نەبێت، تەنانەت هەمو سەروەت و سامانی دنیا ناتوانێت خۆشبەختی بکات.** ئەبێت باوەڕمان بە ڕێگە و شێواز و هونەرەکانی زانستی سەرکەوتن هەبێت و بە جدیەتەوە فێری نەوەکانمانیان بکەین. تەنیا لەم ڕێگەیەوە ئەتوانین دڵنیا بین لە چارەنوسیان و بە خەیاڵێکی ئاسودەوە بیانخەینە کۆمەڵگە و دڵنیابین لە سەرکەوتنی لە هەر بارودۆخێکدا. سەروەت و هاوکاری پێشوەخت، تەنیا ئاسودەیی و جوانی، ئۆتۆمبێلی خۆشبەختی زیادئەکات. ئیستۆپ و خێرایی ئەم ئۆتۆمبێلە بەستراوە بە شتێکی ترەوە کە ئەویش **"زانستی سەرکەوتن"ە.**

مرۆڤەکان سێ جۆرن:

یەکەم: پیاو، دوەم: نیوە پیاو، سێیەم ناپیاو بەڵام پیاو ئەوەیە ببخەشێت و نەستێنێت. نیوە پیاو ئەوەیە ببەخشێت و وەربگرێت. ناپیاویش ئەوەیە نە ببەخشێت و نەوەربگرێت.

((محمود بن عوسمان))

## مەلا نەسرەدین و سواڵکەر

سواڵکەرێك هاتە بەردەرگای ماڵی مەلا نەسرەدین لە کاتێکدا لەسەر بان بو بانگیکردە خوارەوە. کاتێك مەلا هاتەخوارەوە، سواڵکەرەکە وتی: ((لەبەر خاتری خوا شتێکم پێبدە.))

مەلا بە تورەییەوە وتی: ((وەرە سەر بان.)) سواڵکەرەکەی بردە سەربان و وتی: ((بەخوا ماڵەکەم هیچی تیانیە.))

سواڵکەرەکە تورە بو و وتی: ((بۆچی لە خوارەوە پێت نەوتم؟))

مەلا وتی: ((تۆ منت بردە خوارەوە و منیش تۆم هێنایە سەرەوە لەبەرئەوەی ماندوت بکەم.))

**تێبینی**: مرۆڤەکان ئەکرێن بە سێ گروپەوە:

ناپیاوەکان: کەسانێك چ باش بیت و چ خراپ دەرهەقت خراپە ئەکەن. ئەمانە سوکن و هەمیشە بەرەو سوکتر بون ئەچن.

کەسە ئاوێنەییەکان: بونیان ((ئەوەی کە هەن)) پەیوەستە بە کەسی بەرامبەرەوە: باش بیت باشن، خراپ بیت خراپن. ئەمانە ئەهلی تۆڵەکردنەوەن.

ئەگەر بیانبەیتە سەرەوە ئەتبەنە سەرەوە و ئەگەر بیانبەیتە خوارەوە ئەتبەنە خوارەوە.

پیاوەکان: (کاریگەرەکان) ئەمانە هەڵسوکەوتیان پەیوەندی بە ڕەفتاری کەسی بەرامبەرەوە نیە. ئەمانە کەسایەتیەکیان بۆ خۆیان دروستکردوە و لەسەر بنەمای ئەمە بڕیارئەدەن و بەرنامەڕێژی ژیانیان لەسەر ئەوە دائەنێن کە کەسانی تر کاریگەریان لەسەر دروستنەکەن.

کەسە جوامێرەکان ئەوەندە کاردانەوەیان گەورە و بە حیکمەتانەیە لەبەرامبەر ڕەفتاری ناشرین و ناڕەوای کەسانی تردا تەنانەت کەسە خراپەکارەکان ئەخەنە ژێر کاریگەری خاکی بون و خۆبەدەستەوەدانی گەورەیی و ویقاری خۆیان. لە ڕاستیدا جوامێرەکان بەم کارەیان نەك هەر ناگۆڕرێن بەڵکو هۆکاری گۆڕانکارین و دەستی کەسە خراپەکان ئەگرن لە نزمی و سوکیەوە بۆ گەورەیی و سەرکەوتن. لەبیرمان بێت دڵمان وەك دەریا بێت، دەریا هێمای گەورەیی، ویقار و کاریگەری دروستکردنە. ئەو ڕوبار و لافاوی تیژڕەو و سەرکێش کە بە مەبەستی هێرش و پەلامار بەرەو ڕوی دێن، لە گەورەیی و بە شکۆیی خۆیدا جێئەکاتەوە. کەوایە با دەریا بین نەك ڕوبار.

جوامێر، وەك دەریایە و بەخیل وەك جۆگە، وێڵی بونە دەریا بە، نەك بونە جۆگە.

((خواجه عبدالله انصاری))

*******

ئەتوانرێت بوترێت لەسەر زەوی دو جۆر مرۆڤ هەن:

کەسانێکی ((دوبارە کەرەوە))

وە کەسانێکی ((گۆڕەر))

دوبارە کەرەوە کان کەسانێکن سەیری ڕابردو ئەکەن و ئەوەی لە ڕابردودا ڕویداوە، دوبارەی ئەکەنەوە.

گۆڕەرە کانیش ئەوانەن سەیری ڕابردو ئەکەن و ئەوەی ئێستا خەریکی ڕودانە، ئەیگۆڕن

بۆ ئەوەی دوبارە بوەوەی ڕوداوە کانی ڕابردو نەبن.

تۆ ئەتوانیت یەکێک بیت لە گۆڕەرە کان یان دوبارە کەرەوە کان،

هەڵبژاردن لەدەستی خۆتدایە......

((نیل دوناڵد واڵش))

*******

خۆشبەختترین کەس ئەوەیە لە ماڵی خۆیدا
بۆ خۆشبەختی بگەڕێت.

((گۆتە))

## شێوازی لێنانی خواردنی خۆشبەختی

یەکەم جار، چێشتخانە پڕبکەن لە تاسەی ((ویستن)). دواتر تاوەیەک کە زۆر ((دڵڕفێن)) بێت بخەنە سەر ئاگری ((دڵتەنگی)) و کەوچکێک ((عەشق)) بکەنە ناو ڕۆنی ((ناخۆشیەکان)) بۆ ئەوەی باش سوورببێتەوە و بگۆڕێت بۆ ((خۆشویستن))! دواتر قابلەمەی گەورەی خاڵی و گەورەی ((خۆشبەختی)) بخەنە سەر ئاگری ((جیایی))، دواتر مشتێک ((خۆشەویستی))، شەکردانێک ((پێکەنین))، کەوچکێکی هەنگوین خۆری ((وەفا))، دو فنجانی گەورە ((لێبوردن))، کەوچکێک ((ئارامی))، پیاڵەیەک ((دڵ))، پەرداخێکی گەورە ((لە خۆبوردەیی))، کەوچکێکی مرەبا خۆری ((بەخشین))، کەوگیرێک ((ڕاستگۆیی))، کەوچکێکی چێشتخواردن ((ئارامی))، چەپکێک ((خۆشڕویی))، مشتێک ((سوپاسگوزاری))، خوێدانێک ((عەشق))، کەوچکە چاییەک ((بێدەنگی))، قاپێکی گەورە ((شادی))، مشتێک ((پۆزش))ی تێبکەن! دواتر بە کەوگیری ((ئارامگرتن)) باش تێکیبدەن. دواتر بۆ ئەوەی سوپی خۆشبەختیتان هەڵنەچێت، بە ((میهرەبانی))یەوە فوی لێبکەن!

چەند باشە بۆ خۆشتام بونی سوپی ((خۆشبەختی))، ((دڵتەنگی و دڵ ئێشانەکان))تان بڕێژنە ئاگری ((بەخشین)) بۆ ئەوەی بسوتێن و ببنە خۆڵەمێش!

دواتر باوەشێک ((خۆشحاڵی)) بکەنە قابلەمەکە و باوەشێکی پڕ، ((ڕێز))ی بۆ زیادکەن.

بە ڕاست لە بیرتان نەچێت! مشتێک ((گەشبینی)) چێشتی خۆشبەختی زۆر بە تام ئەکات! ئێستا تەنیا سەرقاڵی شیرینتان کولانی چێشتی ((خۆشبەختیە))! ئێستا ئەتوانن سفرەی ((عەشق)) بە فراوانی ((ئیخلاس)) بلاوبکەنەوە و چلێک گوڵی ((زەردەخەنە)) بکەنە گوڵدانی ((بەخشندەیی)) کە پڕە لە ((فرمێسکی شەوق)).

ئێستا بە شۆڕ و شەوق و تاسەوە ئەملاولا بکەن! دواتر بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێتان کەمبێتەوە، ((چوار قول))ەکەی بەسەردا بخوێنن. دواتر لە ئاگردانی دەستەکانتاندا کە لە ((ئاگری جودایی)) یار، تاوی سەندەوە، مشتێک بەهارات بە نیەتی سەلامەتی خۆشەویستەکتان بکەنە ناویەوە و بە وتنی: خوایە بیپارێزە، ئیلاهی بەرەکەتی تێبکە!

بیگێڕن......

تا خۆشەویستەکەتان لە ڕێوە بگات و ببێتە میوانی نیگا و هاوسفرەی دڵتان! ئای.... چ چێژ و خۆشیەکی هەیە لەگەڵ خۆشەویستدا لەسەر سفرەی عاشقی دانیشتن!

و ((خۆشبەختی)) تیکە تیکە نۆشی گیان کردن و سات بە سات قوم بە قوم ((ژیان)) خواردنەوە! ئێستا مۆسیقاکە هەڵکەن تا ((سەید عەلی ئەسغەر)) بە ئەی ڕەفیقانی تەریقەت، وێنەی ڕەفیقان و هاوڕێیانتان لەبەرچاو بکێشێت......

**((ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عەشقم چارەکەن))**

هەر ڕۆژێکتان بە وردبونەوە لە کارە
گرنگەکانتان بەسەر بەرن.

((جۆن ماکسوێل))

# کارە گرنگەکان

پیاوێك ڕۆشت بۆ سەیری پێشبڕکێیەك لە یاریگایەکدا و لەسەر شوێنی خۆی لە سەرەوەی یاریگاکەدا دانیشت. کاتێك پێشبڕکێکە دەستیپێکرد، بۆیدەرکەوت هەندێك لە کورسیەکان خاڵین. ڕۆشت بۆ سەر کورسیەکی تر و لە تەنیشت پیاوێکدا دانیشت کە کورسیەکەی ئەو لاکەی تری هەر خاڵی بو و پرسی: ((ببورن، ئەم کورسیە نەگیراوە؟))

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: ((نا، نەگیراوە. لە ڕاستیدا جێگەی هاوسەرەکەمە کە ئێستا مردوە. ئێمە لە ساڵی ١٩٤٧ەوە کاتێك هاوسەرگیریمان کرد، هەمو ساڵێك ئەهاتین بۆ سەیری ئەم پێشبڕکێیە.))

– ((زۆر بە داخەوەم، بەڵام ئەی بۆچی لەگەڵ کەسێکی ناسراو یان خزمدا نەهاتیت؟))

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: ((هەمویان ڕۆشتون لە بۆنەی ناشتنی هاوسەرەکەمدا بەشداری بکەن!))

**تێبینی:** کارە گرنگەکان بە جێگیری نامێننەوە. ئەبێت هەمیشە بە کارە گرنگەکانماندا بڕۆینەوە و شیتەڵیان بکەین. بۆچی؟ لەبەرئەوەی بارودۆخ هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە. لە ئەنجامدا شێوازی ئەنجامدانی کارەکانیش ئەگۆڕێن.

بە شێوەیەکی سروشتی بەهاکان بە جێگیری ئەمێننەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ڕاگرتنیان ئەبێت چ کارگەلێك زوتر یان درەنگتر ئەنجامبدەن، ئەگۆڕێت. لەم ڕوەوە ئەبێت بە کێشمان بین.

چو تلخ عیشی من بشنوی به خنده در ای
که گر به خنده در ایی جهان شکر گیرد*

## ئەگەر پێبکەنیت ژیان شیرین ئەبێت

ڕۆژێکی درێژ و پڕ سەرقاڵی بو. کڕیارەکان زۆر بێ حەوصەڵە بون و خزمەتکارێکی تر نەبو بێجگە لەو کچە بۆ ئەوەی وەڵامی کڕیارەکان بداتەوە. بەردەوام لە مێزێکەوە ئەڕۆشت بۆ مێزێکی تر و داواکاریەکانیانی بەجێئەهێنا. لەئەنجامدا پشویەك دروستبو و لەسەر کورسیەك دانیشت بۆ ئەوەی کەمێك بحەوێتەوە. چەند ساتێك تێنەپەڕی بو بەسەر دانیشتنیدا کەسێکی تر هاتە ڕێستورانتەکە. خزمەتکارەکە هەستایەوە و دوبارە سەرقاڵی کارکردن بویەوە.

کڕیارە تازەکە نزیکەی دو مەتر درێژ بو. وەك شمشاڵ درێژ بو و قژە سپیەکەی لە دواوە بەستبو. خزمەتکارەکە لێی نزیك بویەوە و بە بۆڵەوە پرسی: ((چیتان ئەوێت؟))

کڕیارەکە هیچی نەوت. تەنیا زەردەخەنەیەکی نەرمی کرد و چاوی بڕیە ناوچاوی خزمەتکارەکە. خزمەتکارەکە دوبارە وەڵامەکەی پرسیەوە: ((چیتان ئەوێت بەڕێز؟))

کڕیارەکە دەفتەرێکی نوسینی کۆنەی دەرهێنا، شتێکی لەسەر نوسی و دای بە خزمەتکارەکە.

لەسەری نوسرابو: ((من کەڕم، چ خواردنێکتان هەیە؟))

---

* واتە: ((کاتێك باشی ناخۆشی ژیانی من ئەبیستیت پێبکەنە، لەبەرئەوەی ئەگەر پێبکەنیت جیهان شیرین ئەبێت.))

خزمەتكارەكە وەڵامەكەی لەسەر كاغەكە نوسیەوە. كڕیارەكە پرسیارێكی تری نوسی و دیسانەوە ئەویش وەڵامی دایەوە و ئەم كارە چەند جارێك دوبارە بویەوە. پێكەنین نیشتە سەر لێوی خزمەتكارەكە. دواتر خزمەتكارەكە دەستبكرد بە ناساندنی كڕیارە تازەكە بە كڕیارەكانی تر. لە كۆتا لاپەڕەی نوسینەكە ((ڕوخسارێكی پێكەنیناوی)) و ئەم وشانە ئەبینران:

((پێكەنینەكەتان وەك خۆر گەرمە.))

كڕیارەكە لاپەڕە ڕەشكراوەكەی وەرگرت و خوا حافیزی كرد و لە ڕێستورانتەكە ڕۆشتە دەرەوە. كاتێك خزمەتكارەكە ئەڕۆشت بۆ لای كڕیارەكانی تر، دڵی پڕ بو لە شەوق و شادمانی. ئێستا ئیتر گوێی ڕائەگرت لە قسەی كڕیارەكان، وەڵامی ئەدانەوە و خۆشی ئەویستن.

**تێبینی:** ((لویز هی)) ئەڵێت:

**هۆكاری ئەوەی كەپێناكەنن، ئەوە نیە پیر بوبن،**

**بەڵكو پیر ئەبن لەبەرئەوەی پێناكەنن.**

فیزیۆلیژستەكان لەو باوەڕەدان كاتێك ماسولكەكانی ڕوخسار ئەجولێنرێن، میكانیزمەكانی هۆڕمۆنەكان لە مێشكدا چالاك ئەبن. ئەو ماسولكانەی دەموچاو كە بەكارئەهێنرێن بۆ پێكەنین، تورەبون، بێزاری و......، هەمویان پەیوەندیان بە هەستەدەمارەكانی مێشكەوە هەیە. ئەم هەستەدەمارانە پەیامی كیمیایی ئەنێرن بۆ هەمو لەش. پێكەنین كاریگەری ئەرێ ئەكاتە سەر ئەم هۆڕمۆنانە، لە كاتێكدا بارودۆخەكانی تر كاریگەری نەرێیان هەیە لەسەر ئەم هۆڕمۆنانە. لە ڕاستیدا شێوازەكانی ڕوخسار كاریگەری قوڵی هەیە لەسەر بیركردنەوە و هەستەكانمان.

بەم تازەییانە زانا ئەمریكیەكان دەستیانكردوە بە گۆڕانكاری فراوان لەم بوارەدا، بۆ نمونە كاتێك هەندێك كەس ئەخرانە ژێر تاقیكردنەوە و دەستیاننەكرد

بە پێکەنین، ڕێژەی لێدانی دڵیان کەمی ئەکرد، پەستانی خوێنیان دائەبەزی و سیستەمەکانی جەستەیان ئارام ئەبونەوە. لەکاتی پێکەنیندا هەمو گۆڕانکاریەکان بۆ سیستەمی جەستە بەسود بون، لە کاتێکدا گۆڕانکاریەکانی تر، کاریگەری نەرێیان هەبو!

چو لب به خنده گشاید گشاده گردد دل

در ان لبست همیشه گشاد کار چرا

((مەولەوی))

واتە: ((کاتێك لێو بکاتەوە بۆ پێکەنین، دڵیش ئەکاتەوە. هەمیشە بە کرانەوەی ئەو لێوە گرێ کوێرەی کارەکانیش ئەکرێنەوە، بۆچی؟))

لە ئەنجامدا، پێکەنین ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تەندروستی و دورخستنەوەی نەخۆشیدا، تەنانەت کاتێك لە ناخی دڵەوە هەست بە دڵتەنگی ئەکەین، ئەبێت بەردەوام بین لە پێکەنین و یارمەتی سیستەمەکانی جەستەمان بدەین بۆ ئەوەی ئارام ببنەوە. لەبەرئەوەی خودی ژیان، شادیە!

زاناکان گەیشتونەتە ئەم ئەنجامەی کە: ئەرکی سەرەکی زەردەخەنە و پێکەنین، کەمکردنەوەی پەستانی دەرونی و دڵتەنگیە کە بە گەورەترین هۆکاری تەندروستی دائەنرێت لە سەدەی بیستەمدا!

**حەکیمێك ئەڵێت:**

**پێکەنین پاڕانەوەیە.**

**ئەگەر بتوانیت پێبکەنیت، فێربویت چۆن بپاڕێیتەوە**

**جددی مەبە!**

**ناوچاو گرژ هەرگیز ناتوانێت خواپەرست بێت!**

**کەسێك کە ئەتوانێت پێبکەنێت،**

کەسێك کە گاڵتەجاڕی و یاری ژیان ئەبینێت، پێئەکەنێت.
و لە قوڵایی ئەم پێکەنینەدا ئەگەن بە ڕۆشنبونەوەی دەرون (ئیشراق).
با پێکەنینت لە ناخی دڵەوە بێت.
پێکەنینێکی لەم شێوەیە دیاردەیەکی دەگمەنە!
کاتێك هەر خانەیەکی جەستەت پێبکەنێت،
کاتێك هەر گەردێکی لەشت لە شادیدا بلەرزێت،
گەیشتویت بە ئارامیەکی گەورە!

((سعدی))یش ئەڵێت:

زنهار از ان تبسم شیرین که می کنی

کز خنده شکوفه سیراب خوشترست

واتە: ((کاتێك ئەو پێکەنینە ئارامی بەخش و شیرینە ئەکەیت، لە کرانەوەی گوڵ جوانترە.))

((ویلیام جەیمز))یش ئەڵێت:

ڕۆڵی مێشك لە چۆنێتی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکاندا زۆرترە لەوەی زۆرێك لە خەڵکی وێنای ئەکەن. لە ڕاستیدا زۆر دور نیە لە واقعەوە، ئەگەر بڵێین مێشك، لێپرسراوی هەمو نەخۆشیە جەستەییەکانە و ئەگەر بتوانرێت مێشك بە ئارامی ڕابگیرێت و چالاکیەکانی هاوسەنگ بکرێت، لەش هەڵێکی باشی لەبەردەستدا ئەبێت بۆ پەیرەویکردنی و تاکە ڕێگەی ئارامی مێشك پێکەنین و شادمان بونە.

((کریستن بوبن))یش وتویەتی:

پێکەنین تەنانەت کاتێك لەسەر لێوی مردوش بێت، هێشتا هەر جوانە!

((عەتار))یش ئەڵێت:

چو بە خندە لب گشایی دو جهان شکر بگیرد

بە نزارەی جمالت همە تن شکر بگیرد

واتە: ((کە پێئەکەنیت و لێوت ئەکەیتەوە هەردو جیهان شیرین ئەبن، کاتێك سەیری جوانیت بکرێت، لەشیش شیرین ئەبێت.))

مرۆڤ کاتێك دەستیکرد بە ژیان ک
توانی بیر لە سەروی خۆی بکاتەوە.
((ئەلبێرت ئەنشتاین))

# خوێندنەوەی نێوان هێڵەکان

ماوەیەك لەمەوبەر وتارێکم خوێندەوە دەربارەی یەکێك لە ژنە ئەکتەرە بەناوبانگەکان، کە حەزنەکەم لەم کتێبەشدا بۆ ئێوەی بگێڕمەوە:

ئەوەی بوە هۆی گۆڕینی تێڕوانینی لە ژیاندا، شانۆنامەیەك بو. ئەو بەهۆی بونی دایك و باوکێکی ئەکتەر، لە هۆلیود ئەژیا. ئەو شوێنەی بو بوە هۆی ئەوەی ((مندالێکی وەحشی)) لێدروست ببێت.

لە گەنجێتیدا بەهۆی بەکارهێنانی خراپی مادەی هۆشبەر و ڕەفتاری نارەواوە، بوە ویردی سەر هەمو زمانێك. تەنانەت سەرکەوتنی فیلمەکانیشی کاریگەریەکی لەبەرچاوی لەسەر جێنەئەهێشت. لە وتارەکەیدا ئەنوسێت: ((هەمیشە ئەمزانی سروشتیی نیم. ئەو کاتانەم لە بیرە ڕێك دوای سەرکەوتنی فیلمەکانم، نارەحەترین کاتەکانم تێئەپەڕاند. لە ڕوی داراییەوە گرەنتی ژیانم هەبو و خۆشەویست بوم. لەبەرئەمە بیرمئەکردەوە ئەبێت شاد بم لە کاتێکدا هەرگیز شاد نەبوم.))

بە خوێندەوەی شانۆنامەیەك بەناوی ئەو دیو سنورەکان (کە تێیدا ژنێك لێکۆڵینەوەی لەسەر کەسە بێ ماڵوحاڵ و مندالە هەتیوەکان ئەکرد) وتی:

((شتێك لە دەرونمدا زیندو بویەوە ئەیویست بزانێت بەڕاستی ئەم فیلمە دەربارەی چیە؟ ئایا ئەم کەسانە هەن لە دنیادا؟ ئەم هەموە بێ ماڵوحاڵ،

قوربانی شەڕ و کارەساتبارانە؟!)) لەبەرئەمە دەستیکر بە گەشت بە دەوری دنیادا. لەم بارەوە ئەڵێت:

(( گەورەترین وانەکانی ژیانم لەم گەشتانەوە فێربوم و بەڕاستی هەمو ژیانم گۆڕا.)) ئەو ڕۆشت بۆ کەمپە جێگیرکراوەکانی تانزانیا، ساحلی عاج، کامبوج، پاکستان و تایلەند. تێڕوانینی بە گشتی گۆڕا و بۆیدەرکەوت جیهان لە کەسانی تر دروستبوە، کەسانێك کە لە هەلومەرجێکی ترسناکدا ئەژین و ئەبێت ئەم یارمەتیان بدات. کاتێك لێپرسراوانی پلە بەرزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داوایان لێکرد ببێتە نوێنەری ئاشتی ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ٢٠٠١ دا، بە گەرمیەوە ئەم داواکاریەی قبوڵکرد. لەبەرئەمە دەستیکرد بە بەخشینەوەی پارە بەسەر هەژار و هەتیوەکاندا و لەیەك جاردا، سێ ملیۆن دۆلاری بەخشی بە کۆمەکیکارانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. خۆی ئەڵێت: ((بە ڕۆڵبینینم لە فیلمەکاندا پارەم زۆرم بەدەستئەهێنا.)) هەروەها منداڵێکی کامبوجی بە کوڕی خۆی قبوڵکرد. بەم تازەییانە گۆڤارێکی ناسراو، ناوی لە لیستی بیست و نۆ کەسی خۆشەویستی جیهاندا هێناوە. ئەو بانگەشەی ئەوە ئەکات تا ئێستا یەك لەسەر سێی دارایی تەرخانکردوە بۆ هاوکاری و کاری خێرخوازی.

ئەم ژنە تێڕوانینی خۆی لەم ساڵانەدا بە تەواوی گۆڕیوە: ((سەرئەنجام، لەم دنیایە دەرئەچم، لە کاتێکدا لە چەند فیلمێکدا ڕۆڵم بینیوە و هەندێك خەڵاتم وەرگرتوە کە هیچ گرنگیەکیان نیە. بەڵام ئەگەر بتوانم قوتابخانەیەك بکەمەوە، سەرپەرشتی منداڵێك بکەم، یان ببمەهۆی ئەوەی ژیانی کەسانی تر باش ببێت، هەست بە خۆشبەختی ئەکەم و ژیانم باشتر ئەبێت.))

ئەگـەر خوازيـاری ئـارامیی دەرونـین،
نیگـەرانیی بـە بـچوك و کـەم بايـەخ
تەماشاکەن.

((ديل كارينگی))

## نیگەران مەبن

ڕۆژێك شكسپیر ڕۆشت بۆ بينينی يەكێك لە هاوڕێكانی کە زۆر نیگەران بو. بە هاوڕێكەی وت: ((تەنیا دو شت هەیە هۆكاری نیگەرانی بێت: يان تەندروستيت يان نەخۆش! ئەگەر تەندروستيت، باشە، نیگەرانی ناوێت، بەڵام ئەگەر نەخۆشيت دو نیگەرانی هەیە: باش ئەبيتەوە يان ئەمريت!

ئەگەر باش ببيتەوە، باشە نیگەرانی ناوێت. بـەڵام ئەگـەر بمريـت، دو نیگـەرانی هەیە: ئەچيتە بەهەشت يان دۆزەخ!

ئەگەر بچيتە بەهەشـت، باشـە نارەحـەتی ناوێـت، بـەڵام ئەگـەر بچيتە دۆزەخ، سەرقاڵ ئەبيت بـە هيـوای بـاش خواسـتن لەگـەڵ هاوڕێكەتـدا و مـاوەت نابێـت بۆ نیگەرانی و دڵ نارەحەتی! ئيتر نارەحەتی چيت؟))

**تێبينی:** نیگەرانی ئەو خـەياڵ پلاويانـەن هێشتا ڕويـان نـەداوە. بۆ نمونـە بـە ئۆتۆمبێلەكەتان ئەڕۆن بۆ شوێنكارەكەتان و لە ناكاو دەربـارەی ئـەنجامی ڕوداوە نەرێكانی ئەو كۆبونەوەی هێشتا نەبەستراوە و هێشتا تێيدا بەشداريتان نـەكردوە، دڵتەنگ و نیگەرانن. نیگەرانی بابەتێكی هزری و نەرێيە و لەبەرئەمە وزەيـەكی بير تێكدەر و وێرانكەرە. نیگەرانی لە ڕاستیدا تەركيز و وشيارية بۆ بابەتێكی ئاينده. كاتێك بير لە سـاتی ئێـستا ئەكەنـەوە، نیگـەرانی كـە بابـەتێكی هزريـە، نامێنێت. نیگەرانی جۆرێك بێ جوڵەيی، جۆرێك بێدەنگيە.

نیگەرانی لە شێوە و ڕەهەندی جیاوازدا دەرئەکەوێت، بەڵام ئەنجامە نەرێکانی چاوەڕوانکراوە. لە ژێرەوە نمونە گەلێك لەم بارەوە هاتوە:

– نیگەرانی دەربارەی کارێك ئەنجامتان داوە و دڵەڕاوکەی ئەوەتانە لە داهاتودا نەبێتە کارتان.

– نیگەرانی دەربارەی ئەو بابەتەی کە حەزتان لێیەتی، بەدەستی نەهێنن.

– نیگەرانی دەربارەی ئەوەی ئەندامانی خێزان یان هاوڕێکانتان چۆن هەڵسوکەوت ئەکەن لە هاوڕێیەتی کردنتان.

– نیگەرانی ئەوەی ئەو پڕۆژەی لەبەردەستتاندایە لە کاتی خۆیدا تەواوی نەکەن.

– نیگەرانی لەوەی کارەکەتان لەدەست بدەن و توشی بێزاریەکانی دوای ئەوە ببنەوە.

– نیگەرانی ئەوەی تەندروستی ڕۆحی و جەستەییتان لە دەستبدەن.

– نیگەرانی لەوەی نەتوانن قەرزەکانتان بدەنەوە.

– نیگەرانی ئەوەی ئەو پڕۆژە و بەرنامانەی داتان ڕشتون، وەك خۆیان نەچنە پێشەوە.

نیگەرانی ئەبێتەهۆی جۆرەها زیانی وەك لەدەستدانی تەندروستی، عەشق، پارە، کار و سەدان بابەتی تر. نیگەرانی و ترس دو ڕوی یەك دراون، بەو جیاوازیەی کە نیگەرانی بیر و شڵەژانی نەرێیە، دەربارەی ئەوەی ئەگەری هەیە ڕوبدات، ترس وێرانکەری جەستە و دەرونتانە دەربارەی ئەو شتەی ڕویداوە. هەردوکیان ناسروشتی و وێرانکەرن.

نیگەرانی بڕیاری ڕاست و جێگیر نادات و کارێکی ئەرێ ئەنجام نادات. لەبەرئەم نیگەرانی ڕەوتێکی نەرێیە لەسەر ڕێتاندا و پێویستە بۆ بەدەستهێنانی وزە و چوست و چالاکی زیاتر، لە ژیانتان بیکەنە دەرەوە.

نیگەرانی بە سەرنجدان لە ساتی ئێستا، لە خۆتان دورخەنەوە.

لەو ڕووەوە کە نیگەرانی شتێك نیە بێجگە لە کۆبونەوەی بیرە نەرێ و وێرانکەرەکان، لەبەرئەمە بە نیگەران بون کات و ساتێکی زۆر لەدەست ئەدەین و دواتر هەر ئەم نیگەرانیانە، سێبەرێکی ڕەش دروستئەکەن لەسەر بیر و ژیانمان. نیگەرانی ئیفلیج کەرە، لەبەرئەوەی تەواوی مێشك و بیرکردنەوەمان بەرەو داهاتویەکی نەرێ و هەراسانکەر ڕێنمایی ئەکات. لە لایەکی ترەوە لاوازی و بێ توانایی، لە ڕاستیدا چێژلە ئێستادا ژیانمان لێئەسەنێتەوە و ئەیداتە دەست بێهودەیی و پوچێتی. هەروەها لەبەرئەوەی بیری مرۆڤ، ژیانی دائەڕێژێت، لەبەرئەمە هەر شتێك مرۆڤ بیری لێبکاتەوە ڕوئەدات. لەبەرئەمە بەنیگەرانی هەم ئێستا لەدەست ئەدەین و هەمیش داهاتویەکی نەرێ و ئەزمونێکی نەرێ بۆ داهاتوی ژیانمان دائەنێین. ئێمە ناچار نین بە وشیاریەوە کارێك بکەین کە نیگەرانی بەدیبێنێت. لە کاتی بێئاگایی و گوێ پێنەداندا نیگەرانی دروست ئەبێت. بە دەربڕینێکی تر، ئەبێت بە وشیاری و ئاگاییەوە کار بکەین، واتە بۆ نەهێشتنی نیگەرانی هەمو سەرنجمان بخەینە سەر ساتی ئێستا و ئەم چرکەیە. بۆ سڕینەوەی مێشك لە بیرە نەرێ و وێرانکەرەکان، بیر لە شتە شاد و ئەرێکان بکەینەوە. مێشکی مرۆڤ ناتوانێت لەیەك کاتدا هەم بیری نەرێ و هەم بیری ئەرێی هەبێت. لەبەرئەمە کاتێك بیر لە خاڵە ئەرێکان بکەینەوە، شوێنێك نامێنێتەوە بۆ بیرە نەرێکان و لە ئەنجامدا ڕزگارمان ئەبێت لە بیرە وێرانکەرەکان.

## سەرنج لە چیرۆکێکی تری مەلا نەسرەدین بدەن:

ڕۆژێك مەلا ئەیویست سواری کەر ببێت، لەبەرئەمە بازێکی بەرزی دا، ئەوەندە بە بەهێزی کە لەو دیو کەرەکەوە دای بە زەویدا. خەڵکی پێی پێکەنین، مەلا وتی: ((پێکەنینی ناوێت؛ من لەسەر زەوی بوم، ئێستاش هەر لەسەر زەویم، ئەمویست سواری کەر ببم، نەکرا!))

خاڵێکی گرنگ لە قسەکانی مەلادا هەیە:

لە ئەنجامدانی کارەکاندا، نابێت ئەوەندەش نیگەرانی شکست بین. ئەبێت خۆمان بخەینە مەترسیەوە و ئەگەر سەرنەکەوتین شتێکی گرنگمان لە کیس نەچوە.

## ((دیل کارینگی)) ئەڵێت:

**کاتێك خۆمان ئامادەبکەین بۆ خراپترین بارودۆخ، نیگەرانی کاریگەری لەسەرمان نابێت.**

## لە شوێنێکی تریشدا ئەڵێت:

**تێپەڕینی کات خۆ بە خۆ نیگەرانیەکان لە ناو ئەبات.**

## ((ویلیام جەیمز))یش لەو باوەڕەدایە:

**کاتێك بڕیارێك درا و بێ دواکەوتن خرایە قۆناغی جێبەجێکردن، بە گشتی ترس و نیگەرانی دەربارەی دەرئەنجام و کۆتایی کار لە ناوئەچێت.**

**((برایان تریسی)یش ئەڵێت:**

**مێشك بە هەر حاڵ بە خاڵی نامێنێتەوە، بە بیری ئەرێ پڕیکەنەوە بۆ ئەو پەرێشانی و نیگەرانی جێیان نەبێتەوە تێیدا.**

**قوڵایی نیگەرانیمان، نیشانەدەری دووریمانە لە خواوە.**

## شاری چاڵەکان

لە دێرین زەمانـدا شـارێك هـەبو بـە نـاوی شـاری چـاڵەکان. شـارێك کـە دانیـشتوانەکەی بـە پێـچەوانەی تـەواوی شـارەکانی هەسـارەکەوە، مـرۆڤ نـەبون. دانیشتوانی ئەم شارە چاڵەکان بون. چاڵی زیندو. هەرچەندە لە کۆتاییدا هەر چاڵ بون.

ئەم چاڵانە جیاواز بون لە یەك، نەك لەبەرئەو شوێنەی تێیدا هەڵکەنرابون بەڵکو لەبەر ئەو دەمە بـە بـەرد هەڵـچنراوانەیان کـە ئەیانبەسـتنەوە بـە دنیـای دەرەوە. هەندێکیان چاڵ گەلێك بون زۆر دەوڵەمەنـد و لـە خۆبـایی بـە دەمـی هەڵـچنراو بـە مەرمەڕ و کانزا بە نرخەکان و هەندێکیان چاڵ گەلی هەژار بون بە دەمـی خشتی و تەختەیی هەڵچنرابون. هەندێکیشیان زۆر لاوازتر بون لە چاڵە هەژارەکان و بێ دەم بون و تەنیا چاڵێك بون لە زەویدا.

پەیوەندی لە نێوان دانشتوانی ئەم شارانەدا لـە ڕێگـەی دەمەکانـەوە بـو و بـەم شێوەیە هەواڵەکان زۆر زو لە خاڵێکەوە ئەگوێزرایەوە بۆ خاڵێکی تر.

ڕۆژێکیان، بۆنەیەك کە لە یەکێك لە شارە بچوکەکانی مرۆڤەکانـدا بـو بـوە بـاو، لەم شارەدا بلاو بویەوە. بـە پێـی ئـەم بۆنـە تازەیـە، هـەمو ئـەو کەسـانەی زیاتر ئاگاداری دەرونیان بون تا دەرەوەیان، لە هـەموان زیاتر شـانازیان بـە خۆیانـەوە ئەکرد، لەبەرئەوەی بە پێی ئەم بۆنەیە، ئەوەی لە دەروندا بو گرنگترین شت بـو، نەك شتە لاوەکی و دەرەکیەکان.

بەم شێوەیە، چاڵەکان دەستیان کرد بە پڕکردنی خۆیان لە شتە جیاوازەکـان. هەندێك خۆیان پڕکرد لە زێڕ و بەردی گرانبەها و جوان و هەندێکیش خۆیان پڕکرد

لە کەلوپەلی ماڵەوە و دەزگا میکانیکیەکان و هەندێکیش خۆیان سەرقاڵ کرد بە هونەرەوە و دەرونیان پڕکرد لە تابلۆ، پیانۆ و پەیکەرە دەستکردەکان و لە کۆتاییدا ڕۆشنبیرەکان، خۆیان لە کتێب، بڵاوکراوە جیاوازەکانی قوتابخانەکان تەریقەتەکان، ئایدۆلۆژیاکان و گۆڤارە تایبەتەکان پڕکرد.

ماوەیەک تێپەڕی، زۆرینەی چاڵەکان ئەوەندە پڕ بوبون چیتر شوێنی شتێکی تریان تێدا نەئەبویەوە. چاڵی هەموان وەک یەک نەبون، هەندێک ڕاهاتن لەگەڵ ئەو بارە واقعیەدا و ئەلبەتە چاڵ گەلێکیش هەبون وا بیریانئەکردەوە ناچارن بۆ بەردەوامی ئەم بارە، ئەبێت شتی زیاتر بخەنە دەرونیانەوە.

تا ئەوەی هەندێکیان لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاودا و کەوتنە سەر ئەو بیرەی لە جیاتی پەستان خستنە سەر خۆیان، گونجانیان بگۆڕن و فراوان ببن. هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر ئەم بیرۆکەدا تێنەپەڕی بو کە تەواوی چاڵەکان زۆرترین وزەی خۆیان سەرفکردبو بۆ فراوانتر بون بۆ ئەوەی بتوانن کەشێکی گەورەتر لە دەرونیاندا بەدیبێنن.

چاڵێکی بچوک و دورکەوتە، کاتێک بینی هاوڕێکانی بێ ئەندازە فراوان بون، بیریکردەوە ئەگەر ئەمانە بەم شێوەیە فەخر بفرۆشن و خۆیان گەورە بکەن، بەم زوانە دەوروبەریان ئەڕوخێت و هەریەکەیان شوناسی خۆیان لەدەست ئەدەن.

چاڵە بچوکەکە هەر لەو کاتەدا کەوتە سەر ئەو بیرەی ڕێگەی تر هەیە بۆ زیادکردنی توانای شت گرتنی خۆی، واتە خۆی گەورە بکات بەڵام نەک لەملاو ئەولاوە بەڵکو بەرەو قوڵایی. لەبەرئەمە ئەبوایە لە جیاتی فراوان بون، قوڵتر ببوایە بەڵام هەر زو بۆیدەرکەوت ئەو شتانەی لە دەرونیدان، ڕێگرن لە قوڵبونی لەبەرئەمە ئەبوایە قوڵتر دەرونی خاڵی بکردایەتەوە.

سەرەتا لە خاڵی بونەوە ئەترسا، بەڵام کاتێک بینی ڕێگەیەکی تر نیە بۆ قوڵبون، دەستیکرد بە خۆ خاڵیکردنەوە لە ئەوەی کە لە دەرونیدا بو و ئەوانی تر بەهێزتر ئەبون بەو شتانەی ئەم لە دەرونی ئەیکردنە دەرەوە. لە ناکاو ڕۆژێک زۆر سەری سوڕما، لەبەرئەوەی لە دەرونیدا واتە لەقوڵایی ناخیدا ئەویش لە قوڵ ترین خاڵیدا، هەستی بە هەڵقوڵینی ئاو کرد.

تا ئەو کاتە هیچ چاڵێک ئاوی نەدۆزیبوەوە. کاتێک سەرسوڕمانەکەی نەما، دەستیکرد بە یاریکردن بە ئاو و تەڕکردنی دیوارەکانی تا ئەوەی ئاو لە دەمەکەیەوە هاتەدەرەوە و ڕەوان بو.

شارەکە بێجگە لەو کاتانەی باران ئەباری، هیچ کاتێک ئاوی نەدرابو و لەبەرئەمە زۆر وشك بو.

بەم بارە تازەیە، زەویەکانی دەوروبەر ژیانەوە و خەبەریان بویەوە. تووەکان سەوزبون و کێڵگەکانیان بەرهەمهێنا و گوڵەکان چزویان دەرکرد و نەمامە بچوك و لاوازەکان بەرەبەرە گۆڕان بە درەخت. بە کورتی، ژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ لە دەوروبەری چاڵەکەدا دروستبو، شوێنێك کە ناویان لێنا باخچە.

هەموان پرسیاریان لێئەکرد: ((ئەم جوانیە سەرنجڕاکێشەت لە کوێ هێنا؟))
ئەویش لە وەڵامدا ئەیوت: **((هیچ موعجیزەیەك لە ئارادا نیە، تەنیا ئەبێت شۆڕبیتەوە بۆ قوڵایی دەرون، بەرەو قوڵترین شوێن.))**

زۆرێک حەزیان ئەکرد وەك ئەو چاڵە بەردەوام بن بەڵام هەر زو دەستیان هەڵئەگرت، لەبەرئەوەی بۆ ڕۆشتن بۆ قوڵایی ئەبوایە سەرەتا خۆیان خاڵی بکردایەتەوە. لەبەرئەمە بەردەوام بون لە فراوان بون و هەر جارە و لە جاری پێشوتر زیاتر سودیان لە شتانێکی جیاواز وەرئەگرت بۆ خۆ پڕکردن.

لەو لاکەی تری شارەکە، چاڵێکی تر بڕیاریدا ڕیسکێکی هاوشێوە ئەنجامبدات – خۆ خاڵیکردنەوە– و ئەویش سەرئەنجام گەیشت بە ئاو. دواتر ئاوی ئەم چاڵەش هاتەدەرەوە و دوەمین کێڵگەی سەوز لەوبەر شارەکەوە دروستبو.

پرسیاریان لێکرد: ((کاتێك ئاوەکەی ئاوەوەت تەواو بو چی ئەکەیت؟)) وەڵامی ئەدایەوە: ((بە ڕێکی نازانم چ ڕوداوێك ڕوئەدات، بەڵام حاڵی حازر هەرچەند زیاتر ئاو هەڵئەگۆزم، ئاوێکی زیاتر دێتەدەرەوە.))

چەند مانگێك بەسەر ئەم ڕوداوە گەورەدا تێپەڕی تا ئەوەی ڕۆژێك بە ڕێکەوت هەر دو چاڵەکە بۆیان دەرکەوت، ئەو ئاوەی لە ناوەوەیاندا دۆزیویانەتەوە یەك شتە. واتە ئاوەکەی هەردوکیان لە یەك دەریاچە یان جۆگەی زەویەوە سەرچاوە ئەگرێت.

ئەوان بۆیاندەرکەوت ژیانێکی تازەیان دەستپێکردوە، لەبەرئەوەی نەك تەنیا وەك ئەوانی تر ئەیانتوانی لە دەرەوە پەیوەندیان هەبێت بە یەکەوە، بەڵکو ئەم کۆششە دەرونیە، ئەگەری پەیوەندیەکی دەرونیشی بۆ بەدیهێنابون، پەیوەندیەکی قوڵ لە خاڵێکی تازەدا کە تەنیا لە نێوان خۆیاندا بو.

**تێبینی:** ئەوانەی بوێری خاڵیکردنەوەی دەرونیان هەیە و لە قوڵایی دەرونیاندا ئەگەڕێن، ئەوانەن کە ئەتوانن ببەخشن.

((خورخێ بوکای))

# باوەڕ هێزی دەرونە

قوتابییەك لە مامۆستاکەی پرسی: ((ئایا شتێك هەیە لە پەرستش گرنگتر؟))

مامۆستا بە قوتابیەکەی وت بڕوات چڵێك لە درەختێکی ئەو دەورووبەرە لێبکاتەوە. قوتابیەکە بە گوێی کرد و ڕۆشت. چڵێکی لە درەختەکە کردەوە و گەڕایەوە بۆ لای مامۆستاکەی.

مامۆستا پرسی: ((ئایا درەختەکە هێشتا زیندوە؟))

قوتابیەکە وەڵامی دایەوە: ((وەك پێشتر زیندوە.))

مامۆستا وتی: ((ئێستا بڕۆ ڕەگەکانی ببچڕێنە.))

قوتابیەکە وتی: ((ئەگەر ئەم کارە بکەم، درەختەکە وشك ئەبێت.))

مامۆستا وتی: ((پەرستش چڵی درەختێکە کە باوەڕ ڕەگەکەیەتی. باوەڕ بێ پەرستش، لەوانەیە هەبێت بەڵام پەرستش بێ باوەڕ نابێت.))



جۆن ستیوارت میلێ دەربارەی مرۆڤ ئەڵێت:

**مرۆڤێکی باوەڕدار، بەرامبەرە بە نەوەد و نۆ کەسی تاسەمەند!**

هەمو مرۆڤەکان پێویستیان بە یارمەتی یەکتر هەیە

((برتولت برشت))

## یارمەتیدانی کەسانی تر

رۆژێك پرسیان لە دکتۆر ((کارڵ منینجەر)) دەرونناسی بەناوبانگ کرد: ((ئێوە چ پێشنیارێك ئەکەن بۆ کەسێك کە نەخۆشیەکی دەرونی هەبێت.))

ئامادەبوان چاوەڕانی ئەوە بون دکتۆر منینجەر پێشنیاری بینینی کەسێکی پسپۆڕ بکات. بەڵام ئەو ئەم کارەی نەکرد. وتی: ((ئامۆژگاری ئەو کەسە ئەکەم دەرگای ماڵەکەی دابخات و بڕوات بۆ شارێکی تر و کەسێکی ماتاج بدۆزێتەوە و یارمەتی بدات.))

**تێبینی:** یارمەتی خەڵکی بدەن، وەك ئەوەی خۆتان چاوەڕانی کەسانی ترن یارمەتیتان بدەن کە ئەم یارمەتیە هەستی خۆشحاڵی و شادیتان تیائەچێنێت. یارمەتی کەسانی تر هەستێکی خۆشتان پێئەدات کە نیشاندەری باوەڕ بەخۆبونێکی بەرزە. ڕەوتی یارمەتیدانی کەسانی تر بێ چاوەڕانی یان وەرگرتنەوەی شتێك لە بەرامبەریدا، باوەڕ بە خۆبونی کەسەکە بەرز ئەکاتەوە. کەسێکی تەندروست تەنیا پێویستی بە وەرگرتن نیە، بەڵکو پێویستی بە بەخشینیشە.

باشترین خۆشبەختی، یارمەتی و دەستگیرۆیی کەسانی ترە.

((ئەلبێرت هوبان))

در بخشش و دادن امد پدید ببخشید
دانا چنان چون سزید*

((فردوسی))

## با دەوڵەمەندانەتر بژین

پەیکەرسازیی ڕۆبیانەکان لەدەرەوەی لاشەیانەوەیە و ئەوترێت هەر ڕۆبیانێك لەماوەی تەمەنیدا نزیکەی بیست جار پێست لە خۆی دائەماڵێت. هۆی ئەمە ئەوەیە ڕۆبیان ئەیەوێت لاشەی گەشەکردوی لە ناو پێستەکەیدا جێبکاتەوە.



لەوانەیە ئێمەی مرۆڤ بتوانین وانە لەم کارەی ڕۆبیانەکان وەربگرین. ئایا پێستێك لە دەرونماندا هەیە پێویست بە داماڵین بکات؟ لەوانەیە هەر ماوە و جارێك لێکۆڵینەوە لە ژیان و داماڵینی هەندێك لە پێستەکان بۆ مرۆڤ بیرێکی باش بێت، لەبەرئەوەی مرۆڤی گەشەکردو هەمیشە ئەبێت پێستە کۆنەکەی لاببات.

مرۆڤی ڕەشبین بە گومان و دودڵیەکانی سنوردار ئەبێت، بە گومانەکانی دیل ئەبێت و زیندانیی ناجێگیری و ڕەگ دانەکوتراویەکانیەتی. مرۆڤی گەشبین بە یارمەتی باوەڕەکەی ئازاد ئەبێت، بە ئومێدەکەی شۆڕ و شەوق ئەیگرێت و بە باوەڕ بە خۆبونی، بوێری و پێداگری زیاد ئەکات.

لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبێت پێستەکانی هاوشێوەی بەخیلی، لە خۆبایی بون، توڕەیی و ڕق بخەینە لاوە. ئەوەی جیهانی ئەمڕۆکە پێویستی پێیەتی شۆڕ و

* واتە: ((لە بەخشین و پێدانەوە شت دێتە بون، ببەخشن لەبەرئەوەی داناکان وا ژیاون.))

شـــەوقێکی لێوڕێـــژە بـــە عەشـــق. شـــۆڕ و شـــەوقی عەشـــقێک کـــە دەروازە دەوڵەمەندەکانی ژیان ئەکاتەوە بە ڕوی مرۆڤەکاندا. لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبێت پێـــستەکانی خۆپەرســـتی و ســـنوردار بیرکردنـــەوەمان دامـــاڵین و چوارچێوەی خۆپەرستیمان سنوردارتر کەین. مرۆڤی بەخشندە، شادترین و دڵخۆشترین مرۆڤی سەر زەویە. دەرونی پڕ لە گیانفیدایی، جوانترین دەرونی جیهانە. وەرن کردەوەی حەکیمە پێشینەکان بکەینە سەرمەشقی کردەوەکانمان و لـە نـاخی دڵـەوە و بێ هیچ گومان و دو دڵیەك، لەسەر ڕێگەی بەخشین و فیداکاری هەنگاو هەڵبێنین.

(ویلیام ئارتۆر وارد)

مرۆڤی ڕاستەقینە هەمیشە جیهان و بونەوەر دەوڵەمەنـدتر ئەکات و شتێك لە خۆی ئەبەخشێت بە بونەوەر.

(ئەریك نیوتن))

دەرزیەك بكە بە خۆتدا، سوژنێك بە خەڵكی دا!

## ئەوەی بۆ خۆت بە ڕەوای نابینی...

پیاوێك ڕۆشتە ڕێستورانتێك و خواردنێكی ڕێكوپێكی داواكرد. دوای تێربون، بەڕێوبەری ڕێستورانتەكەی بانگكرد و وتی: ((پارەم پێ نیە و لەبەرئەوەی زۆر برسیم بو هیچ چارەیەكی ترم نەبو بێجگە لەمە.))

بەڕێوبەری ڕێستورانتەكە وتی: ((بە مەرجێك دەستت لێهەڵئەگرم بچیت بۆ ڕێستورانتەكەی بەرامبەرمان و ئەو بەڵایەی بەسەر ئێمەتدا هێنا بەسەر ئەویشیدا بێنیت.))

پیاوەكە پێكەنی و وتی: ((داوای لێبوردن ئەكەم، یەكەمجار ڕۆشتم بۆ ئەو ڕێستورانتە و ئەویش هەر ئەم داوایەی تۆی لێكردم و ئەوەتا منیش دواكاریەكەیم بە جێهێنا.))

**تێبینی:** ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە بۆ خەڵكیش پێتخۆش بێت و ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆش نیە بۆ كەسانی تریش پێتخۆش نەبێت.

> **كاتێك لەگەڵ خەڵكیدا ڕەفتارێكی باشترمان هەبێت لەوەی ئەوان هەیانە لەگەڵماندا، ئەگەینە ئاستێكی باڵاتر.**
>
> (جاكسۆن ماكسۆڵ)

ئەگەر ئەتەوێت لە ئاستێکی بەرزتردا بیت
ئەبێت بریسشت هێندەی ئەو ئاستە
بەرزکەیتەوە.

((جۆن ماکسوڵ))

## ڕاوێژکارەکانتان کێن؟

چیرۆکێکیان دەربارەی ((مارك ڤیکتۆر هەنسن))، وتاردەری لێهاتوی دروستکەری ئیمپراتۆریەتی سوپی مریشك بۆ ڕۆح، گێڕاوەتەوە کە شایەنی گوێلێگرتنە.

ئەو ساڵانێك لەمەوبەر، بەر لە سەرکەوتنە گەورەکەی، لە کۆبونەوەیەکدا نزیك ئەبێتەوە لە ((ئەنتۆنی ڕۆبینز)) و لێی ئەپرسێت: ((تۆنی، پرسیارێکم هەیە. ئەزانیت من ماوەیەکی زۆرە وتاربێژی ئەکەم و کارەکەشم بە باشی ئەنجام ئەدەم، ساڵانە یەك ملیۆن دۆلارم دەست ئەکەوێت بەم کارەم. بەڵام ئەزانم تۆ ساڵی ڕابردو بە وتار و وانە و کتێب و سیدیەکانت ١٦٥ ملیۆن دۆلار دەرامەتت هەبوە، چی ئەکەیت بەم شێوەیەیت بۆ ئەوەی منیش ئەو کارەی تۆ ئەنجام بدەم.))

ڕۆبینز ڕوی وەرئەگێڕێت بۆ لای هەنسن و ئەپرسێت: ((لە ناو ڕاوێژکارەکانتدا چ کەسانێك هەن؟ ڕاوێژکارەکانی من کۆمەڵێك کەسی هاوباوەڕ و هاوسەلیقەن کە لەگەڵ یەك کۆبونەتەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی نوێ دابهێنن.))

هانسن وەڵام ئەداتەوە: ((ملیۆنێرەکان، هەمومان ملیۆنێرین.))

ڕۆبینز وتی: ((هەڵەکەت هەر لێرەدایە، ئەبێت بگەڕێیت بۆ ملیاردێرەکان و لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەیت. ئەوان ئەتگەیەنن بەو شوێنەی خۆیان پێی گەیشتون!))

چڵێکی سەوز لە دڵتدا بپارێزە، تا باڵندەیەکی دەنگخۆش لەسەری بنیشێتەوە.

((پەندی چینی))

## چڵە سەوزەکان

ئەو پێنج چڵەی مرۆڤ ئەبێت لە دڵیدا بیانپارێزێت، بریتین لەمانە:

### شادی:

شادی نەک هەر ڕێگەیەکی گوێزراوەیە، بەڵکو کێش ئەکرێت و وەرئەگیرێت. باڵندەی دەنگخۆشی سەرکەوتن بەرەو لقی سەوزی شادی کێش ئەکرێت. ئەو شوێنەی شادی تێدا بێت، شۆڕ و شەوقیش هەن و هەر شوێنێکیش شۆڕ و خرۆشانی ئەرێی تێدا بێت، چێژی زیاتر، بەرچاوڕۆشنی و شۆڕ و شەوقی زیاتر لە ژیاندا هەیە.

### میهرەبانی:

میهرەبانی هاتنەدی ئەو قسەیە ئەڵێت: ((ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆش نیە بۆ کەسانی تریش پێت خۆش نەبێت.)). بێ هیچ دەمەقاڵێیەک ئەبێت قبوڵیکەین ئەوەی دنیای ئەمڕۆکە لە هەر شتێکی تر زیاتر پێویستی پێیەتی، میهرەبانیە. لقە تەڕ و پاراوەکانی میهرەبانی لە دەرختی عەشقەوە ئەڕوێن و کاتێك خەڵکی ترمان بە ڕاستی خۆش بوێت، میهرەبانی شتێکی سروشتی و غەریزی ئەبێت. ئەبێت هەرگیز دوعاکەی ئەو حەکیمەمان لە بیربچێت کە ئەیوت:

((خوایە یارمەتی بدە کەسانی خراپ، ببنە کەسی باش و کەسە باشەکانیش، ببنە کەسی ورد بین.))

## بەخشندەیی:

ژیانی مرۆڤەکان کاتێك دەست لە ملانی شادی ئەکات کە دەرونیان، لێهاتویی و توانا و سەرچاوەی عەشق و هاورێیەتیان لەنێوان یەکدا دابەشبکەن. بەخشندەیی نهێنی شادمانی و خۆشبەختیە. بەخشندەیی شا کلیلێکە قوفڵی خۆشبەختی، خۆشحاڵی و دەوڵەمەندی ئەکاتەوە.

## پێکەنین:

ئەوترێت ئەگەر شێوازی پێکەنین فێری خۆمان بکەین، هەمیشە ئەتوانین سەرگەم و سەرقاڵ بین. چڵی تەڕ و پاراوی گاڵتە یارمەتی مرۆڤەکان ئەدات لە کاتی تێکەوتن لە گوفتار و کردار، و کاتی بینینی ئاگاداریەکەی لەم شێوەیە : ((ئینگلیزی تایبەت لە لایەن دەرچوی زانکۆیەکی موعتەبەرەوە، لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا وەك بول بول بە ئینگلیزی قسەبکە!)) دا پڕ بە دڵ پێبکەنێت.

## سوپاسگوزاری:

لقی سەزوی سوپاسگوزاری دروستکەری هێلانەی گەرم و نەرمی باڵندەی شینی خۆشبەختیە. دڵی پڕ لە سوپاسگوزاری، ئیتر شوێنێکی نیە بۆ نیگەرانی، تۆڵەکردنەوە و تاڵی چەشتن. سوپاسگوزاری کێشکەری ڕەحمەت و نیعمەتە. بە تایبەت کاتێك مرۆڤ سوپاس و پێزانینی ڕاستگۆییانەی خۆی شادمان و ملکەچانە بەرامبەر بە خوای خۆی و ئەو کەسانەی هاندەر و ئیلهام بەخشی بون، دەرئەبرێت.

(ویلیام ئارتۆر وارد)

دلت را راست کن از راستکاری
که هست از راستکاری رستگاری*
((ناسر خوسر))

## ئەزمونی ڕاستگۆیی

چوار خوێندکار بەتەواوی باوەڕیان بە خۆیان هەبو، هەفتەیەك بەر لە تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس ڕۆشتن بۆ سەفەر و لەگەڵ هاوڕێکانیان لە شارێکی تر بە خۆشی تێیانپەڕاند. بەڵام کاتێك گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان، بۆیاندەرکەوت لە بەرواری تاقیکردنەوەکەدا هەڵەیانکردوە و لە جیاتی سێ شەممە، تاقیکردنەوەکە بەیانی دووشەممە بوە. لەبەرئەمە بڕیاریاندا مامۆستاکەیان بدۆزنەوە و هۆکاری جێمانەکەیانی بۆ ڕونکەنەوە.

وتیان بە مامۆستاکەیان: چوبوین بۆ شارێکی تر و لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا تایەی ئۆتۆمبێلەکەمان پەنچەربو و تا ماوەیەك نەمانتوانی کەس بدۆزینەوە و یارمەتی لێوەربگرین، لەبەرئەمە دو شەممە درەنگ گەشتینەوە ماڵ.....

مامۆستا بیرێکی کردەوە و قبوڵیکرد ڕۆژی داهاتو بێن تاقیکردنەوەکەیان بکەن.

چوار خوێندکارەکە ڕۆژی داهاتو ڕۆشتن بۆ زانکۆ و مامۆستا ناردنی بۆ چوار ژوری جیاو و کاغەزێکی تاقیکردنەوەی دا بەهەریەکێکیان و داوای لێکردن دەستپێبکەن..... سەیری یەکەم بابەتیان کرد دو نمرەی لەسەر بو. پرسیارێکی

---

* واتە: ((دڵت ڕاستکەرەوە لە ڕاستگۆیی، لەبەرئەوەی ڕاستگۆیی ڕزگاری تێدایە.))

زۆر ئاسان بو و یەکسەر وەلامی ئەدرایەوە.... دواتر کاغەزەکەیان هەلگەڕاندەوە بۆ ئەوەی پرسیارە ٩٨ نمرەییەکە وەلاّم بدەنەوە کە ئەم پرسیارە بو:

کام تایە پەنچەر بو؟

١- تایەی پێشەوەی لای ڕاست.

٢- تایەی پێشەوەی لای چەپ

٣- تایەی دواوەی لای ڕاست

٤- تایەی پێشەوەی لای چەپ

**ڕاستگۆیی یەکەم بەشی دەفتەری دانایییە.**

خۆشبەخت کەسێکە خواوەند دڵێکی پڕ لە
هەستی پێدابێت.
((ڤیکتۆر هۆگۆ))

## ڕێگەی خۆشبەختی

پیاوێکی تێگەشتو کە ساڵانێك تاسەمەندی دۆزینەوەی ڕێگەی خوا بو، دور لە کەسانی تر، لە خەڵوەتدا دائەنیشت و دوعای ئەکرد تا یەکێك لەو پیاوانەی خوا کە گەیشتون بە حەقیقەت، بناسێت.

ڕۆژێك سەرقاڵی دوعاکردن بو، لە ناکاو دەنگێك هاتە گوێ و وتی: ((بڕۆ بۆ فلانە شوێن، لەوێ پیاوێك ئەبینیت ڕێگەی خۆشبەختیت نیشان ئەدات.))

پیاوەکە کاتێك دەنگەکەی بیست، زۆر شادمان بو و بێ دواکەوتن ڕۆشت بۆ شوێنەکە. لەوپەڕی سەرسوڕماندا، پیاوێکی بینی ڕوخسارێکی سادە و خاکیی هەبو، جلەکانی دڕابون و پێی پەتی بو.

پیاوە تێگەشتوەکە سەیری دەوروبەری کرد بەڵام کەسی نەبینی. لەبەرئەمە بە پیاو جل دڕاوەکەی وت: ((بەیانیت باش.))

پیاوە هەژارەکە بە ئارامی وتی: ((هیچ بەیانیەك بۆ من خراپ نەبوە، هەمو بەیانیەك خەیر بوە بۆم.))

پیاوە تێگەشتوەکە وتی: ((خوا بەختێکی باشت پێببدات.))

پیاوە هەژارەکە وتی: ((من هیچ کاتێك بەدبەخت نەبوم.))

بە وەڵامەکانی ئەو پیاوە، هەر ساتە و سەرسوڕمانی پیاوەکە زیاتر ئەبو.

((هیوادارم، هەمیشە شاد بیت!))

پیاوە هەژارەکە وتی: ((من هەرگیز خەمبار نەبوم.))

پیاوە تێگەشتوەکە وتی: ((تێناگەم تکا ئەکەم تێمگەیەنە مەبەستت چیە؟))

پیاوە هەژارەکە وتی: ((تۆ ئارەزوت کرد بەیانیم باش بێت، لە کاتێکدا هیچ بەیانیەك خراپ نەبوە بۆم، لەبەرئەوەی ئەگەر خواردنێك پەیدا نەکەم، سوپاسی خوا ئەکەم. ئەگەر باران یان بەفر ببارێت، دیسانەوە هەر سوپاسی خوا ئەکەم، ئەگەر بە کەم بزانرێم یان هیچ هاودەردێکم نەبێت، سوپاسی خوا ئەکەم، لەبەرئەمە هیچ کاتێك بەیانیەکی خراپم نەبوە.

تۆ ئارەزوی بەختێکی باشت بۆ کردم، لە کاتێکدا من هەرگیز بەخت ڕەش نەبوم. لەبەرئەوەی هەمیشە لە دەرگای گوڵبارانی خوادا نیشتەجێم و ئەزانم ئەوەی خوا بۆم بنێرێت، باشترینە. هەمو ئەوەی بە پیریمەوە دێت، قبوڵئەکەم. من تەندروستی، نەخۆشی، خۆشبەختی و دوژمنی وەك دیاریەك لە لایەن خواوە، قبوڵئەکەم، لەبەرئەمە هەرگیز بەختێکی ڕەشم نەبوە.

تۆ ئارەزوی شادیت بۆ کردم، لە کاتێکدا هەرگیز خەمبار نەبوم، لەبەرئەوەی قوڵترین تاسەی دڵم یەکبونە لەگەڵ خواستی خوادا و ژیانە لەسەر ڕێچکەی خواستی ئەو. من سەرتاپا خۆم داوە بەدەست خواوە و هەرشتێك ئەو بیەوێت، منیش ئەمەوێت.))

پای از دزدی کشیدم چونک دست از کار شد
زانک دزدی دزدتر از خویش بشنیده‌ام*

((مەولەوی))

## دزێك کە دزی لە خۆی ئەکرد!



زیگ زیگلار چیرۆکی پیاوێک بەناوی ((دەیڤد نینجەر))ەوە ئەگێڕێتەوە کە زۆر جوانە. لە دەیەی ١٨٨٠، دەیڤد نینجەر بۆ کڕینی هەفتانە لە فرۆشگایەکی بابەتی خواردەمەنی، دە دۆلاریەك ئەدات بە پارەوەرگری فرۆشگاکە. پارەوەرگرەکە ماوەی پارەکەی ئەداتەوە و دەیڤیدیش فرۆشگاکە جێئەهێڵێت.

دواتر پارەوەرگرەکە پەڵەی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر دەستە ئارەقکردوەکانی ئەبینێت و بە سەیرکردنی دە دۆلاریەکەی دەیڤید بۆیدەرئەکەوێت هاوشێوەی پەڵەکانی سەر دەستی لەسەر پارەکەش هەیە. بێ دواکەوتن پۆلیس ئاگادارئەکاتەوە و بۆیاندەرئەکەوێت پارەکە تەزویرە. لە ڕاستیدا، پارەکە ئەوەندە لێهاتوییانە تەزویر کرابو پۆلیسەکان سەریانسوڕمابو لە بلیمەتی کەسە تەزویرکارەکە. لێکۆڵەرەوانی پۆلیس خانوەکەی دەیڤید ئەگرن و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سێ پایەیەکی وێنەکێشان لە تەنیشت پەنجەرەکەدا ئەبینن کە دە دۆلاریەکی ڕاستەقینەی پێوە لکێنرابو. سەرسوڕمانەکە لەوەدا بو دەیڤید هەریەکە

* واتە: ((دەستم لە دزیکردن هەڵگرتوە، لەبەرئەوەی دزێکم بینیوە، لە خۆم دزتر.))

له ده دۆلاریەکانی بە شێوەیەك وێنە ئەکێشایەوە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ پارە ڕاستەقینەکەدا نەبو و وێنەکە وەك ڕاستەقینەکە بو!

لێکۆڵەرەوان لە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانیاندا، لە ژێرزەمینی خانوەکەی دەیڤیددا سێ پۆرترێتی نیوە تەواو و وازلێهێنراویان بینی کە ماوەیەك لەمەوبەر لەلایەن خودی دەیڤدەوە کێشرابون. هەریەکە لەم تابلۆیانە دواتر لە هەڕاجیەکدا بە نرخی ٥٠٠٠ دۆلار فرۆشران. بەشی گاڵتەئامێزی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە دەیڤد بۆ کێشانی یەك پۆرترێتی ٥٠٠٠ دۆلاری هەر ئەوەندەی کاتی کێشانی پارەیەکی دە دۆلاری پێئەچو!

دەیڤد لە ڕاستیدا دز بو و ئەگەر دەستە ئارەق کردوەکانی پارەوەرگرێك نەبوایە، بە ئەگەرێکی زۆر هەرگیز گرفتاری یاسا نەئەبو. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە گەورەترین بەشی دزیەکی دەیڤد لە کێ بو؟ نەشوترێت ئەزانرێت کە لە هیچ کەسێك بێجگە خۆی!

**تێبینی:** ئایا بەتەواوی سود لە توانا و لێهاتوییە بالقوەکانتان وەرئەگرن، یان دزی لە خۆتان ئەکەن؟

ڕق وەك جەنازەیەكە، كێمان ئەیەوێت قەبر بێت؟

((جوبران خەلیل جوبران))

## ڕق .

ڕۆژگارێك ژنێك هەبو سەگێكی هار گازی لێگرت. پزیشكی چارەسەركەرەكەی بینی ژنەكە بە ترس و تۆقینەوە خەریكی نوسینی هەندێك شتە. ئارامی كردەوە و وتی: ((پێویست بە نوسینی وەسیەتنامە ناكات، باش ئەبنەوە و بە یەك دەرزی نەخۆشیەكە چارەسەر ئەكرێت.))

ژنەكە بە بیستنی ئەم قسانە ڕویكردە پزیشكەكە و وتی: ((نیگەرانی مردن نیم. خەریكم ناوی ئەو كەسانە ئەنوسم كە خەیاڵم هەیە گازیان لێبگرم، بەرلەوەی دەرزیەكەم لێبدەن!))

زیگ زیگلار ئەڵێت:

كاتێك هەستی ڕقمان هەبێت بەرامبەر بە كەسانی تر، ئامادەكاری ئەكەین بۆ شكستی خۆمان.

هەرچەندە زیاتر ڕقاوی بن، ڕقەكەتان زیاتر ئەكەن و لە مێشكتاندا، هێمایەكی ڕق هەڵئەكۆڵن كە هەمیشە بە ناوچاوتانەوە دیارە.

با عادت و رسم نيست ما را كار
ما كى زمقام رسم و عاداتيم*
((عه‌تار))

# خـــو

((زیگ زیگلار)) ئه‌یگێڕێته‌وه: فێرکاره‌کانی کێچ له کاتی تاقیکردنـه‌وه لـه سـه‌ر ئـه‌م مێروه، خویـه‌کی سـه‌یر و قـابیلی پێشبینیان لـێ بینی. کاتێـك کێـچێك بۆ یه‌که‌مین جار ئه‌خه‌نه ناو شوشه‌یه‌که‌وه، بێ دواکـه‌وتن دێتـه‌ده‌ره‌وه، له‌به‌رئـه‌وه‌ی هه‌موان ئه‌زانن ڕێژه‌ی بازدان و خێرایی کێچ بـاوه‌ڕ پێنـه‌کراوه. ڕاهێنـانی کێـچه‌ك کاتێك ده‌ستپێئه‌کات کـه سه‌رپۆشـێك ئـه‌ده‌ن به‌سـه‌ر شوشـه‌که‌دا. لـه‌م باره‌شدا کێچه‌کان دیسانه‌وه ده‌ستئه‌که‌نه‌وه به بازدان و چه‌ندین جار له‌سه‌ر یه‌ك ئه‌ده‌ن به سه‌رپۆشه‌که‌دا. کاتێك مرۆڤ ئـه‌بینێت کێـچه‌کان بـاز ئـه‌ده‌ن و سـه‌ریان بـه‌رده‌وام ئه‌کێشێت به سه‌رپۆشه‌که‌دا، ڕوداوێکی سه‌یر ڕوئه‌دات. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا کێچه‌کان هێشتا هه‌ر وه‌ك پێشتر بازئه‌ده‌ن به‌ڵام چیتر ئه‌وه‌نده به‌رز نابنه‌وه سـه‌ریان بدات له سه‌رپۆشه‌که. له‌م کاته‌دا سه‌رپۆشه‌که لائه‌برێت و کێچه‌کان بـه‌رده‌وام ئـه‌بن له بازدان به‌ڵام هه‌رگیز بازناده‌نه ئه‌و دیو شوشه‌که. هۆی ئه‌م بابه‌ته ئاسانه:

**کێچه‌کان خویان گرتوه به‌م ڕێژه‌ی بازدانه‌وه و به خو پێوه‌گرتنی ئیتر نـاتوانن له‌وه زیاتر بازبده‌ن!**

---

* واتـه: ((ئێمـه کارمـان نیـه بەسـه‌ر خـو و عاده‌ته‌کانـه‌وه، ئێمـه کـه‌ی لـه مـه‌قامی خـو و عـاده‌ت و لاساییکردنه‌وه‌داین.))

ئایا ئێمەش لە ژیاندا وەك ئەم كیچانە ئەژین؟ ئایا خۆمان ڕائەهێنین بە ڕێژەیەكی دیاریكراوی بازدانەوە؟

قسەكەی ((ساموێل سمایلز)) لە بیرنەكەین ئەیوت:

**خوگرتن بەهەر شتێكەوە، سەرەتا لە تاڵی جاڵجاڵۆكە باریكترە، بەڵام دوای بەردەوامبون لەسەری، بەرە بەرە لە زنجیر سەختتر ئەبێت.**

به کەمێك ڕوبەڕوبونەوە ئەتوانین ئەو شتانەی
به شەڕ ناونەبرێن، بگۆڕین بە چاکە.

((ویلیام جەیمز))

## ڕوبەڕوبونەوە

((تۆم دیمپسی)) لە دوری نزیکەی پەنجا و شەش مەتر لە دوری گۆڵەوە، گۆڵی تۆمارکرد. ئەم گۆڵە یەکێکە لە گۆڵە سەرسوڕهێنەرەکانی مێژوی تۆپی پێ و لە هەمانکاتدا قابیلی دەستخۆشی لێکردن. بەڵام ئەو شتەی ئەم کارەی ناوبانگدارتر ئەکات، ئەوەیە ئەم گۆڵەی بە قاچێك تۆمارکرد کە نیوەی قاچەکەی تری ئەبو! قاچی ڕاستی تۆم لە کاتی لە دایك بونیدا بێ پەنجە بو.

تۆم لەو باوەڕەدایە دایك و باوکی بونەتە هۆی ئەوەی سەرکەوێت بەسەر کەمئەندامیەکەیدا. ئەو ئەڵێت: ((من خۆشبەخت بوم کە دایك و باوکم بەهۆی کەمئەندامیمەوە سنورداریان نەکردم. لە کاتی فێرکاریە جەستەییەکاندا هەرگیز نەیانئەوت تۆ ناتوانیت. من فێربوم کەمئەندامی جۆرێکە لە ڕوبەڕوبونەوە، نەك بیانو هێنانەوە. لەم ڕووەوە کاتێك منداڵ بوم، هەر کارێك بمویستایە ئەنجام ئەدا.))

**تێبینی:** ئەگەر لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ کێشەکانی ژیاندا، بە تێڕوانینی ((وا بیرئەکەمەوە ئەتوانم)) بچنە پێشەوە، واتە هەر ئەو کارەی تۆم دیمپسی کردی، زۆر لەو کەسانە پێشتر ئەکەون کە هەڵدێن لە شکست.

پـرسـيار كليلی وەڵامـەـ.

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))

## سیحری پرسیار



ئایا ئەزانن پرسینی یەک پرسیاری ڕاستەقینە ئەتوانێت گیانی کەسێك ڕزگار بکات؟ پرسیارێك، گیانی ((ستینسیلاڤ-لەخ))ی ڕزگارکرد. شەوێك نازیەکان دایان بەسەر ماڵەکەیدا و خۆی و خێزانەکەیان برد بۆ کەمپی مردن و ئەندامانی خێزانەکەیان بە بەرچاویەوە کوشت. ئەو لە ناو دیلەکانی تری کەمپەکەدا لاواز، برسی و خەمبار شەو و ڕۆژ خەریکی کارکردن بو. چۆن مومکینە کەسێك لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا بژی؟ بەڵام هەرچۆنێك بێت بەردەوام بو لە ژیان. ڕۆژێك سەیری ئەو دۆزەخەی کرد کە تێیدا ئەژیا و بۆیدەرکەوت ئەگەر تەنانەت یەک ڕۆژی تر لەوێدا بژی، لەناوئەچێت. بڕیاری هەڵهاتنی دا. هیچ کەس تا ئەو کاتە نەیتوانیبو، لەوێ هەڵبێت. ئەو سەنتەری سەرنجدانی لەو بابەتەی کە ((چۆن ئەتوانرێت بەرگەی ئەم بارودۆخە بگیررێت))ەوە گۆڕی و لە جیاتی ئەمە لەخۆی پرسی: ((چۆن ئەتوانرێت لەم شوێنە ترسناکە هەڵبێت.)) و هەر جارێك و وەڵامی پێشوی بە خەیاڵدا ئەهات: ((گەمژە مەبە! هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ هەڵهاتن. بەم پرسیارانە تەنیا دەرونی خۆت ئازار ئەدەیت.))

بەڵام ئەم پرسیارە قابیلی قبوڵ نەبو بۆی. ئەو بەردەوام لە خۆی ئەپرسی:

((چۆن ئەتوانم ئەم کارە ئەنجامبدەم؟))

((چۆن ئەتوانم لەم شوێنە هەڵبێم؟))

ڕۆژێك وەڵامەکەی دەستکەوت. بۆنی گۆشتی خراپ بوی لە نزیك شوێنی کارەکەیەوە هەستپێکرد. پیاو، ژن و منداڵەکانیان لە کورەی مرۆڤ سوتاندنەکان دەرئەهێنا و لاشەی ڕوتیان ئەخستە ناو بارهەڵگرێکەوە. لەخ لە جیاتی ئەوەی سەرنج لەو پرسیارە بدات کە خوا چۆن دڵی ڕازی ئەبێت ئەم هەموە تاوانە لەسەر زەویدا ڕوبدات؟ لە خۆی پرسی:

((چۆن ئەتوانم سود لەم بابەتە وەربگرم؟))

کاتێك خۆرئاوابون گەشت و زیندانیەکان ڕۆشتنە ناو شوێنی حەوانەوەکەیان، هەمو جلەکانی داکەند و دور لە چاوی کەسانی تر بە ڕوتی، خۆی لەناو لاشەی مردوەکاندا شاردەوە. لە کاتێکدا خۆی کردبو بە مردو و بۆنی بۆگەنی و قورسی لاشەکانی لەسەر خۆی هەست پێئەکرد، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بو. لە ئەنجامدا دەنگی داگیرسانی مەکینەی بارهەڵگرەکەی بیست. دوای گەشتێکی کورت، کۆمەڵەی مردەوەکانیان هەڵڕشتە گۆڕێکی بە کۆمەڵ.

لەوێشدا ئەوەندە مایەوە تا دڵنیا بێت کەس لەو دەوروبەرەدا نیە و دوای ئەوە نزیکەی چل کیلۆمەتر بە ڕوتی ڕایکرد تا گەیشتە ئازادی.

چ هۆکارێك بوە هۆی ئەوەی لەخ لە ناو ملیۆنان کەسی ناو کەمپەکەدا چارەنوسی جیاواز بێت؟

ئەو پرسیاری لە ڕادەبەدەری لە خۆی کردبو. ئەم پرسیارەی چەندین جار دوبارە کردبوەوە و چاوەڕوان بو و دڵنیا بو لە ئەنجامدا وەڵامی خۆی دەست ئەکەوێت.

**تێبینی:** ئەگەر ئەمانەوێت چۆنێتی ژیانمان بگۆڕین، ئەبێت گۆڕانکاری لەو پرسیارانەدا بکەین کە لە خۆمان و کەسانی تریان ئەپرسین.

((سپنسەر جانسۆن)) دەربارەی گرنگی پرسیار بە تێڕوانینێکی قوڵەوە ئەڵێت:

**ئێمە هەندێك جار بڕیاری هەڵە ئەدەین، لەبەرئەوەی لەسەرەتادا چەند پرسیارێکی سادە لە خۆمان ناکەین.**

((ریچارد باخ))یش ئەڵێت:

**کاتێك پرسیارەکانت بە باشی دەربڕیت، خۆیان وەڵامی خۆیانن.**

بەڵام ((ریچارد تامپلەر)) پرسیار بە هۆکارێك ئەزانێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی بیر و ئەڵێت:

**پرسیار یارمەتی خەڵکی ئەدات بۆ ئەوەی بیریان ڕۆشنبکەنەوە.**

# خۆشبەختی یان بەدبەختی؟

* خۆشبەخترین بونەوەر کەسێکە، کە لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ خۆشبەختی بگەڕێت.

((گۆتە))

* بەدبەختی ئەوە نیە مرۆڤ کوێر بێت، بەڵکو ئەوەیە نەتوانێت بەرگەی کوێری بگرێت!

((جۆن میلتۆن))

* خۆشبەخت کەسێکە وانە لە ژیانی کەسانی تر وەربگرێت.

((جواد فازیل))

* هەموان لە مرۆڤی بەدبەخت هەڵدێن، بەڵام من لە نائومێدی و ڕەشبینی کە سەرچاوەی هەمو بەدبەختیەکانە، هەڵدێم.

((مانتیسکۆ))

* خۆشبەختی بۆ کەسێکە بە تەنگ خۆشبەختی کەسانی ترەوە بێت.

((زەردەشت))

* هۆی گەورەی بەدبەختی مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤ نوقمە لە دنیای زانیاری هەڵە و نەزانیندا.

((بالزاک))

* خۆشبەختی، هەر ڕۆژێك لە دەرگای ماڵێك ئەدات. بەڵام خاوەن ماڵ لەو کاتەدا لە ماڵی دراوسێکەیەتی و هیچ دەنگێك نابیستێت.

((بێرنارد شۆ))

* بەدبەختی ئەو چاکەیەی هەیە هاوڕێ ڕاستەقینەکانمان پێئەناسێنێت.

((بالزاک))

* خۆشبەختی نمونەیی، لە عەشقی کامڵدا شاراوەتەوە.

((ناپلیۆن پۆناپارت))

* خۆ بە گەورە زانین، نیشانەی بەدبەختیە.

((ئیمرسۆن))

* مرۆڤ زۆر زو ڕادێت بە خۆشبەختی و لەبەرئەوەی زۆر زو ڕادێت پێی، زۆر زوش لە بیریئەکات کە خۆشبەختە.

((ئەندرێ موروا))

هەمو شتێك لە خەونێکەوە دەستپێئەکات، پارێزەری خەونەکانتان بن.

((ئەندرێ ماتیۆس))

# هێزی خەون

ماوەیەك لەمەوبەر پیاوێك لەسەر سواری ئەسپەكەی لەم فرۆشگا ئەڕۆشت بۆ ئەو فرۆشگا بۆ فرۆشتنی سپیەمەنی. ئەو لە ڕێگەدا دەربارەی خەونەكانی و هاتنەدیان لەگەڵ ئەسپەكەیدا قسەی ئەكرد. ڕێژەی فرۆشەكەی بە بەراورد بە هەوڵ و ماندو بونە تاقەت پڕوكێنەكەی زۆر كەم بو و ڕۆژ بە ڕۆژ قەرزەكانی زیاتر ئەبون.

ڕۆژێك یەكێك لە هاوڕێكیانی پێی وت: ((لۆ، یان زۆر كەلە شەقتر لەوەیت كە واقعیەت قبوڵبكەیت یان ئەوەی زۆر گەمژەیت، لەبەرئەوەی چیتر توانات لەبەر بڕاوە.))

((لۆ كرافت)) خۆی نەدا بەدەستەوە. بەردەوام بو لەسەر بەسەركردنەوەی فرۆشگاكان و فرۆشتنی سپیەمەنی و قسەكردن لەگەڵ ئەسپەكەیدا.

ئەمرۆكە بابەتی خۆراكیی چەند سەد ملیۆن دۆلاری كرافت بیرخەرەوەی سەردەمی پڕ نارەحەتی و ئازاری پیاوێكە كە لە بەدیهێنان و پایەدانانی خەونەكانیدا هێندە پێداگر بو كە هەمویانی هێنایە دی.

ڤیكتۆر هۆگۆ بە سەرسوڕمانەوە ئەڵێت:

هیچ شتێك هێندەی خەون لە داڕشتنی چارەنوسدا بە توانا نیە، شارە شكۆمەندەكانی ئەمرۆكە، واقعیەتەكانی سبەینێن.

کەسە ئازاکان هەل ئەخولقێنن، ترسنۆك و لاوازەکان چاوەڕێی هەلن.

((ویلیام جەیمز))

## خەوی خۆش

مەلا نەسرەدین کەرێکی پیر و لاوازی هەبو و ئەیویست بیفرۆشێت. بەلآم کەس نەبو بە نرخی گونجاو بیکڕێت.

سەر لە بەیانی شەوێکیان خەوی بینی کەسێك ئامادەیە کەرەکەی کە بە پێنج دیناریش کەس نەیئەکڕی، بە نۆزدە دینار بکڕێت. مەلا لە خەوەکەیدا تەماع گرتی و کەوتە دەمەقالێ لەگەڵ کڕیارەکەدا و وتی: ((لە بیست دینار کەمتر نایفرۆشم. ئێستا کە بە نۆزدە دینار ئەیکڕیت، دینارێکی تریشی بخە سەر بۆ ئەوەی بیست دیناری ڕێك بێت.)) کڕیارەکە ڕازی نەبو و وتی: ((هەر ئەو نۆزدە دینارە ئەدەم.))

لەم کاتەدا لە خەو ڕاپەڕی و بۆیدەرکەوت چ مامەڵەیەکی لەدەستداوە، چاوەکانی وەك خەو داخستەوە، دەستی درێژکرد و وتی: ((زۆر باشە، هەر نۆزدە دینارەکەم بدەرێ.))

تێبینی: کاتێك هەلەکان بەهۆی گەیشتنی مردنەوە لەدەست ئەچن، چیتر ناتوانرێت بەدەست بهێنرێنەوە. لەبەرئەوەی مردن مرۆڤ ئەباتە پێگەیەکی تری ژیان. مردن کە هەندێك جار ((فەوت)) واتە لەدەستدانیشی پێئەڵێن، لەبەرئەوەیە هەلی مرۆڤیش لەدەست ئەچێت و تەواو ئەبێت.

عیب رندان مکن ای زاهد پاکیزه سرشت
که گناه دگران بر تو نخواهد نوشت
من اگر نیکم و گر بد، تو برو خودرا باش
هر کسی ان درود عاقبت کار که کشت*

((حافز))

## هەر کەسێك ئەوە ئەدروێتەوە کە چاندویەتی

سمۆرەی ئاوی بە هەراسانیەوە گەیشتە خزمەتی پاشا و بە دەنگێکی بەرزەوە وتی: ((ئەی پاشای دادپەروەر کە ئاشتی و ئارامیت لە نێوان بونەوەراندا بەدیهێناوە، بزانە و ئاگاداربە کە هێشتا هیچ ئاشتی و ئارامیەك لە نێوان ئێمەی بونەوەراندا نیە.))

پاشا پرسی: ((چ کەسێك ئاشتی و ئارامی تێکداوە؟))

سمۆرەی ئاوی ئەڵێت: ((ڕاسو، قوربان. من منداڵەکانم لای ڕاسو جێهێشتبو و ڕۆشتمە ناو ئاو بۆ ئەوەی چەند ماسیەك بگرم بۆ نانی نیوەڕۆیان. کاتێك لە ناو ئاوەکەدا بوم، منداڵەکانمی کوشتوە. بەندە بە پێی فەرمودەی کتێبی دینی کە بە ((چاو لەبەرامبەر چاودا)) کارئەکات، داوای تۆڵە سەندنەوە ئەکەم.))

پاشا کەسێك ئەنێرێت بە شوێن ڕاسودا. چەند ساتێك دواتر سەر و کەللەی ڕاسو دەرئەکەوێت. پاشا ئەڵێت: ((تۆ تۆمەتباری بە کوشتنی منداڵەکانی سمۆرەی ئاوی، چ قسەیەکت هەیە بۆ پارێزگاری لە خۆت؟))

---

* واتە: ((ئەی زاهیدی پاك و لە خواترس، عەیب لە کەسانی تر مەگرە، لەبەرئەوەی گوناهی کەسانی تر لەسەر تۆ نانوسرێت. من ئەگەر باشم و ئەگەریش خراپ، تۆ خۆت بە. لە ئەنجامدا هەر کەسێك ئەوە ئەدروێتەوە کە چاندویەتی.))

راسو بە گریانەوە ئەڵێت: ((ئەی پاشای دادپەروەر، بە داخەوە بەندە لێپرسراوی کوشتنی منداڵەکانی سمۆرەی ئاویم. هەرچەندە مردنیان ڕێکەوت بو و من هیچ گوناهێکم نیە. بە بیستنی دەنگی ئاگادارکردنەوە لە لایەن دارکونکەرەوە، بێ دواکەوتن ڕامکرد بۆ ئەوەی هێلانەکەی خۆم بپارێزم، بەڵام ئەوەندە هۆشم لای خۆم نەمابو، بە ڕێکەوت پێم نا بە منداڵەکانی سمۆرەی ئاویدا و پانم کردنەوە.))

پاشا دارکونکەرە ئامادەئەکات و ئەپرسێت: ((ئایا ڕاستە تۆ دەنگی ئاگادارکردنەوەت بلاًوکردوەتەوە؟)) دارکونکەرە وەڵام ئەداتەوە: ((بەڵێ قوربان، ڕاستە، بەڵام کاتێك ئەم کارەم کرد کە بۆمدەرکەوت دوپشك خەریکی تیژکردنی چوزەکەیەتی.)) کاتێك دوپشکیان هێنایە لای پاشا، پاشا لێی پرسی: ((بۆچی خەریکی تیژکردنی چوزەکەت بویت. ئەزانیت تیژکردنی چوزەکەت هێمای ڕاگەیاندنی شەڕە؟))

دوپشك ئەڵێت: ((بەڵێ قوربان، بەڵام بەندە لەبەرئەوە ئەم کارەم کرد بۆمدەرکەوت کیسەڵ خەریکی بریسکاندنەوەی پشتیەتی.)) کیسەڵ بۆ پارێزگاری لە خۆی ئەڵێت: ((بەندە ئەگەر نەمبینیایە قرژاڵ خەریکی ئامادەکردنی چنگوڵەکانیەتی، هەرگیز ئەم کارەم نەئەکرد.))



قرژاڵ ئەڵێت: ((بەندە بۆمدەرکەوت و قرژاڵی ئاوی چنگوڵەکانی بەرزکردوەتەوە.))

قرژاڵی ئاوی لە خزمەتی پاشادا ئەڵێت: ((ڕاست ئەکات قوربان، بەندە خەریك بوم چنگوڵەکانم بەرزئەکردەوە،

بەلآم هۆکارەکەی ئەوە بو سمۆرەی ئاوی خۆی هەلدایە ناو ئاو و بەرەو ڕوی منداڵەکانی من مەلەی کرد بۆ ئەوەی ڕاویان بکات!))

پاشا ڕویکردە سمۆرەی ئاوی و وتی: ((تۆ گوناهباریت، خوێنی منداڵەکانت لەگەردنی خۆتدان. هەرکەسێك هەرچی بچێنێت ئەوە ئەدروێتەوە.))

((مەولەوی)) ئەیهۆنێتەوە:

ز مکافات عمل خود غافل مشو

گندم از گندم بروید، جو ز جو*

* واتە: ((بێ ئاگا مەبە لە چارەنوسی کردەوەکانت، گەنم لە گەنم ئەڕوێت و جۆ لە جۆ.))

پروردگارا هـــر كە عقل را دادی چ ندادی؟

و هر كە را عقل ندادی چە دادی؟ *

((خواجە عبدالله انصاری))

## ئـــاوەز

ڕۆژێك باڵوڵ بە ڕێیەكدا تێئەپەڕی، بینی پیاوێك لە تەنیشت جۆگەیەكدا بە پشتدا كەوتوە و خەریكی ئاو خواردنەوەیە.

باڵوڵ وتی: ((ئەی پیاو، بەم شێوەیە ئاو مەخۆرەوە.))

پیاوەكە سەری بەرزكردەوە و وتی: ((بۆچی؟))

باڵوڵ وتی: ((لەبەرئەوەی ئاوەزت كەم ئەبێتەوە.))

پیاوەكە پرسی: ((ئاوەز چیە؟))

باڵوڵ وتی: ((هیچ كاكە لەگەڵ تۆم نەبو خەریكی كاری خۆت بە!))

**عەتاری نیشابوری ئەڵێت:**

هر كە را با عقل همراهی بود

دیدنش از ماە تا ماهی بود

هر كە را عقل و حیا همراە اوست

ادم معنی دل همراە اوست

هر كە دارد عقل و دین همراە اوست

خود مقام فزل منزلگاە اوست

---

* واتە: ((خوایە ئەوەی ئاوەزت ((ئەقل)) پێداوە چیت پێنەداوە؟ و ئەوەش كە ئاوەزت پێنەداوە چیت پێداوە.))

عقل با علم و حیا چون صبح شد

سینه‌ها روشن از او چرن شمع شد

رو تو از بی عقلی و نادان کنار کن

تا چو حیوان می نباشی در قتار

عقل با علم و حیا همخانه شد

هم می و میخانه و جانانه شد

واته: ((هەر کەسێك ئاوەزی هەبێت، تێڕوانینی لە ماسیەوە تا مانگ ئەبێت، یەکەم لەو نزمابییەوە و دوەم لەو بەرزاییەوە. هەرکەسێك ئاوەز و شەرمی هەبێت، مرۆڤێکە ئەهلی دڵ ئەبنە هاوڕێی. هەر کەسێك ئاوەز و دین هاوڕێی بن، ئەوە پلەیەکی زۆر بەرزی هەیە. ئەگەر ئاوەز و زانست پێکەوە کۆببنەوە، دڵەکان وەك مۆم ڕوناك ئەبنەوە. تۆش واز بێنە لە بێ ئاوەزی و دورکەوەرەوە لە هاوڕێیەتی نەزانەکان، بۆ ئەوەی وەك ئاژەڵ نەژیت. ئەگەر ئاوەز و زانست و شەرم لە دڵێکدا کۆببنەوە، هەم جێی مەی و مەیخانە و دۆستی گیانی بە گیانیش ئەگرنەوە.))

ئەوانەی بە هۆی پێشکەوتنی زۆری مرۆڤایەتیەوە، توشی ترس و بێزار بونەتەوە، بە هەڵە لە ئامانج و هۆکار تێگەشتون.

(((ئەنتوان دوسنت ئیگزۆپیری))

## ئامانج و هۆکار

گروپێکی هەشت کەسی لەسەر بەلەمێك بە ڕوبارێکدا تێنەپەڕین. دوای گەیشتنە کەنار دەریا ڕاوێژیان کرد چی بکەن بەو بەلەمەی یارمەتی دابون لە گەیشتن بە وشکانی. یەکێکیان کە لەوانەیە لە هەموشیان داناتر بوبێت، پێشنیاریکرد لەبەرئەوەی قەرزاری ئەم بەلەمەن و یارمەتیەکەی گەورەی داون، ئەبێت بەلەمەکە لەسەر سەریان هەلگرن بۆ ئەوەی قەرزەکەی بدەنەوە. هەموان ڕازیبون، بەلەمەکەیان هەلگرت و تا ئەو گوندە بەسەر سەریانەوە بو کە بڕیاربو بۆی بڕۆن.

خەلکی گوندەکە بە بینینی ئەو میوانانەی بەلەمە گەورەکەیان لەسەر سەریان هەلگرتبو دەستیانکرد بە پێکەنین و وتیان: ((چی ئەکەن؟ بەلەم بۆ هەلگرتنی ئێوە کراوە، نابێت لەسەر سەر هەلیگرن، بۆچی لای ڕوبارەکە جێتان نەهێشت؟))

میوانەکان وتیان: ((وا دێتە بەرچاو هەمو ئێوە خەلکانێکی ناسوپاسگوزارن، بەلام ئێمە ئەزانین سوپاسگوزاری چیە. ئەم بەلەمە یارمەتیداین لە پەڕینەوەمان لە ڕوبارەکە و ئێستا خەریکین قەرزاربارى لە ئەستۆی خۆمان ناهێلین و بڕیارە بۆ هەمیشە بەسەر سەرمانەوە بێت.))

**تێبینی:** بەداخەوە زۆرینەی خەلکی ئامانج و ئەگۆڕن بە هۆکار و بۆ هەمو تەمەنیان پێیەوە ئەبەسترێنەوە. لە ژیاندا کاتێك دێتەپێشەوە کە تەنانەت ئەو شتە بەسودەی سودێکی زۆری پێگەیاندوین و چیتر هیچ پێویستیەکمان پێی نیە، ببێتە دەردیسەری بۆمان. ئەبێت ئەوەی پێویستمان پێی نیە، وازی لێبێنین، لەبەرئەوەی وزەمان پێناهێلێت.

ئەنتۆنی ڕۆبینز ئەڵێت:

بۆ ئەوەی بگەن بە خۆشبەختی ڕاستەقینە، ئەبێت جیاوازی نێوان ئامانج و هۆکار بزانن و بە ناچاری ڕووەو ئامانجە گەورە و بەنرخەکانتان بکەونە ڕێ.

دانا ئەرك ناکاتە هۆکاری بژێوی پەیداکردن، بەڵکو بۆ ئەو ئەرك، ئامانجی ژیانە.

((کۆنفۆشیۆس))

کاتێک سیستەمی بەهامان ڕون نیە، بەدەستهێنانی
ئەو شتەی ئەمانەوێت ئەتوانێت هیلاکی هێنەر بێت.
((شیف خیرا))

## میداس ناتۆ

لە سەردەمانی کۆندا پاشایەکی هەڵپەکار بە ناوی ((میداس ناتۆ)) ئەژیا. ئەو هەمو زێڕەکانی لە گەنجینەکانی کۆشکەکەیدا هەڵگرتبو و هەمو کاتەکانی بە ژماردنیەوە بەسەر ئەبرد.

ڕۆژێک لە کاتی ژماردنی زێڕەکانیدا، فریشتەیەک لێی دەرکەوت و پێی وت ئامادەیە ئارەزوەکانی بێنێتەدی. پاشا خۆشحاڵ بو و وتی: ((ئەمەوێت دەست بدەم لە هەر شتێک ببێتە زێڕ.))

فریشتەکە پرسی: ((ئایا دڵنیاییت؟))

پاشا وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ.))

فریشتەکە وتی: ((بە هەڵهاتنی یەکەمین تیشکی خۆر لە بەیانی سبەینێدا، دەست بدەیت لە هەر شتێک، ئەگۆڕێت بە زێڕ.))

پاشا وایئەزانی خەوی بینیوە و ئەم بابەتە ناکرێت ڕاست بێت. بەڵام ڕۆژی داهاتو کە لە خەو هەستا، دەستیدا لە جێگە خەوەکەی بوە زێڕ، جلەکانی هەڵگرت، بوە زێڕ و دەستیدا لە هەر شتێک بوە زێڕ. لە پەنجەرەوە سەیریکرد و بینی کچەکەی خەریکی یاریکردنە. ویستی کچەکەی سەرسام بکات. بەڵام بەر لە ڕۆشتنە دەرەوە ویستی کتێبێک بخوێنێتەوە. ڕێک ئەو کاتەی ئەیویست کتێبەکەی هەڵگرێت گۆڕا بە زێڕ و نەیتوانی بیخوێنێتەوە. دواتر دانیشت بۆ ئەوەی نانی

بەیانی بخوات، ئەو کاتەی میوە و پەرداخەکەی هەڵگرت ئەوانیش گۆڕان بە زێڕ.
پاشا برسی بو و بە خۆی وت: ((خۆ من ناتوانم زێڕ بخۆم!))
ڕێك لەو کاتەدا کچەکەی هاتە ژورەوە و خۆی هاویشتە باوەشی پاشا و ئەویش بو بە زێڕ. چیتر پێکەنینە جوانەکانی نەمابو.
پاشا سەری داخست و دەستیکرد بە گریان، ئەو فریشتەی ئارەزوەکەی کردبو بە واقع، لەبەردەمیدا دەرکەوت و لێی پرسی: ((ئایا ڕازی نیت لەوەی دەست ئەدەیت لە هەرشتێك ئەگۆڕێت بە زێڕ؟))
پاشا وەڵامی دایەوە: ((من بەدبەختترین کەسی جیهانم.))
فریشتەکە پرسی: ((چ شتێکت ئەوێت؟ خواردن و کچە زیندوەکەت یان پارچەیەك زێڕ و پەیکەرێکی زێڕینی؟))
پاشا لە کاتێکدا ئەگریا، وتی: ((من هەمو زێڕەکانم ئەدەم، تکائەکەم کچەکەم بۆ بگێڕەوە، ژیان بێ ئەو هیچ مانایەکی نیە بۆم.))
فریشتەکە وتی: ((تۆ ئێستا لە پێشتر ئاقڵتریت.)) و سیحرەکەی گۆڕی. کچەکەی گەڕایەوە بۆ پاشا و دەستیگرت بۆ ئەوەی لە هەمو تەمەنیدا لە بیرینەکات.

**تێبینی:** ئەم چیرۆکە پێمان ئەڵێت:

* بەها بێ بایەخەکان، ئەبنە هۆی بەدبەختی.
* هەندێك کات بەدەستهێنانی شتێك، ئەکرێت خراپتر بێت لە بەدەستنەهێنانی.
* بە پێچەوانەی یاری تۆپی پێوە کە ئەتوانرێت یاریکەرەکانی بگۆڕێن، لە یاری ژیاندا توانای گۆڕین یان دوبارە یاریکردنەوە نیە، واتە هەمومان وەك پاشاکەی ناو چیرۆکەکە هەلی نەهێشتنی بەدبەختیەکانمان نیە.

عیب است بزرگ بر کشیدن خود را
وز جملەی خلق بر گزیدن خود را
از مردمك دیده بباید اموخت
دیدن همه کس را و ندیدن خود را*

((خواجه عبدالله انصاری))

## بەلاٚ و نیعمەت

لە حەکیمێکیان پرسی: ((نیعمەتێك شك ئەبەیت بەخیلی بە خاوەنەکەی نەبرێت، یان بەلاٚیەك کە بەزەیی بە توشبوەکەیدا نەیەتەوە؟))

وتی: ((بەڵێ، ئەو نیعمەتە خاکی بونە و بەلاٚکەش لە خۆبایی بونە.))

((پرمودا باترا))یش ئەڵێت:

لە بیرتانبێت خاکی بون پایەی هەمو باشیەکانە.

((ئیمامی عەلی))یش ئەڵێت:

سەرسوڕهێنەرە خۆ بە زلزانینی نەوەی ئادەم کە دوێنێ نوتفەیەك زیاتر نەبو و بەیانیش مردویەکی بۆگەن ئەبێت!

مامۆستای گوفتار ((سعدی))یش ئەڵێت:

توازع سر رفعت افرازدت      تکبر بە خاك اندر اندازدت!

واتە: ((خاکی بون سەرت بەرزئەکاتەوە و ئەتگەیەنێتە ئاسمان، خۆ بە زلزانین ئەتباتە خوارەوە و سەرت ئەکات بەخاکدا.))

* واتە: ((خۆ بە گەورە زانین و خەڵکی بە کەم زانین عەیبەیە، و عەیبە خۆ لە خەڵکی تر بە گرنگتر زانین. ئەبێت وانە لە تانەی چاوەوە فێرببین، کە هەمو کەسێك ئەبینێت و خۆی نابینێت.))

نوسەریش خۆ بە زلزانین وا پێناسە ئەکات:
خۆ بە زلزانی واتە پێداگری لەسەر سەلماندنی خودی درۆزن بەسەر کەسانی تردا! ئەگەر شتێکتان نیە بۆ ڕکابەری کەسانی تر، وازبێنن لە ڕکابەری.
((چك ولش))

## ڕکابەری

ڕۆژگارێك دو ڕاوچی حەزیان لە ڕاو بو و بەم مەبەستەوە کۆڵ و باریان بەست و ڕۆشتن بۆ دارستان. کاتێك ماوەیەك گەڕان بە شوێن نێچیردا، لە ناکاو ورچێك لە دورەوە دەرکەوت کە بە مەبەستی خواردنیان بەرەو ڕویان ئەهات! هەردو ڕاوچیەکە تۆقین و بڕیاریاندا ڕابکەن. لەم کاتەدا یەکێکیان، بۆ ساتێك بیریکردەوە و دواتر بە خێرایی کۆڵەپشتەکەی لابرد بۆ ئەوەی باری سوك ببێت و ڕایکرد. ڕاوچی دوەم لە کاتێکدا سەری سوڕما بو لە کارەکەی وتی:

((هەرچەندە خۆت سوك بکەیت، هێشتا ناتوانیت لە ورچ خێراتر ڕابکەیت و لە ئەنجامدا ئەکەویتە داوەکە. کەوایە سودی ئەم کارەت چیە؟))

ڕاوچی یەکەم وەڵامی دایەوە: ((**من نامەوێت لە ورچ خێراتر ڕابکەم و لە دەستی هەڵبێم. مەبەستم ئەوەیە لە تۆ خێراتر ڕابکەم و پێشت بەمەوە! ئەگەر سەرکەوم لەم کارەمدا و پێشت بەمەوە، ڕزگارم ئەبێت! نهێنی ڕزگاربونم، لە تۆ خێراتر ڕاکردنە.**))

**تێبینی:** ئەمە نهێنی یاسای بێ چی و چلۆنی ڕکابەریە. یەك هەنگاو پێشکەوتن لە ڕکابەر ئەبێتەهۆی سەرکەوتن و یەك هەنگاو دواکەوتن ئەبێتەهۆی شکست و لە ناوچون. لە چەرخی ئێستادا، پێگەی ڕاستەقینەی کەسەکان، ڕێکخراو و کۆمپانیاکان لە مەیدانی ڕکابەریدا دەرئەکەوێت. هونەر ئەوەیە لە مەیدانی

ڕکابەری خۆ لە پێشتر زانیندا، خۆمان بپارێزین. لەم مەیدانەدایە لێهاتویی و توانا ڕاستەقینەکان دیاریئەکرێن.

((جەیمز بیل)) ئەڵێت:

*بۆ ئەوەی سەرکەوتو بین لە ڕکابەریدا پێویستە بەتەنگ شێوازی تازەوە بین، ئەوەی ئەمڕۆ باش ئەنجامی ئەدەین، ئەبێت سەبینێ باشتر ئەنجامی بدەین.*

سەرنج لە چیرۆکێکی تر بدەن لە ((چارلز شواب))ەوە:

((چارلز شواب))، بەڕێوبەری پێشوی پۆلاسازی ئەمریکا، لە کارگەی تواندنەوەی کانزاکان بەڕێوبەرێکی هەبو کە کرێکارەکانی بە هێندەی بەرنامە دارێژراوەکەی کاریان نەئەکرد. شواب لە بەڕێوبەرەکەی پرسی: ((چی ڕویداوە کە بەڕێوبەرێکی شایستەی وەک تۆ ناتوانێت کرێکارەکانی شیفتەکەی خۆی وا لێبکات بە پێی بەرنامە پێشبینیکراوەکەی ئیشی بۆ بکەن و بەرهەمهێنان بکەن؟))

بەڕێوبەرەکە وەڵامی دایەوە: ((نازانم، زمانی ڕەقم بەکارهێناوە، زۆرم لێکردون، بەڵام هیچ کامیان کاریگەریان نەبوە. ڕێکوپێک ئیش ناکەن و ئیش ناکەن نازانم بۆ؟))

شواب لە شیفتی شەوی کارگەکەدا ئیشی ئەکرد. ئەو ئەڵێت: ((بەس یەک پارچە گەچم پێبدەن.)) دواتر ڕوئەکاتە نزیکترین کرێکار و لێی ئەپرسێت: ((بزانم، ئەمڕۆ چەنج کورەتان تواندەوە؟))

کرێکارەکە وەڵام ئەداتەوە: ((شەش کورە.))

شواب بێ ئەوەی یەک وشەی تر بڵێت، یەک ژمارە ٦ ی گەورەی لە ناوەڕاستی کارگەکەدا نوسی و ڕۆشت بە ڕێی خۆیەوە.

کاتێک کرێکارەکانی شیفتی شەو دێنە ناو کارگەکە، ژمارە ٦ گەورەکە ئەبینن و دەربارەی ماناکەی پرسیار ئەکەن. کرێکارەکانی شیفتە پێشوەکە ئەڵێن: ((ئەمڕۆ

سەرۆک هاتبو، لێمانی پرسی چەند کورەتان تواندوەتەوە؟ ئێمەش وتمان شەش کورە. ئەویش گەچێکی هەلگرت و ژمارەی شەشی لەسەر زەویەکە نوسی.))

کرێکارەکانی شیفتی شەو بە بۆڵە بۆڵ کردنەوە ئەڵێن: ((تەممەڵینە! تەنیا شەش کورە؟ نیشانتان ئەدەین!))

ڕۆژی دواتر شواب ئەچێت بۆ کارگەکە، ئەبینێت کرێکارەکانی شیفتی شەو ژمارە ٦ ەکەیان کوژاندوەتەوە و لە جیاتی ژمارە ٧یان نوسیوە.

کرێکارەکانی شیفتی شەو باوەڕیان نەئەکرد ئەو تەممەڵانەی شیفتی شەو توانیبێتیان حەوت کورە بتوێننەوە. لەبەرئەمە دەست ئەکەن بە تواندنەوە بۆ ئەوەی نیشانی کرێکارەکانی شیفتی شەو بدەن کە کارەکەیان ئەوەندەش گرنگ نەبوە. کاتێک کرێکارەکانی شیفتی ڕۆژ کارگەکەیان جێئەهێشت، ژمارە ١٠ یەکی گەورەیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتبو! زۆری پێنەچو کرێکارەکانی کارگەی پۆڵا کە بەرهەمیان لە هەمو کارگەکانی تر نزمتر بو، گۆڕا بە باشترین کارگە.

شواب بێ ئەوەی هاواربکات یان هیچ کەسێک بترسێنێت، گەیشتبوە مەبەستەکەی خۆی، ئەو ئەیوت:

((ئەبێت بۆ بەرهەمهێنان و ڕێکوپێککردنی کارەکان ڕکابەری دروستبکرێت. ئەڵبەتە مەبەستم لە دروستکردنی ڕکابەری لە ڕێگەی پێدانی پارەی زیاترەوە نیە، مەبەستم جوڵاندنی بەهێزی هەستە بۆ ڕکابەرییەکی تەندروست و باشتر.))

ای دوست بیا تا غم فردا نخوریم
وین یك دم را غنیمت شمریم
فردا که این دیر فنا در گزریم
با هفت هزار سالگان سر به سریم *

((خەیام))

## کات بە هەل بزانن

لە جیهانی خەون و وشیاریماندا، پەندی ئیلهام بەخشی تێدایە. ئێمە لەم جیهانەدا، خۆمان لە گەشتێکی درێژ، گەشتێك کە تا ئەوپەڕی سنور درێژە، ئەبینینەوە. بە شەمەندەفەر گەشت ئەکەین. لە پەنجەرەوە، نوقم ئەبین لە سەیرکردنی دیمەنی زو تێپەڕی ئۆتۆمبێلەکانی ناو شەقامەکان، دەست بەرزکردنەوە منداڵەکان، بەرزبونەوەی دوکەڵی کارگەکان، کێڵگەی دانەوێڵە و گەنم، دەشت و دەرەکان، کێو و داوێنە پڕ هەوراز و نشێوەکانی، باڵەخانەی شارەکان و گوند و لادێکان.

بەڵام مەبەستی کۆتایی لە بەرزترین خاڵی مێشکماندایە. ئێمە لە ڕۆژ و کاتێکی دیاریکراودا ئەگەینە وێستگە. گروپی ژەنیارەکان موزیك ئەژەنن و ئاڵاکان ئەشەکێنەوە. هەر بە گەیشتنە جێ زۆرێك لە ئارەزوە سورسوڕهێنەرەکانمان ئەبنە واقع و پارچەکانی ژیانمان وەك پارچەکانی پازڵێك لە تەنیشت یەکدا کۆئەبنەوە و یەکتر تەواو ئەکەن. چەند بێ ئارامانە بە ڕێڕەوەکاندا ئەڕۆین،

* واتە: ((ئەی یار، وەرە با خەمی سبەینێ نەخۆین و ئەم ساتە بە غەنیمەت بزانین. سبەینێك کە لەم دنیایە دەرچوین، ئەبینە هاوڕێی حەوت هەزار ساڵ لەمەوبەر مردوەکان.))

ئەفرەت لە چرکەکانی کات ئەکەین لەبەر درەنگ تێپەڕینیان و هەمیشە لە چاوەڕوانیدایین، لە چاوەڕانی گەیشتنە وێستگە.

ئەڵێین: ((کاتێك بگەینە وێستگەکە، هەمو شتێك باش ئەبێت!))، ((کاتێك ببمە بیست ساڵ!))، ((کاتێك سەیارەیەکی ئاخر مۆدێل بکڕم!))، ((کاتێك کۆتا منداڵم بنێرمە زانکۆ.))، ((کاتێك کۆتا قیستم بدەمەوە!))، ((کاتێك پلەم بەرزببێتەوە.))، ((کاتێك بگەمە تەمەنی خانەنشین بون!))، ئیتر دوای ئەوە بۆ هەمیشە خۆشبەخت و خۆشحاڵ ئەبم!

درەنگ یان زو ئەزانین کە وێستگەیەك لە ئارادا نیە و شوێنێك نیە بۆ پێگەشتنی بۆ هەمیشە و تا کۆتایی تەمەن. چێژی ڕاستەقینەی ژیان، خودی گەشتکردنە. وێستگە تەنیا خەونێکە و هەمیشە و هەردەم پێشمان لێ ئەگرێت.

((کات بە هەل بزانە)) قسەیەکی باشە، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ ئەم قسەیەدا تێکەڵبکرێت: ((ئەمە ئەو ڕۆژەیە خوا دروستیکردوە، ئێمە لەمرۆکەدا شادی ئەکەین و تێیدا شاد و خۆشحاڵین.)) باری قورسی ئەمڕۆ نیە، مرۆڤ شێت ئەکات، بەڵکو خەفەت خواردن بۆ دوێنێ و ترسە لە بەیانی کە مرۆڤ شێت ئەکات. خەم و ترس دو دزن ئەمرۆمان لێئەدزن.

کەوایە، بوەستن لە هەنگاونان لە ڕێڕەو و بڕینی ڕێگەی دور و درێژ. لە جیاتی ئەمە، زیاتر بە شاخەکاندا سەرکەون، زیاتر ساردەمەنی بخۆن، زۆرتر بە پێ پەتی بگەڕێن، لە ڕوباری زیاتردا مەلە بکەن، بوەستن بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابون، زیاتر پێبکەنن و کەمتر بگرین.

**ئەبێت لە ژیاندا گەشت بکەین. زۆر زوتر لەوەی بیری لێئەکەینەوە ئەگەینە وێستگە!**

**((ڕۆبێرت ج، هستینگز))**

مەحاڵ، وشەیەکە تەنیا لە وشەدانی گەمژەکاندائەبینرێت.

((ناپلیۆن بۆناپارت))

## مەحاڵ، مەحاڵە

بەناوبانگترین ڕیکۆردی وەرزشی بڕینی یەک میلە لە چوار خولەکدا. سالآنێک بو پسپۆڕان لەو باوەڕەدابون بڕینی یەک میل بە کەمتر لە چوار خولەک بۆ مرۆڤ، مەحاڵە. بەلآم لە ساڵی ١٩٥٣ پیاوێک بە ناوی ((ڕۆجەر بانیسەر)) توانی ئەم ڕیکۆردە لەماوەی کەمتر لە چوار خولەکدا تۆماربکات.

سەردەمانێک پسپۆڕان لەو باوەڕەدابون بازدان بە درێژایی ٩ مەتر بۆ مرۆڤ مەحاڵە، بەلآم ((بۆب بیمۆن)) بە بازدان بە درێژی ٩ مەتر یەکێک لە سەرکەوتنە وەرزشیەکانی ئەم چاخەی تۆمارکرد.

تێبینی: کاتێک کەسێک پەیدا ئەبێت و ڕیکۆردێک ئەشکێنێت، ئەوانی تر بێ دواکەوتن ئەگەن بە ڕیکۆردێکی نوێ. زۆرینەی ئەو ڕێگرانەی لەسەر ڕێماندان، خۆمان دروستمان کردون. کاتێک بزانین ئەم ((ڕێگران))ە، سنوردارییەکن لە مێشکماندا دروستبون و مەحاڵی فیزیکی نین، ئەگەری شکاندنی ڕێگر و ڕیکۆردەکان بە شێوەیەکی لەبەرچاو زیادئەکات. وەک ((لارۆشفوکۆ)) ئەڵێت: ((ئەوەی ئێمە وا بیرئەکەینەوە هەندێک شت مەحاڵن، زۆربەی لەبەرئەوەیە بیانومان هێناوەتەوە بۆی.))

کاتێک کەسانی تر ژماردنی مەحاڵەکان دەستپێئەکەن، من دەستئەکەم بە ژماردنی ئەو شتانەی ئەتوانرێت بەدەستبهێنرێن.

((کیم وو چونگ))

مرۆڤـــەکان عەیبـــەکانی خۆیـــان بـــە دووربـــین و کەموکورییـــەکانی کەســـانی تـــر بـــە زەرەبـــین سەیرئەکەن.

((امیل نۆزید))

## بڕیاری پێشوەخت

ڕۆژێك سەرۆك دێیەك و هاوسەرەکەی ناچاربون بۆ بردنـی تـۆو بـۆ کێڵگەکـەیان منداڵە بچوکەکەیان کە لـە خـەودا بـو، بۆ ماوەیـەك لـە ماڵەکەیانـدا جێبهێڵن. لە لایەکی ترەوە، بونی سەگە بـەوەفا پارێزەرەکـەی ماڵیـان، ئاسـودەی کردبون لە ترسناکی گیانەوەری دڕندەی وەك گـورگ. کاتێـك هـەردوکیان لـە کـار گەڕانـەوە، سەگەکەیان بە تۆقیوی، بە پۆزەی خوێنینەوە بینی کـە چـاوەڕوانی گەڕانـەوەیان بـو. ژنەکـە هـاواریکرد سـەگەکە منداڵەکـەی خـواردم، سـەرۆك گوندەکـەش بێ دواکەوتن نیشانەی گرتـە ناوچـاوی سـەگەکە و بـە گوللەیـەك کوشـتی. کاتێـك بە شلەژاوی ڕۆشتنە ناو ماڵەکەیان، بینیان منداڵەکەیان هێشتا لە خـەوێکی قوڵدایـە و گورگێك کوژراوە و بە لاشەی خوێنینەوە لەسەر زەویەکـە کـەوتوە و هـەمو شتێك شایەتحاڵی گێڕانەوەی شەڕی قورسی نێوان گورگ و سەگەکەبو.

**تێبینی:** هەرگیز لەسەر ڕوکەشی شتەکان بڕیارمەدەن، هەمیشە واقعیـەت بەو شێوەیە نیە کە دێتەبەرچاو.

کۆنفۆشیۆس ئەڵێت:

**((پیاوی گەورە بە یەکەم بینین بڕیارنادات.))**

پەندێکی ڕوسیش لە تەواوکردنی قسەکەی کۆنفۆشیۆسدا ئەڵێت:

**مانگا لەوانەیە ڕەش بێت بەڵام شیرەکەی سپیە!**

حەکیمێکی تێگەشتوش ئەڵێت:

بڕیاری پێشوەختدان لە شتانێکدا کە لایەنی جیاوازیان هەیە، بەڵگەی گەمژەیی و گێلیە.

حەزرەتی عەلیش ئەڵێت:

نێوانی ڕاستی و ناڕاستی چوار پەنجەیە و ئەم ماوە کورتە هەمیشە لە بڕیاردانەکانتاندا بپارێزن.

گوێ لە چیرۆکێکی تر بگرن:

ڕۆژێك مەلا نەسرەدین چوە لای دەرمان فرۆشێك و داوای دەرمانی نیزگەرەی کرد. دەرمان فرۆشەکە باوێشکێکی دا و زللەیەکی توندی دا لە بناگوێی مەلا. مەلا کێشای بە شوشەی دوکانەکەدا و شکاندی. مەلا وتی: ((من داوای دەرمانم لێکردی، ئەمە چی کارێك بو کردت؟))

دەرمان فرۆشەکە وتی: ((دەرمانی نیزگەرە ئەمەیە. ئێستا ئەتوانی تەنیا پارەی شوشەکە بدەیت و بڕۆیت.)) مەلا وتی: ((گەمژە، دەرمانەکەم بۆ کوڕەکەم ئەویست!))

چوار کەس لە چوار وەرزدا، یەك درەخت بە چوار شێوە ئەبینن، وا باشە زو بڕیار نەدەین.

## کاتژمێری ڕاست

ڕۆژگارێك لەمەوبەر پیاوێك ئەژیا کە لێپرسراوی کرێکارەکانی کارگەیەك بو. هەمو ڕۆژێك بەیانی کاتێك ئەیویست بڕوات بۆ شوێنکارەکەی، بە بەردەم دوکانێکی کاتژمێر فرۆشیدا ئەڕۆشت. لەبەردەم جامخانەی دوکانەکەدا ئەوەستا و کاتژمێرە دەستیەکەی ڕێکئەکرد و دوای ئەمە ئەڕۆشت بۆ کارگەکە. خاوەنی دوکانەکە زۆر سەری سوڕمابو، ڕۆژێك لەبەردەم پیاوەکەدا وەستا و پرسیاری لە هۆی ئەم کارەی کرد. پیاوەکە وتی کە ئەو لێپرسراوی کارگەیەکە و ئەرکی ئەوەیە هەمو ڕۆژێك لە کاتژمێر پێنجی تەواودا زەنگی تەواوبونی کار لێبدات. لەبەرئەوەی ئەیەوێت بە ڕێکوپێکی ئاگاداری کاتەکە بێت، لەبەرئەمە هەمو ڕۆژێك، کاتژمێرە دەستیەکەی لەسەر کاتژمێری دوکانەکە ڕێك ئەخات. لە ناکاو خاوەنی دوکانەکە، کەوتە پێکەنین و وتی: ((زۆر سەرنجڕاکێشە، لەبەرئەوەی هەمو ڕۆژێك منیش کاتژمێر پێنجی تەواو کاتێك زەنگی کارگەکە لێئەدرێت، بە خێرایی کاتژمێرەکەم ڕێکئەخەم.))

**تێبینی:** ئەگەر بمانەوێت بگەینە سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە ژیاندا، ئەبێت شوێنکەوتەی سەرکردە ڕاستەقینەکان بین. ئەبێت کەسانێك بکەینە نمونەی خۆمان کە کەسایەتیەکی بەڕێز و دیاربن و باوەڕی ئەڕێ و دروستکەریان هەبێت.

کاسه چشم حریصان پر نشد
تا صدف قانع نشد پر در نشد*

## براوەی خەلاتەکان

ڕۆژێك مۆڵەت بە براوەی کۆتایی فرۆشگایەکی زنجیرەیی ئەدەن بۆ ماوەی ١٥ خولەك هەر شتێکیان حەز لێیە لە فرۆشگاکەدا، کۆیکەنەوە. بڕیاربو ئەو کەسەی لە هەموان زیاتر سەرکەوتو بێت اە کۆکردنەوەی کالا لای سندوقەکەدا، بە براوەی کۆتایی ڕابگەیەنرێت.

بە دەستپێکردنی کێبڕکێکە، پێنج براوەکەی کۆتایی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر لە نێوانی ڕێڕەوی فرۆشگاکەدا، سەرقاڵی کۆکردنەوەی کالا بەنرخەکان بون و ئەیانکردە ناو عەرەبانە دەستیەکەیان، عەرەبانەکان ئەیاندا بەیەکدا و بەر کەلوپەلی ناو فرۆشگاکە ئەکەوت. پێشبڕکێیەکی جەنجاڵ و پڕ جۆش و خرۆش بو کە بەشداربوەکانی شێت ئاسا لەم سەری فرۆشگاکە ڕایانئەکرد بۆ ئەو سەری.

لەم کاتەدا لەکۆتایی یەکێك لە ڕێڕەوەکانی فرۆشگاکەدا پیاوێك دەرکەوت کە بێ پەلەکردن و بە هێواشی ڕێی ئەکرد و جار جارە کالایەکی هەڵئەگرت و ئەیخستە ناو عەرەبانە دەستیەکەی. لەم پاڵنان و بگرە و بەردەیەدا یەکێك لە پێنج براوەکەی کۆتایی سەیری جوڵە هێواش و لەسەر خۆکانی پیاوەکە ئەکات و هاوارئەکات: ((بۆچی ناگەڕێیت بۆ کالا و وەك هەموان پەلە ناکەیت؟))

---

* واتە: ((کاسەی چاوی هەلپەکاران پڕ نەبو، تا گوێچکە ماسی قانع نەبو پڕ نەبو لە دوڕ.))

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: ((لەبەرئەوەی کوڕی خاوەن فرۆشگاکەم.))

**تێبینی:** ژیانی زۆرێك وەك كێبڕكێكەی ناو فرۆشگاكەیە. ئەوان هەمیشە بەملاولادا ڕائەکەن و بەیەکدا ئەدەن. بۆ ڕازیکردنی هەستی هەڵپەکاری و زیادە ویستیان بێ وەستان هەوڵ ئەدەن تا هەرچی زۆرتر دارایی کۆبکەنەوە، بێئاگا لەوەی لە کۆتاییدا هەمومان بە دەستی خاڵی دنیا جێئەهێڵین.

لە هەمو دینە ئاسمانی و کتێبە پیرۆزەکاندا هاتوە:

((مرۆڤ لە دنیادا چاوچنۆکە!))

لێرەدا گوێی گیان ڕائەدێرین بۆ شیعرێکی **((عەتاری نیشابوری))**:

چون اسکندر را مسخر شد جهان — وقت مرگ او درامد ناگهان
گفت تابوتی کنید از بهر من — دخمه‌ای سازید پیش شهر من
کف گشاده دست من بیرون کنید — نوحه بر من هر زمان افزون کنید
تا ز مال و لشکر و ملك و شهی — خلق بینند دست من تهی
گر جهان در دست من بود ان زمان — در تهیدستی برفتم از جهان
ملك و مال این جان جز پیچ نیست — گر همه یابی چو من جز هیچ نیست

واتە: پاشای گەورەی یۆنان، ئەسکەندەر، دوای گرتنی ناوچە گەلێکی زۆر، لە کاتی گەڕانەوەدا بو بۆ نیشتمانی خۆی. لە ڕێگەدا، نەخۆش کەوت و بۆ ماوەی چەند مانگێك لەسەر جێگە کەوت. بە نزیك بونەوەی مردنی، ئەسکەندەر بۆی دەرکەوت کە چەند سەرکەوتنەکان، سوپا گەورەکەی، شمشێری تیژ و هەمو سەروەت و سامانەکەی بێسود بون. ئەو سەرکردەکانی سوپاکەی بانگکرد و وتی:

-من ئەم دنیایە بەم زوانە جێدەهێڵم، بەڵام بەر لە مردنم سێ داواکاریم هەیە تکایە داواکاریەکانم جێبەجێبکەن. سەرکردەکانی شەڕ لەکاتێکدا فرمێسک لە چاوەکانیان ئەباری، ڕازیبون تا دوایەمین داواکاریەکانی سەرکردەکەیان جێبەجێبکەن. ئەسکەندەر وتی:

- یەکەمین داواکاریم ئەوەیە کە پزیشکەکانم ئەبێت بە تەنیایی هەڵگرن. دوەم، کاتێك کە تابوتەکەم ئەبرێت بۆ گۆڕستان، ئەبێت ڕێگەکەی بەو زێڕ و زیو و بەردە گرانبەهایانەی لە خەزێنەدا کۆمکردونەتەوە، دابپۆشرێت. سێیەمین و کۆتایەمین داواکاریشم ئەوەیە ئەبێت هەردو دەستم لە تابوتەکەمەوە بێننە دەرەوە.

ئەو خەڵکەی لەوێ کۆ بوبونەوە سەریانسوڕما لە داواکاریە سەیرەکانی پاشا. بەڵام هیچ کەسێك بوێری سەرپێچی نەبو. سەرکردە سوپاییە خۆشەویستەکەی ئەسکەندەر دەستی ماچکرد و خستیە سەر دڵی خۆی و وتی: سەروەرم، دڵنیاتان ئەکەمەوە هەمو داواکاریەکانتان جێبەجێ ئەکرێن، بەڵام بڵێن بۆچی داواکاری ئاوا سەیرتان هەیە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەسکەندەر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی:

ئەمەوێت هەمو جیهان ئاگاداربکەمەوە لە سێ وانە کە تازە فێریان بوم، پزیشکەکان تابوتەکەم هەڵگرن بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن پزیشکەکان هەمیشە دەرمانکەری دەردەکان نین. ئەوان لاوازن و ناتوانن مرۆڤ لە چنگی مردن ڕزگارکەن، لەبەرئەمە خەڵکی ئەزانن ژیان هەمیشەیی و ئەبەدی نیە.

دوەمین داواکاریم، واتە پۆشینی ڕێگەی گۆڕستان بە زێڕ و زیو و گەوهەرات، ئەم پەیامە ئەگەیەنێت بە خەڵکی کە کاتی هاتنی مردن ناتوانرێت هیچ پەیوەستیەکی دنیایی لەگەڵ خۆدا ببرێت، بەڵام سێیەمین داواکاریم، واتە هێنانە

دەرەوەی دەستەکانم لە تابوتەکەمەوە، ئەمەویت خەڵکی بزانن کە من بە دەستی خاڵیەوە هاتومەتە ئەم ژیانەوە و بەدەستی خاڵیشەوە جێی ئەهێڵم.

کۆتا قسەکانی ئەسکەندەر:

- لاشەکەم بنێژن، هیچ گومەزێکم بۆ دروست مەکەن و دەستەکانم لە تابوتەکەمەوە بێننە دەر بۆ ئەوەی جیهان بزانن، من کە زۆر شتم بە دەستهێنا، ئێستا کاتێک لەم دنیایە ئەڕۆم، هیچ شتێکم لە دەستدا نیە.

زۆر سەیرە ئێمە ئەبینین و ئەزانین، مردن بێ هەواڵ دان دێت. تەمەنمان کورتە و لە هەموی گرنگتر کفنەکان گیرفانیان نیە و هیچ تاپۆیەکی موڵک لەو دنیادا بایەخی نیە!

هەمو شتێك پەیوەستە بە تێڕوانینتانەوە، کێشەکان ئەتوانن ڕوبەڕوی شکست یان سەرکەوتنتان بکەنەوە.

((جۆن ماکسوێل))

## تێڕوانین و کێشە

ئەڵێن لە شەڕی کۆریادا، یەکێك لە سەرکردە سەربازیە دەریاییەکان کاتێك لە لایەن هەشت کەشتی دوژمنەوە چواردەوریان گرت، وتی:

((زۆر باشە، لە چەپ، راست، لە پێش و دواوە چواردەوریان گرتوین، ئەمجارە ناتوانن لە دەستمان هەڵبێن!))

**تێبینی:** ڕێگر، کێشە، کەموکوڕیەکان لە ژیاندا ڕێ لێنەگیراون. ئەتانەوێت چۆن ڕوبەڕویان ببنەوە؟ ئایا خۆتان ئەدەن بە دەستیانەوە؟ ئایا مۆڵەت ئەدەن بارودۆخەکانی ژیان، بتانچەمێنێتەوە و کووڕتانکات؟ یان نا، بە باشترین شێوە سود لە هەمو شتێك وەرئەگرن؟ ئەوەی چ ڕێچکەیەك بگرنە بەر پەیوەندی بە تێڕوانینتانەوە هەیە. کاتێك کێشەیەك بۆ کەسێك دێتەپێشەوە کە تێڕوانینێکی ئەرێنی هەیە، بەزۆری ئەنجامەکە سەرسوڕهێنەرە، وتاربێژ، زانا و مرۆڤە گەورەکان لە ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکاندا دەرئەکەون. بۆ ئەمانە هەر کێشەیەك هەڵێکی پێیە بۆیان. وەك چۆن هەر هەڵێکی گونجاو کێشەیەك لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێت. لەبەرئەمە تێڕوانینی کەسەکە دیاری ئەکات چۆن ڕوبەڕوی کێشەکان ئەبێتەوە.

پیری بۆ من پانزە ساڵ دوای ئەو تەمەنەیە کە تێیدام.

((بێرنارد ئێم. باروخ))

## پیری گازیوەی بەرەبەیانی دانایییە

((ڤۆڵتێر)) فەیلەسوفی فەرەنسی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کتێبی فەرهەنگی فەلسەفەی نوسی.

((ئەدیسۆن)) شێوەی سودوەرگرتن لە کارەبای لە حەفتا ساڵیدا داهێنا.

((سعدی)) هەشتا و دو ساڵ تەمەنی کرد و تا کۆتایی تەمەنی خۆی سەرقاڵی نوسین و دارشتنەوەی بوستان و گولستان بو.

((پیکاسۆ)) تا نەوەد و نۆ ساڵی بەرهەمە بەناوبانگ و تابلۆکانی بڵاوئەکردەوە.

((ڤیکتۆر هۆگۆ)) کۆتا بەرهەمی بە ناوی ((کۆتا ڕۆژی مەحکومێك))ەوە لە هەشتا ساڵیدا دانا.

((ئەلبێرت شوارتز)) لە هەشتا و نۆ ساڵیدا سەرپەرشتی نەخۆشخانەیەکی کرد لە ئەفریقا.

((برتراند ڕاسل)) تا نەوەد و چوار ساڵی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئاشتیدا

هەوڵی ئەدا.

((مەولەوی)) کۆتایی تەمەنی پڕ بەرەکەتی ((شەست و هەشت ساڵی))،

سەرقاڵی نوسینی بەرهەمە بەناوبانگەکەی ((مەسنەوی مەعنەوی)) بو.

((لۆرد گلادستۆن)) لە هەشتا و نۆ ساڵیدا بۆ چوارەمین جار بوە سەرۆک

وەزیرانی بەریتانیا.

مرۆڤایەتی لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و درەوشانەوەیدا قەرزاری بە تەمەنەکانە. لەبەرئەوەی لە سەردەمی پیریدا، مرۆڤ دانایی پەیدائەکات و ئەزمونەکانی ئەگوازێتەوە بۆ نەوەی داهاتو. مرۆڤ بە پیر نەبون ئەوەستێت لە گەشە.

((تۆلستۆی))

ژیـان بـێ لەبەرچـاوگرتنی بنـەما ئـەخلاقی و ڕەفتاریـەکان، بـە گەنـدەڵ و خراپـەکاری کۆتـایی پێدێت.

((کۆن بلانچارد))

## درەختی بەڕو

بەڕوپەکی زەبەلاح هەبو کە دەوروبەرەکەی زۆر جوان و دڵڕفێن بو و ساڵانی ساڵ بو خوێندکارەکان بۆ یەکتر بینین ئەهاتن بۆ ژێر ئەم درەختە. قسەکردن و باسکردنی حەوشەی زانکۆکە بێ باسکردنی جوانی ئەم درەختە گەورە کە لقەکانی بە هەمو لایەکدا بڵاوکردبوەوە بۆ چێژوەرگرتنی کەسانی تر، مەحاڵ بو. دار بەڕوەکە وەك بڵێی بۆ هەمیشە بو بو بە بەشێکی هەرگیز دانەبڕاو لەم شوێنە جوان و خەون ئاسایە. تا ئەوەی ڕۆژێك دار بەڕوەکە بەدەنگێکی ناسازگارەوە شکا و کەوتە سەر زەوی. هەموان ناڕەحەت و دڵتەنگ بون لە شکانی درەختەکە، تەنیا لەم کاتەدا شتێکیان بۆ دەرکەوت کە هەرگیز ڕێیان نەدابو بە خۆیان بە بینینی توشی ئازار ببنەوە. خۆرەی ناوەکی، مانگ بە مانگ، وەرز بە وەرز، لە ڕێڕەوێکی مارپێچیدا، هەیکەلی درەختەکەی گرتبوەوە. خورانی لەسەرخۆ بەتەواوی لە ناوی بردبو. ئەو درەختە بەهێزەی کە لە ڕوکەشدا بە نەمر ئەهاتەبەرچاو، بەهۆی خورانی بەرە بەرەوە بە تەواوی ناوکرۆکی پێوەنەمابو. ئەوەی ڕێبواران ئەیانبینی، شتێك نەبو بێجگە پەیکەری دار بەڕویەکی لەسەر زەوی ڕاکشاو.

**تێبینی:** ئەم بابەتە دەربارەی مرۆڤیش ڕاستە. بچوکترین بەدڕەوشتی ئەخلاقی و ڕەفتاری ئەتوانێت وەك نەخۆشیەکی بێ چارەسەر بەرە بەرە سەرانسەری هەیکەلی مرۆڤ بگرێتەوە و لە ناوی ببات.

گەشـەکردن، لـە سـەدا یـەکی ئیلهامـە و
نەوەدو نۆکەی تری ئارەق ڕشتنە.

((تۆماس ئەدیسۆن))

## تەممەڵی تەوەزەل

مامۆستاکەی قیڕاندی بە سەریدا و بە ((تەممەڵی تەوەزەلی هیچ تیابەسەر نەبو!)) بانگی کرد و داوای لێکرد خوێندن تەرك بکات. سەرەڕای وازهێنانی لە خوێندن، بەر لە بیست ساڵی مافی تایبەتی داهێنانی مەکینەی هەڵمی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

داهێنانی دواتری ئامێرێك بو کە شەمەندەفەرە لە ڕێ دەرچوەکانی دوبارە ئەگەڕاندەوە سەر هێڵە ئاسنینەکە کە بۆ هەریەکە لە هێڵە ئاسنینەکان دانەیەکیان لێ کڕی. بەر لە کۆتایی هاتنی تەمەنی پڕ لە داهێنانی، زیاتر لە چوارسەد داهێنانی هەبو و جۆرێك ئیمپراتۆریەتی دامەزراندبو کە هاوشێوەی نەبو. سەرەڕای ئەوەی لە کۆتایی تەمەنی پڕ بەرهەمیدا، توانای نەمابو، بە یارمەتی کورسی گەڕۆك بە تەنگ داهێنان و دروستکردنی ئامێری نوێوە بو.

لە کاتی مردنیدا کۆتا داهێنانی -واتە کورسی مەکینەیی گەڕۆك- لە ئەنیشتیدابو.

ئەو پیاوەی بە ((تەممەڵی تەوەزەل)) ناوبرابو ((جۆرج ڤستینگهاوس)) بو. ئەو بیروباوەڕە نەرێکانی دەوروبەرەکەی دەربارەی خۆی قبوڵ نەکرد و لە جیاتی ئەمە بوە یەکێك لە دەوڵەمەندترین و داهێنەرترین پیاوانی مێژو.

**تێبینی:** هەوڵبدەن بۆ ئامانجەکانتان تەنانەت ئەگەر بۆچونی خەڵکیش نەرێ بێت بەرامبەرتان.

دانی که خدا چرا تو را داده دو دست
من معتقدم که اندر ان سری هست
یعنی که به دستی برسی به کار خویش
با دست دگر ز دیگران گیری دست *

## پیاوێکی دەوڵەمەندو کچێکی هەژار

ڕۆژێك کچێکی هەژار لە سوچی کۆڵانێکدا دانیشتو و داوای یارمەتی لە کەسانی تر ئەکرد. جلێکی دڕاو و کۆنەی لە بەردابو و لە ڕوخساریدا ماتەم و خەم و نارەحەتیەکی زۆر ئەخوێنرایەوە. پیاوە دەوڵەمەندەکە بەو کۆڵانەدا تێپەڕ، بەڵام تەنانەت لایەکیشی نەکردەوە بە لای کچە هەژارەکەدا. ئەم پیاوە کاتێك گەیشتە ماڵە ڕازاوە و جوانەکەی خۆی و خێزانە گەرم و سفرە ڕەنگینەکەی ماڵەکەی بینی، کەوتەوە بیری کچەکە و گلەیی بۆ ڕۆژگاری تاڵ و پڕ ئازاری کچەکە ئەکرد و ڕویکردە ئاسمان و وتی: ((ئەی خوای گەورە، چۆن ڕازی ئەبیت شتێکی وا ڕوبدات؟ بۆچی شتێك ناکەیت بۆ یارمەتیدانی ئەو کچە؟))

لەم کاتەدا دەنگێکی لە ناخی خۆیدا بیست کە ئەیوت: ((ئەو کارەم کردوە، تۆم دروستکردوە!))

**تێبینی:** خوا دو دەستی پێداوین، یەکێك بۆ وەرگرتن ئەوی تریان بۆ بەخشین. ئێمە گەنجینە نین بۆ شت هەڵگرتن، بەڵکو جۆگەیەکین بۆ گواستنەوە.

---

* واتە: ((ئەزانیت بۆچی خوا دو دەستی پێداویت؟ من لەو باوەڕەدام ئەم ماستە بێ مو نیە، نهێنیەکەی ئەوەیە بەدەستێك بگەیت بە کاروباری خۆتدا و بەدەستەکەی ترت دەستی کەسانی تر بگریت و یارمەتیان بدەیت.))

مرۆڤ هەر ئەوەیە کە باوەڕی پێیەتی.

((ئەنتوان چیخۆف))

# هێزی باوەڕ

پزیشکەکانی تەگزاس لێکۆڵینەوەیان دەربارەی کاریگەری نەشتەرگەری ئەژنۆ بە ئارترۆسکۆپی، ئەنجامدا. نەخۆشەکانیان لە یەکێك لە سێ قۆناغەکەی نەشتەرگەریدا وازلێهێنا، ڕوشاندنی جومگەی ئەژنۆ، شۆردنی ئەژنۆ و.....

لە ماوەی نەشتەرگەریە ڕوکەشیەکەدا، پزیشکەکان ئەژنۆی نەخۆشەکەیان بێهۆش ئەکرد و سێ دەرزیان ئەکردە ئەژنۆیان بۆ ئەوەی بتوانن ئامێرەکانیان بیەنە ناویەوە و دواتر وایان دەرئەخست سەرقاڵی نەشتەرگەرین. دو ساڵ دوای نەشتەرگەریەکە، ئەو نەخۆشانەی نەشتەرگەریە ڕوکەشیەکەیان بۆ ئەنجامدرابو، لە تۆماری کەمبونەوەی ئازارەکانیاندا هێندەی کەسە بە ڕاستی نەشتەرگەری بۆ کراوەکان، کەمبونەوەی ئازاریان تۆمارکردبو. مێشکیان قبوڵیکردبو و باوەڕی کردبو کە ئەم جۆرە نەشتەرگەریە، چارەسەری ئەژنۆ ئەکات.

ئەتوانن ببنە هەمو ئەوەی ئەتانەوێت، ئەگەر تەنیا باوەڕتان هەبێت و بە پێی ئەو باوەڕەتان کار بکەن، لەبەرئەوەی مێشك بتوانێت باوەڕ بە هەر شتێك بکات، ئەتوانێت بەدەستی بێنێت.

((ناپلیۆن هیل))

حەوت جار بدە بە زەویدا، هەشت
جار هەستەرەوە.

((پەندی ژاپۆنی))

## تەنیا یەك وێستگەی تر

((تێری فاکس)) کە قاچی ڕاستی بەهۆی شێرپەنجەوە لەدەستدابو، بڕیاریدا لە ڕاکردنی ماراسۆنی ساڵی ١٩٨٠ی کەنەدادا بەشداربیکات بۆ ئەوەی پارە کۆبکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە شێرپەنجە. ئەو هیلاك و ماندو هەمو ڕۆژێك نزیکتر ئەبویەوە لە کاتی ٤١ کیلۆمەتری ماراسۆنەکە. ئەویش بە پێی دەستکردەوە! بڕیاریدا ١٤٣ ڕۆژ ڕابکات و زیاتر لە پێنج هەزار کیلۆمەتر لە خاڵی دەستپێکردنیەوە لە بەندەری تیندەر لە ئۆنتاریۆ ببڕێت، ئەو شوێنەی بەهۆی دیاریکردنی شێرپەنجەوە ناچاربو بوەستێت لە ڕاکردن. ئەو چەند مانگێك لەمەوبەر مرد، بەڵام بو بە هێماییەکی نمونەیی چاولێکردن و ئەفسانەیەك.

هەمو ساڵێك پێشبڕکێیەکی ڕاکردنی ماراسۆنی تێری فاکس لە کەنەدا و سەرتاسەری جیهاندا ڕێکئەخرێت و تا ئێستا سێ و چوار ملیۆن دۆلار کۆکراوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی شێرپەنجە. کاتێك لێیانپرسی چۆن توانیت بەو هەمو ئازار و ماندوێتییەی بەهۆی ڕاکردنەوە ڕوبەڕوت ئەبویەوە، هەزاران کیلۆمەتر ببڕیت؟ وەڵامی دایەوە: ((من تەنیا ئەموت تا وێستگەی داهاتو، ڕائەکەم و هەمو جارێك ئەمەم دوبارە ئەکردەوە.))

**هەمیشە زوە بۆ خۆبەدەستەوەدان و وازهێنان لەهەوڵدان.**

((نورمن ڤینسنت پیل))

ئـەو کەسـەی هەمیشە بـە قوتـابیێتی ئەمێنێتـەوە، هـەقی زەحمەتـەکانی فێرکارەکەی بە باشی ناداتەوە.

((نیتچە))

## مورید یان قوتابی

دوو مامۆستای دانا دەربارەی دانایی و مانای ژیان پێکەوە قسەیان ئەکرد.

یەکەمیان وتی بە دوەمیان: ((جاك پێی وتم یەکێکە لە قوتابیەکانت.))

مامۆسـتای دوەم وەڵامـی دایـەوە: ((بـەڵێ، جـاك لـە زۆربـەی وانەکانمـدا ئامادەئەبێت بەڵام یەکێك نیە لە قوتابیەکانم.))

**تێبینی:** جێی داخە کە موریدی دوراودور زۆرە و قوتابی ڕاستەقینە کەم.

((شێری کارتەر)) ئەڵێت:

**((قوتابیێتی لە پلەتان کەم ناکاتەوە. بەڕاستی، قوتـابی بون لـە دنیـادا، توانا گەلێکتان پێئەبەخشێت کە ئـەو کەسـانەی ئامـادەی قبـوڵکردنی ئـەم ڕۆڵـە نـین، بێبەش ئەبن لێی)).**

گویند سنگ لعل شود در مقام صبر
اری شود ولیك به خون جگر شود*

((حافظ))

## با ئارامگر بین

((جەیمز گارفیلد)) بەر لە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، سەرۆکی زانکۆی ئۆهایۆ بو. ڕۆژێك باوکی یەکێك لەو خوێندکارانەی کە کوڕەکەی ئەگەری چونە زانکۆ و وەرگرتنی بەرز بو، هاتە بەردەمی و ڕەخنەی لە نارەحەتی و درێژی بەرنامە فێرکاریەکان و کێشەدارییان ئەگرت و ئەیوت:

((ئایا ناتوانن کۆرسە فێرکاریەکان ئاسانتر بکەنەوە؟ کوڕەکەم هەرگیز ناتوانێت ئەم هەموە ئەرکەی زانکۆ ڕاپەڕێنێت. بە دڵنیاییەوە قەدبڕێك هەر هەیە.))

گارفیلد وەڵام ئەداتەوە: ((وا ئەزانم ئەتوانم بەرنامەیەکی لەو شێوەیە دابڕێژم، بەڵام هەمو هۆکار و بابەتەکان پەیوەندیان بەوەوە هەیە کە ئێوە چیتان ئەوێت بۆ کوڕەکەتان. باش ئەزانن گەشە و گەورە بونی دار بەڕویەك سەدانساڵی پێئەچێت، لە کاتێکدا کولەکەیەکی ئاوی تەنیا پێویستی بە دو مانگ هەیە!))

پەندێکی ئەڵمانی دەربارەی ئارامگری ئەڵێت:

**ئەو ڕۆژەی ئارامگری لە باخی ژیانتدا بڕوێت، ئومێدەواری چینینەوەی میوەی سەرکەوتن بە.**

---

* واتە: ((ئەڵێن بەرد ئەگەر ئارام بگرێت ئەبێتە گەوهەر، بەڵێ ئەبێت بەڵام بە خوێنی دڵ ئەبێتە گەوهەر.))

گویند صبر کن تو را صبر بر دهد　　اری دهد ولیك به خون جگر دهد
من عمر خویش را به صبوری گزاشتم　　عمری دیگر بباید تا صبر بر دهد

واته:(( ئەڵێن ئارامبگرە، ئارامگری بەرهەمی ئەبێت. بەڵێ بەرهەمی هەیە بەڵام بە خوێنی دڵ بەرهەم ئەدات. من تەمەنی خۆمم لە ئارامگرتندا بەسەر برد، ئەبێت تەمەنێکی تر هەبێت بۆ ئەوەی ئارامگریەکەم بەرهەم بدات.))

ئەبێت ئامانجی مرۆڤ لەوە بەرزتر بێت کە دەستی پێبێنەگات، ئەگینا ئاسمان بە کەڵکی چی دێت؟

((براونینگ))

## با ئامانجی بەرز و باڵامان هەبێت

ڕۆژێك مامۆستای بەشی ئابوری تاقیکردنەوەیەکی قوتابیەکانی کرد و بۆ ئەم مەبەستە سێ جۆر پرسیاری دانا. داوای لە قوتابیەکانی کرد تەنیا یەك پرسیار لەم سێ پرسیارە وەڵام بدەنەوە.

پرسیارەکانی بەشی یەکەم، نارەحەتترین پرسیار بون و پێنج نمرەیان لەسەر بوو.

پرسیارەکانی بەشی دوەم لە پرسیارەکانی بەشی یەکەم ئاسانتر بون و چل نمرەیان لەسەر بوو. بەشی سێیەم، ئاسانترین پرسیاری تاقیکردنەوەکە بون و سی نمرەیان لەسەر بو. مامۆستا دوای کۆکردنەوەی کاغەزەکانی تاقیکردنەوەکە، باشترین نمرەی دا بەو خوێندکارانەی بەشی یەکەمی پرسیارەکەیان وەڵام دابویەوە. نمرەی مامناوەندی دا بەو خوێندکارانەی وەڵامی پرسیاری دوەمیان دابویەوە و کەمترین نمرەشی دا بو خوێندکارانەی وەڵامی پرسیاری سێیەمیان دابویەوە.

خوێندکارەکان داوای هۆکارەکەیان لێکرد و مامۆستاش لە کاتێکدا پاڵی دابویەوە بە کورسیەکەیەوە و پێئەکەنی وتی: ((من زانیارەکانتانم تاقینەکردەوە، بەڵکو مەبەستم تاقیکردنەوەی ئامانجەکانتان بوو.))

> **بلکێن بە خەونەکانتانەوە و بە زیندویی بیانپارێزن، لەبەرئەوەی ئەگەر خەونەکانتان بمرن، ژیانتان ئەگۆڕێت بە باڵندەیەکی باڵشکاو و چیتر توانای فرینی نابێت.**
>
> ((لانگستۆن هیوز))

## هاندان، ئۆکسجینی دەرونە

ڕۆژێك پیاوێکی پیر ڕۆشتە لای ((دانتی گابریل ڕوستی))، شاعیر و وێنەکێشی بەناوبانگی سەدەی نۆزدەیەم. هەندێك وێنە و تابلۆی نیشانی ڕوستیدا و داوای لێکرد بۆچونی خۆی بلێت دەربارەی وێنەکان و توانا ئەگەریەکەی وێنەکێشەکە.

ڕوستی بە وردی سەیریکردن و دوای سەیرکردنی هەندێکیان بۆیدەرکەوت هیچ بەهایەکی هونەریان نیە و وێنەکێشەکەیان توانایەکی کەمی هەیە. ڕوستی پیاوێکی میهرەبان بو ، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبو درۆ بکات و دوای داوای لێبوردن و ڕونکردنەوە، بە نەرمی بە پیاوە پیرەکەی وت وێنەکان بەهای هونەریان نیە. پیاوە پیرەکە دڵی شکا و ناڕەحەت بو بەڵام وەك بڵێی چاوەڕوانی قسەیەکی لەو شێوەیە بو لە لایەن ڕوستیەوە. ئەو دوای داوای لێبوردن کردن لەوەی کاتی گرانبەهای ڕوستی گرتبو دوبارە داوای لێکرد سەیری وێنە گەلێك بکات کە لە لایەن وێنەکێشێکی گەنجەوە کێشرابون و بۆچونی خۆی بڵێت دەربارەیان.

ڕوستی سەیری وێنەکانی کرد و یەکسەر کەوتە ژێر کاریگەریان و وتی: ((ئاه، ئەم وێنانە بەڕاستی زۆر باشن. دەرونی ئەم هونەرمەندە گەنجە، پڕە لە توانا و لێوەشاوەیی. ئەبێت ئەم گەنجە هانبدرێت لەسەر ئەو ڕێیەی گرتویەتیەبەر و دەستخۆشی لێبکرێت. ئەگەر بەردەوام بێت لە کارەکەی و هەوڵی زۆر بدات، داهاتویەکی ڕوناك چاوەڕوانیەتی.))

ڕوستی کاتێك بینی پیاوە پیرەکە زۆر کەوتوەتە ژێر کاریگەری، پرسی: ((ئەم هونەرمەندە گەنجە کێیە؟ کوڕتانە؟))

پیاوە پیرەکە بە خەمباریەوە وتی: ((نا کورِم نیە، خۆمم. ئەمانەم چل ساڵ لەمەوبەر کێشاوە. بەڵام ئەگەر ستایش و هاندانی تۆم لەو سەردەمەدا ببیستایە، توشی نائومێدی نەئەبوم و بەردەوام ئەبوم لە رێگەکەم.))

**تێبینی:** بە هاندان ئەتوانرێت وزە شاراوەکان دەربخرێن و بخرێنە سەر رێچکەیەکی راست و دروست بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گەورە و باڵا.

((چارلز شواب)) ئەڵێت:

هێشتا کەسێکم نەدۆزیوەتەوە لە هەلومەرجی رەخنەلێگرتندا باشتر لە هەلومەرجی هاندان کاربکات.

و لە شوێنێکی تریشدا ئەڵێت: باشترین رێگەی پشکوتنی باشیەکان کە لە کەسێکدا هەن، سوپاسگوزاری و هاندانە.

((برایان تریسی))یش پێشنیارمان بۆ ئەکات:

لەگەڵ کەسە گونجاوەکان واتە مرۆڤە ئەرێ و ئامانجدارەکان کە هانتان ئەدەن و ئیلهام بەخشن، هەڵسن و دانیشن.

((جاك کانفیلد))یش لە تەواوکاری قسەکەی برایان تریسیدا ئەڵێت:

بە ئاگاییەوە هەوڵبدەن لەگەڵ کەسە ئەرێ، پێشکەوتو و ئاست بەرزەکاندا کۆببنەوە. ئەو کەسانەی باوەرِیان پێتانە، هانتان ئەدەن لە بەشوێنەوە بونی خەونەکانتاندا و چەپڵە لێئەدەن و خۆشحاڵ ئەبن.

نوسەریش دوای قسەکانی جاك کانفیلد ئەڵێت:

زۆرێك لە خاڵە دیار و روناکەکانمان بەهۆی هاندانەکانی کەسانی ترەوەیە.

ترس قبوڵبکە و لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوهەڵبێنە.

((سوزان جیفرسۆن))

## چ کەسێک پاڵی پێوەنام؟

ڕۆژگارێك لەمەوبەر، پیاوێکی دەوڵەمەند ئەیویست هاوسەرێکی باش بدۆزێتەوە بۆ کچە تاقانەکەی. ڕۆژێك هەمو گەنجە مەرج تیابوەکانی شارەکەی بانگهێشتکر بۆ ماڵەکەی. کاتێك بینی هەموان ئامادەبون بەدەنگێکی بەرز ڕایگەیاند: ((ئەمڕۆ ئەمەوێت لەنێوانتاندا هاوسەرێك هەڵبژێرم بۆ کچەکەم. هەرکەسێك بتوانێت بە درێژایی ئەم حەوزە مەلە بکات، شایستەیە بۆ هاوسەریی کچەکەم. بەڵام ئاگادارین حەوزەکە پڕە لە ماری ئاوی!)) بە بیستنی ئەم قسانە، هەموان بێدەنگ بون. لەناکاو دەنگی کەوتنەناو ئاوی شتێك بیسترا و لە یەك چاو تروکاندندا پیاوێکی گەنج بە درێژایی حەوزەکە مەلەی کرد و لەوسەرەوە هاتەوەدەر. هەموان حەیران مابون لە ئازایەتی گەنجەکە. باوکی کچەکە، ڕۆشت بۆ لای گەنجەکە و پیرۆزبایی لێکرد. پیاوە گەنجەکە وتی: ((قوربان، من هیچ پەیوەندیەکم نیە بە کچەکەتانەوە. تەنیا ئەمەوێت بزانم چ کەسێك پاڵی پێوەنام؟!))

<u>تێبینی</u>: بیرۆکەی زۆر هەن لە دەوروبەرماندا، بیرۆکەی ئەم چیرۆکە، ((ترس))ە. هەندێك جار بۆ ئەوەی لە ئەوپەڕی باشیدا کارەکانمان ئەنجامبدەین، ئەبێت سود لە بیرۆکەی ترس وەربگرین. توانای بالقوەی زۆر هەن لە دەرونماندا، بەڵام ئەبێت بە یەك بیرۆکە و ئیلهام، بیانکەینە بالفعل. لەگەڵ ئەمەشدا، بیرۆکەی ترس تەنیا لە ماوەی کورتدا کارساز و ڕێگەخۆشکەرە، لەبەرئەوەی بە تێپەڕینی کات خوی پێوە ئەگرین.

ئەگەر هەل لە دەرگا نادات، دەرگایەك دورستكە.

((میلتۆن بدل))

# هـــەل

من دەورانی منداڵیم، سەردەمانێك كە گرانی بو، لە شارێكی بچوكدا بەسەربرد. ژیانم ئەوەندە سەرەتایی بو كە بە بەراورد بە ژیانی ئەمڕۆكە ئەتوانرا بوترێت جۆرە ژیانێكی چاخی بەردینی بو. لە دوكانێكی خواردەمەنی فرۆشیدا ئیشمئەكرد كە مەلاس (جۆرێك شەربەتی شیرینە))مان ئەفرۆشت. مەلاسەكەمان لە بەرمیلێكی تەختەتەییدا هەڵئەگرت و لە بتڵی یەك لیتریدا ئەمانفرۆشت.

ئەو ڕۆژگارە كەس توانای كرینی شیرین و ئاو میوەی نەبو. كوڕێكی منداڵ كە زۆر حەزی لە شیرینی بو لایەنگرێكی سەرسەختی مەلاس بو، بەردەوام ئەهات بۆ دوكانەكە. یەكسەر، ئەڕۆشت بۆ سەر بەرمیلەكە و سەرەكەی ئەكردەوە، دەستی پێدائەكرد و ئەیلێسایەوە. ئەم كارە وەك ئاو میوە خواردنەوە بو بۆ ئەو. چەندین جار خاوەن دوكانەكە ئاگاداری كردبوەوە كە ئەم كارە نەكات.

ڕۆژێك خاوەن دوكانەكە، كوڕەكەی لە كاتی لێسانەوەی پەنجەیدا گرت و بە توڕەییەوە بەرزی كردەوە و خستیە ناو بەرمیلەكە. كوڕەكە لە كاتێكدا لەناو بەرمیلە مەلاسەكەدا بو، هاواریئەكرد: ((خوایە زمانێكم پێبدە بتوانم سود لەم هەلە وەربرگرم!))

((زیگ زیگلار))

**تێبینی:** ئەگەر بلكێن بە هەلە پێشهاتوەكانەوە، چەندین بەرامبەر ئەبنەوە و ئەگەر بێئاگابن لێیان، لە ناوئەچن.

هر که گفتارش دروغ است ای پسر
کج رو است و بی فروغ و بی بصر *

((مەولەوی))

## درۆ

ڕۆژگارێک پاشایەک هەبو بێکار و خەڵک ئازار، ڕۆژێک بۆ گاڵتە و ڕابواردن، ڕایگەیاند: ((هەرکەس بتوانێت درۆیەک بکات کە باوەڕی پێنەکەم کچەکەمی لێ مارە ئەبڕم.))

لەو کاتەوەی ئەم هەواڵە بە ناوچەکەدا دەم بە دەم بڵاو بویەوە، هەمو درۆزنەکان، لە پیر و گەنج بەرەو کۆشکەکە هاتن. ئەگەیشتنە خزمەتی پاشا و بە شۆڕ و شەوقەوە درۆکانیان باس ئەکرد. بەڵام پاشا باوەڕی پێنەکردن و ئەیوت: ((هیچ نیە، باوەڕ بەم درۆیە ئەکەم، ئەکرێت شتێکی لەم شێوەیە ڕوبدات.)) پیاوێکی زیرەک بۆئەوەی پاشا حەز لە درۆکەرەکە بێدەنگ بکات، وتی سەبەتەیەکی گەورەی بۆ دروستبکەن نەتوانرێت لە دەروازەی سەرەکیەوە بێتە ناو پایتەخت. دوای هەفتە گەلێک سەبەتەکە چنرا و دروستکرا. پیاوە زیرەکەکە ڕۆشت بۆ کۆشک و گەیشتە حزوری پاشا. پاشا پرسی: ((تۆ چ درۆیەکت لەگەڵ خۆت هێناوە؟)) وەڵامی دایەوە: ((درۆیەکی گەورە کە ناتوانرێت بێتە ناو پایتەخت و تۆش باوەڕی پێناکەیت!)) پاشا بە دەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((خەیاڵپلاو ئەکەیت! هیچ کەسێک ناتوانێت کڵاوم لەسەر دانێ.)) پیاوە زیرەکەکە وتی: ((درۆکەی منیش شایەنی گوێلێگرتنە، ئەبێت بێیت بۆ دەروازەی شار!))

---

* واتە: ((هەرکەسێک قسەی درۆ بێت، ئەی گەنج، لادەر و بێ ڕوناکی و بێ بەصیرەتە.))

پاشا وتـی: ((بـەیانی کاتێك ویستم بڕۆم بۆ ڕاو دێم و درۆکـەی تـۆش ئـەبینم و ئەبیستم!))

بەیانی ئەو ڕۆژە، پاشا و گروپێك لـە سوارەکانی لـە شار چونە دەرەوە و لە پشت دەرگای سەرەکیەوە سەبەتەیەکی گەورەیان بینی. پاشا پرسی: ((ئەمە درۆ گەورەکەتە؟))

پیاوە زیرەکەکـە هاتەپێشەوە و وتـی: ((بـەڵێ قوربـان بـەڵام چیرۆکەی ئـەم سەبەتە پەیوەستە بە باوکتەوە کە پێش تۆ پاشای ئەم وڵاتە بو.))

پاشا پرسی: ((چۆن؟ بۆچی باسی باوکم ئەهێنیتە ناوەوە.))

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: ((لەبەرئەوەی باوکت قەرزاری باوکی من بو.))

پاشا وتی: ((مەگەر شتی وا ئەبێت؟ باوکی تۆ چ کەسێك بـوە داوای لـە باوکی من هەبێت؟!))

پیاوە زیرەکەکە سەیرێکی زەوی و سەیرێکی ئاسمانی کرد و ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: ((قوربان باوکم پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بو، ئەوەنـدە زۆر کـە نەیئـەتوانی پارەکـانی بـژمێرێت. بـاوکی تـۆش کـە پاشـا بـو، لـە یـەکێك لـە سـاڵەکاندا بۆ بەڕێوبردنی وڵات بێ پارە ئەکەوێت و دێت و داوای قـەرز لـە بـاوکم ئـەکات. باوکم ئەم سەبەتەی نیشان ئەدات و ئەپرسێت ئەگەر من حەوت مەن لیرەی ئاڵتون پـەرز بدەم بە پاشا، کێشەکەی چارەسەر ئەبێت؟ باوکی تۆش ئەڵێت بەڵێ.....

لەبەرئەمە باوکی تۆ قەرزاری باوکی منە. ئێستا هـاتوم حـەوت سـەبەتە لیرەی ئاڵتون، بە ئەندازەی ئەم سەبەتەیە، لە پاشا وەربگرم.))

پاشا کە ئەم قسەی بیست هاواریکرد: ((ئەمە درۆیـە بـاوکم هـەرگیز قـەرزی لە هیچ کەسێك وەرنەگرتوە.))

دواتر ڕویکردە دارودەستەکەی و وتی: ((ئەم قسانە چیە؟ ئەم پیاوە ئیتر لە کوێوە هاتوە؟ درۆکەی لە دەروازەوە نایەتە ژورەوە، لەم ولاتەدا هیچ کەسێك باوەڕ بە قسەکەی ناکات!))

پیاوە زیرەکەکە بە ئارامی زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ((کەوایە باوەڕ ناکەن؟ ئێستا پەیمانەکەتان ببەنە سەر و کچەکەتانم پێبدەن!))

**تێبینی:** مرۆڤ بریتیە لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتو لە: بیروباوەڕ، بیر، هەست و سۆز و ڕەفتارەکانی.

بیروباوەڕەکان چۆنێتی بیرکردنەوەمان دیاریئەکەن، بیرەکان، هەستەکانمان دروستئەکەن و کۆمەڵەی ئەمانە کردەوەکانمان دیاریئەکەن.

دەربارەی هەست و سۆزە مرۆییەکان ئەبێت بوترێت ((ترس)) دایکی هەمو هەست هەڵچونە نەرێ، و ((عەشق)) سەرچاوەی هەمو هەستە باشەکانن.

ڕەفتار، بەرجەستەبونی بینراو و ماددی باوەڕ، بیرکردنەوە و هەست و سۆزەکانمانە.

لەسەر ئەم بنەمایە درۆکردن وەك ڕەفتارێك، ترسێکە کە بەرجەستە بوە. لە ڕاستیدا پەیوەندیەکی نزیك هەیە لەنێوان ڕاستگۆیی و ئازایەتی و هەروەها درۆزنی و ترسدا. مرۆڤ هەرچەندە زیاتر بترسێت زیاتر دەستئەداتە فێڵ و تەڵەکە. ئێوە ناتوانن لەو کاتەدا ئەترسن درۆش نەکەن. ئێمە بە ئەندازەی ترس و دڵەڕاوکێکانمان درۆ ئەکەین و بە ئەندازەی ئازایەتیمان، بە دلێری و ئازایەتیەوە لەسەر ڕێگەی ڕاستگۆیی ڕێئەکەین.

**((فرانسیس بیکن)) بە تێگەیشتنێکی قوڵەوە ئەڵێت:**

لە جیهاندا، هیچ عەیبێك مرۆڤ شەرمەزارتر لەوە ناکات کەسانی تر درۆکەی کەشف بکەن.

**پەندێکی ڕوسیش ئەڵێت:**

لە زەلکاوی درۆدا بێجگە لە ماسی مردو هیچ شتێکی تر مەلە ناکات!

**پەندێکی ئەفریقیش ئەڵێت:**

درۆ شکۆفە ئەکات بەڵام میوە ناهێنێت!

**مامۆستای قسەی شیرین ((سعدی))یش ئەڵێت:**

دروغ ادمی را کند شرمسار      دروغ ادمی را کند بی وقار

واتە: درۆ مرۆڤ شەرمەزار ئەکات، درۆ مرۆڤ بێ ویقار ئەکات.

حەکیمێك بانگهێشتمان ئەکات بۆ ڕاستگۆیی و ئەڵێت:

ڕاستگۆیی لە پێنج ئاستدا ئەکرێت:

* ڕاست بڵێن بە خۆتان دەربارەی خۆتان.
* ڕاست بڵێن بە خۆتان دەربارەی کەسانی تر.
* ڕاست بڵێن بە کەسانی تر دەربارەی خۆتان.
* ڕاست بڵێن بە کەسانی تر دەربارەی کەسانی تر.
* بە هەمو کەسێك ڕاست بڵێن دەربارەی هەمو شتێك.

رخ مرد را تیرە دارد دروغ      بلندیش هرگز نگیرد فروغ

واتە: ((درۆ ڕوی درۆزن ڕەش ئەکات و سەربەرزیی لێ ئەسەنێتەوە.))

((فردوسی))

دوعـا و پاڕانـەوە بـەرزترین هێزێـک مـرۆڤ ئەتوانێت بەرهەمی بێنێت.

((ئەلیکسیس کارڵ))

## پاڕانەوە

* خوایـە! دامبـبڕە لـە ڕابـردوم. خۆشـبە لـە ڕابـردوم. ئێسـتا و بـۆ هەمیشـە لەگەڵمدا بە و یارمەتیم بدە هەمیشە بەندەیەکی پاك و چاکەکارت بم.

* خوایە! بارودۆخم بارشتر بکە، بە پاکی بمهێڵەوە. یارمەتیت بنێـرە تـا مـن و هەمو مرۆڤەکانی تـر لێپرسـراوێتی کارەکانمـان بگرینـە ئەسـتۆی خۆمـان و گەشـە بکەین.

* خوایـە! هەنـدێك جـار نارەحـەت ئـەبم لـە ڕەفتـار و بڕیـارە پێشوەختەکانی کەسانی تر بەڵام ئـەزانم ڕۆحـی تـۆ کـراوە بەبەرمـدا. داوات لێئەکـەم نـوری خـۆت بڕێژیت بەسەریاندا و بە ئاگاتریان بکەیت. من لەگەڵ تۆدا هەمیشە سەربەرزم.

* ئەی موعجیزەکار! خەونەکانم ئەدەمە دەستی تۆ. بە حیکمەتی خۆت چی بە باش ئەزانیت بیهێنـە سـەر ڕێـم. ئـەزانم تـۆ هەمیشە باشـترینەکانت ئـەوێت بـۆم، کەوایە پشتت پێئەبەستم و خۆم ئەدەمە دەست ئەمر و ئیرادەی تۆ.

* ئیلاهـی! یارمـەتیم بـدە تـا خـۆم و کەسـانی تـر ببـورم و ئازادکـەم. گیـانی بەخشینم تێدا بچێنە. من لەم ساتەدا ئـازاد و ڕەهـام. پـەروەردگارا! سـوپاس بـۆ ئازادیم.

* پەروەردگارا! تۆ پارێزەری ئابڕومیت. یارمەتیم بدە لە سێبەری سۆزی تـۆدا هەمیشە ئابڕو پارێزراو بم. هەمو ساتێك بیهێنەوە بیرم تا بە ئاگاییەوە بجوڵێمـەوە دەست بە حوزوری تۆ بکەم.

* خوایە! تۆ ڕزگارکەری منیت، لە کێ بترسم؟ خوایە، تۆ نهێنی پارێز و مەحرەمی منیت، لە کێ بێزاربم؟ تۆ پەناگەی منیت، بێجگە تۆ پەنا بۆ کێ ببەم؟ دڵم بەهێزکە، لەگەڵ تۆدا ڕێگە ئارامە.

* خوایە! ڕێچکەی ڕاستەقینەی ژیانم نیشاندە! یارمەتیم بدە هاوڕێ ڕاستەقینەکانم بدۆزمەوە. یارمەتیم بدە ئەچمە هەر شوێنێك یارمەتیەك بگەیەنم.

* ئیلاهی! ئەوەندە سۆز بچێنە لە دەروونمدا بتوانم بە هەمو بونمەوە بپاڕێمەوە بۆ کەسانی تر. لەم ساتەدا داوای خەیر و چاکە ئەکەم بۆ دەوروبەرەکەم.

* ئەی یارمەتیدەر! ئەو کەسانەم نیشانبدە ئەبێت یارمەتیان بدەم. مۆڵەت بدە ڕێڕەوی گەیاندنی خەیر و بەرەکەتت بم.

* ئیلاهی! ئەزانم هەر شتێك لای تۆوە پێمبگات، لە باشترین کات و باشترین شوێندا ئەبێتە نسیبم، خۆم و پێ قودومی خێریان ئەسپێرم بە تۆ.

عەشق ڕاهێنانی پاڕانەوەیە و پاڕانەوە، ڕاهێنانی بێدەنگی.

((ئەنتوان دونسانت ئیگزۆپیری))

وشە سۆزدارەکان ئەتوانن گەشە بە ڕۆح بکەن و وشە خراپەکان ئەتوانن ڕۆح لەبەر یەک هەڵوەشێنن.

## هێزی وشەکان

دوو زانا بڕیاریاندا تاقیکردنەوەیەک بکەن تا دەربکەوێت ئایا وشەکان ئەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر گەشەکردنی تۆو.

دو گوڵدانی یەکسانیان هێنا. خۆڵ و کوتی یەکسانیان تێکرد و بیست و سێ تۆویان کردە هەریەکێکیانەوە. هەردو گوڵدانەکە لە یەک گوڵخانە و لە ئاوهەوایەکی یەکساندا پارێزران.

ئەو دو گوڵدانە تەنیا لەیەک گۆڕانکاریدا جیاوازبون و بارودۆخ و گۆڕاوەکانی تر بە شێوەیەکی تەواو یەکسان بون. هەمو ڕۆژێک ئەم دو زانایە ئەهاتن بۆ گوڵخانەکە ولەبەرامبەر گوڵدانی یەکەمدا ئەوەستان و ئەیانوت: ((ئێوە بە کەڵکی هیچ شتێک نابن. هەرگیز ناڕوێن و ئەگەریش بڕوێن، هەر زو سیس ئەبن و......))

دواتر لە بەرامبەر گوڵدانی دوەمدا ئەوەستان و ئەیانوت: ((ئێوە بێهاوتان و ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەرتان ئەبێت. کاتێک بڕوێن بەڕاستی جوان ئەبن و....))

ئەوان ئەم کارەیان ڕۆژی سێ جار و بە ماوەی سێ هەفتە دوبارە کردەوە. دوای کۆتاییهاتنی سێ هەفتەکە، دو زاناکە بۆیاندەرکەوت لە گوڵدانی یەکەمدا تەنیا دو سێ تۆو سەریاندەرهێناوە و کەمێک گەشەیان کردوە، لە کاتێکدا تۆوەکانی گوڵدانی دوەم سەوز بو بون و زۆر بە باشی گەشەیان کردبو.

تێبینی: هەمیشە بۆ خۆتان و کەسانی تر سود لە وشە پاك و جوان و سۆزدارەکان وەربگرن بۆ ئەوەی خۆشتان وابن! ئەگەر بمانزانیایە وشەکان چەند هێزێکی گەورەیان هەیە لە بەرکارهێنانیاندا زیاتر ورد ئەبوینەوە.

وشەکان خاوەنی ((بۆن و بەرامە))، ((تام و چێژ))، ((هەست)) و لە کۆتاییدا ((هێزێکی سەرسورهێنەر))ن!

## وشەکان بۆن و بەرامەیان هەیە!

وێنای چەپکێك گوڵەباخ بکەن لە بەیانیەکی بەهاریدا خۆشەویستەکەتان لەسەر مێزی نانی بەیانی دایناوە، ڕەنگی جوان و سوری گوڵەباخەکە بە بۆن و بەرامەی دڵرفێنی هەمو ناختان ئەهەژێنێت. تەماشاکەن و ئێستا بۆنی بکەن! وای چ بۆنێکی دڵرفێنە!

ئێستا وێنابکەن ئەچنە دەرەوەی شار، دوای تێپەڕینی چەند کاتژمێرێك، دائەبەزن و ئەگەنە یەکێك لە زێرابەکانی ناوەڕاستی جادەکە. باش تەماشاکەن! بۆنی پاشەڕۆ لە کەشی شێدار، تەڕ و گەنیوی ناوچەکە ئەگاتە لوتتان، ئێستا هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشن! ئەتوانن...؟!

لەم ساتەدا حەزناکەن هەناسە هەڵکێشن!

کەوایە، وشەکان بۆن و بەرامەیان هەیە.

## وشەکان تام و چێژیان هەیە!

وێنای لیمۆیەکی ترش بکەن، کە بە چەقۆ کردوتانە بە دو لەتەوە، دواتر لەتێکیان هەڵئەگرن و ئەیچکێننە دەمتان. چ هەستێکتان هەیە؟ هەر ئێستا هەستئەکەن لیك ڕژێنی ئەملاولای دەمتان ئەوروژێت و دەموچاوتان چرچ و لۆچی تێئەکەوێت.

ئێستا وێنا بکەن چکلێتێکی ((کاکاو)) ئەکەن بە دو کەرتەوە و کەرتێکیان ئەکەنە دەمتانەوە، باش بیهەجون، تەماشاکەن چ تامێکی شیرینی هەیە. ئێستا هەست بە بارەکەی پێشەوە ناکەن و هەست بە شیرینی ئەکەن. کەوایە، وشەکان تام و چێژیان هەیە!

## وشەکان هەستیان تێدایە!

لە دوای نیوەڕۆیەکی بەهاریدا، بڕوانن لە پەپولەیەك بە باڵی زەرد و ڕوخساری پەمەییەوە بە دەور گوڵێکی سوردا ئەسوڕێتەوە و لەسەر گەڵاکانی کە شەونم تەڕی کردون نیشتوەتەوە، چوزەکەی ئەکات بە گوڵەکەدا و شیلەکەی ئەمژێت. وێنای بکەن چ دیمەنێکی دڵڕفێنە!

ئێستا وێنای بێچوە پشیلەیەك بکەن کە لە ئێوارەیەکی زستانیدا بە چاوانێکی تۆقیوەوە لە سەر جادەیەکدایە و لە ناکاو بارهەڵگرێك دێت و پانی ئەکاتەوە و مۆخی مێشکی ئەپژێتە سەر جادەکە. سەیری ئەم دیمەنە بکەن! بێگومان حەزناکەن لەمە زیاتر سەیری دیمەنەکە بکەن.

کەوایە زانیمان کە: وشەکان وەك تەلی کارەبایی بارێکی گەورە و نەبینراوی ((هەستەکان)) ئەگوێزنەوە و هێزێکی شاراوەی باڵایان هەیە کە زۆرینەی خەڵکی لێی بێ خەبەرن!

> وشە بە کەم مەزانن، وشە بونەوەرێکی زیندو، هەستیار و سیحربازە.
>
> ((دکتۆر عەلی شەریعەتی))

بە شێوەیەك بژی وەك بڵێی ئەمڕۆ كۆتا
ڕۆژی ژیانتە.

((ئیمامی عەلی (ع)))

## یەكێك لەم ڕۆژانە

كوڕێكی گەنج هەبو كە ئەیویست كاری زۆر ئەنجامبدات. كاتێك هێشتا منداڵ بو، وتی: ((لە یەكێك لەم ڕۆژانەدا، ئەمەوێت فلأنە كار ئەنجامبدەم و خۆشحاڵ ببم.)) بەلأم نەیتوانی هیچ كارێك ئەنجامبدات. چەند ساڵێك دواتر: ((ئارام بگرن تا خوێندنەكەم تەواو ببێت. ئەمەوێت دوای تەواوكردنی خوێندنەكەم فلأنە كار ئەنجامبدەم بۆ ئەوەی شادی ببێتە میوانی دڵم.)) بەلأم كاتێك خوێندنی زانكۆی تەواوكرد، وتی: ((ئارام بگرن با كارێكی باشم دەستبكەوێت. ئەو كاتە فلأنە كار ئەنجام ئەدەم و خۆشحاڵ ئەبم.)) كاتێك سەرقاڵ بو بە كارەوە، وتی: ((ئارام بگرن تا هاوسەرگیری بكەم. ئەو كاتە فلأنە كار ئەنجام ئەدەم و خۆشحاڵ ئەبم.)) كاتێك هاوسەرگیری كرد، وتی: ((ئارام بگرن تا منداڵەكانم گەورە ببن، ئەو كاتە فلأنە كار ئەنجام ئەدەم و خۆشحاڵ ئەبم.)) بەلأم كاتێك منداڵەكانی گەورە بون، وتی: ((ئارام بگرن تا خانەنشین بكرێم، ئەو كاتە فلأنە كار ئەنجامئەدەم و خۆشحاڵ ئەبم.)) بەلأم كاتێك خانەنشین كرا وتی: ((ئێستا ئیتر درەنگی كردوە بۆ ئەنجامدانی هەر كارێك.))

**تێبینی:** خۆخەڵەتاندن جۆرێك نەخۆشیە و ئەكرێت بگۆڕێت بە خویەكی وێرانكەر. ئەبێت بزانین تاكە هەلی بەردەستمان هەر ئێستایە. لەم ڕۆتاندا بە شێوەیەك بژین وەك بڵێی بەیانیەك نیە لە ئارادا. لەم شێوازەدا دڵنیابن، ئەگەر بەیانیش بێت دیسانەوە هەلی گونجاوتان ئەبێت بۆ ئەنجامدانی كارگەلی جیاواز.

بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و هەڵهاتن لە خەڵەتان، زانیاری دەربارەی بەڕێوبردنی کات و خستنەکاری بنەماکانی، کارێکی زۆر پێویستە.

ئەوەی ئەمڕۆ هەین دەرکەوتەی هەڵبژاردنەکانی دوێنێمانە، بەیانیش هەر ئەبینە ئەوەی ئەمڕۆ هەڵیئەبژێرین.

((جۆن ماکسوَل))

گـەورەترین بەدبەختیـەکان، ئەوانـەن کـە
هەرگیز ڕونادەن.

((جەیمز ڕایل لوول))

## تـــرس

ڕاستیەکی زۆر سادە هەیە، ئەوەی لە هەمو شتێکدا ترسناکی هەیە.

- لە شۆفێریدا، ترسی پێکدادان هەیە.
- لە داواکردنی کاردا، ترسی وەرنەگیران.
- لە هەوڵدان بۆ لە زانکۆ وەرگیران، ترسی وەرنەگیران.
- لە سڵاو کردندا، ترسی وەڵام نەدانەوەی سڵاوەکە.
- لە عەشقدا، ترسی وەڵامی نەرێ و خەم خواردن.
- لە قسەکردندا، ترسی تێکەوتن.
- لە ئومێدەواریدا، ترسی نائومێدی.
- لە شوێنکەوتنی خەونەکاندا، ترسی ئەوەی نەوەك بە گێل و گەمژەتان بزانن.
- لە سەرکەوتندا، ترسی کەوتنەخوارەوە.

ئەو شتەی لە دەرونی هەمو مرۆڤە سەرکەوتوەکاندا هەیـە، بـوێری خـۆ خستنە مەترسیە.

هەوڵدان واتە ئەگەری شکست قبوڵکردن. ئێـوە چ ڕێگەیـەك هەڵئەبژێرن؟ هیچ کارێك ناکەن، هیچتان نیە و نابنە هیچ کەسێك؟ کاتێك هیچ کارێك ناکـەن بێگومان ئەگـەری ترسیش لەناوئەچێت، بـەڵام ئەگـەری سـەرکەوتنیش لەناوئەچێت. هـەر کارێکی گرنگ لە ژیاندا هاوڕێیە لەگـەڵ ترسدا. ئەگـەر هەوڵنـەدەن، نـاتوانن هیچ کارێك ئەنجامبدەن. مەترسن لە گەیشتن بە ئارەزوەکانتان، وەك ((ویـل ڕۆجـەرز)) ئەڵێت:

((هەنـدێك جـار ئـەبێت خۆتـان بخەنـە مەترسـیەوە و لەسـەر چڵێك بوەستن، لەبەرئەوەی میوەکە لەوێدایە.))

پرسیارەکان یارمەتی مرۆڤەکان ئەدەن تا بیریان ڕۆشن بکەنەوە.

((ڕیچارد تیمپلەی))

## پرسیارە گرنگەکان



بە بۆچونی ((برایان تریسی)) چوار پرسیار هەن بۆ گۆڕان بە کەسێکی سەرکەوتو ئەتوانن لە خۆتانیان بپرسن. ئەم چوار پرسیارە بریتین لە:

* دنیایەکی چۆنم ئەبو، ئەگەر هەمو کەسەکانی ناوی وەك منیان لێبهاتایە؟

* ولاّتێکی چۆنم ئەبو، ئەگەر هەمو کەسەکانی ناوی وەك من هەڵسوکەوتیان بکردایە؟

* کارگەیەکی چۆنم ئەبو، ئەگەر هەمو کرێکارەکانی ناوی وەك من کاریان بکردایە؟

* خێزانێکی چۆنم ئەبو، ئەگەر هەمو کەسەکانی وەك من ڕەفتاریان بکردایە؟

شکر خدا که هرچه تلب کردم از خدا
بر منتهای همت خود کامران شدم*
((حافز))

## بەهای چاو، گوێ، دەست و پێ

کەسێك لای حەکیمێك گلەیی لە هەژاری خۆی ئەکرد و زۆر بە سەختی ئەینالاند.

حەکیمەکە وتی: ((ئامادەیت دە هەزار درهەمت هەبێت و چاوێکت نەبێت؟))

وتی: ((ئەڵبەتە کە نا. دو چاوەکەم ناگۆڕمەوە بە هەمو دنیا.))

حەکیمەکە وتی: ((ئاوەزت ئەگۆڕیتەوە بە دە هەزار درهەم؟))

وتی: ((نا.))

حەکیمەکە وتی: ((گوێ، دەست و قاچەکانت چی؟))

وتی: ((هەرگیز.))

حەکیمەکە وتی: ((کەوایە هەر ئێستا، خوا سەدان هەزار درهەمی ڕشتوەتە بەردەمت. هێشتا گلەیی و بناشتت هەیە؟ تۆ ئامادەنیت بارودۆخی خۆت بگۆڕیتەوە بە زۆرێك لە خەڵکی تر و خۆت بە خۆشحاڵتر و خۆشبەختتر ئەزانیت لە زۆرێك لە خەڵکی. کەوایە ئەوەی بە تۆیان داوە، زۆر لەوە زیاترە داویانە بە خەڵکی و تۆ هێشتا سوپاسی ئەمانەت نەکردوە و زیاتریشت ئەوێت!))

((دیمۆمەك ئینتایەر)) ئەڵێت: **سوپاسگوزاری و و قەدر زانین وەك بیمەنامەیە، ئەبێت هەر ماوە و جارێك درێژی بکەیتەوە.**

---

* واتە: ((سوپاس بۆ خوا، کە هەرچیەکم لێداواکرد، بەهۆی هەوڵ و کۆششی خۆمەوە پێیدام و خۆشحاڵ بوم.))

لەبیری ئەکەن، کارەکانمان بە چ خێراییەك ئەنجامداوە، بەڵام چۆنێتیەکەی لە بیریاندا ئەمێنێتەوە.

((نیوتن هوارد))

## نهێنی ناوبانگی یابانیەکان لە چۆنێتیدا (کوالیتی)

ناوبانگی یابانیەکان لە چۆنێتی کاڵاکانیاندا، قەرزاری کەسێکی ئەمریکیە بە ناوی دکتۆر ((دمینگ)) کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە لایەن ژەنەڕاڵ ((مەك ئارتۆر))ەوە ئەنێرڕێت بۆ یابان. دمینگ پسپۆڕی کۆنترۆڵی چۆنێتی کاڵا بوو، لەسەر داواکاری یەکێتی زانا و ئەندازیارە یابانیەکان، بنەمای کۆنترۆڵی چۆنێتی کاڵاکانی فێری یابانیەکان کرد. دمینگ کاریگەریەکی زۆر قوڵی لەسەر یابانیەکان دانا یان بە دەربڕینێکی تر، یابانیەکان بە باشترین شێوە سودیان لێوەرگرت.

خاڵێکی گرنگ لەم بابەتەدا ئەوە بو دمینگ یابانیەکانی فێری ئەوە نەکرد چۆن ئۆتۆمبێلی باشتر دروستبکەن. ئەو بنەمای بنەڕەتی کۆنترۆڵی چۆنێتی فێرکردن و باوەڕێکی قوڵی تیادروستکردن کە تا ئەمڕۆکەش لە کاردایە و بنەمای کارکردنی کۆمپانیا یابانیەکانە. ئەو باوەڕ قوڵە ئەمە بو: ((هەوڵی بێوەستان و بەردەوام لەسەر ڕێچکەی باشترکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی چۆنێتی، ئەبێتە هۆی ئەوەی یابانیەکان بتوانن بازاڕە جیهانیەکان بۆ خۆیان قۆرخکەن.))

دمینگ فێری کردن بە چۆنێتی نیە کە ئەگەین بە ستانداردێکی دیاریکراو. بەڵکو چۆنێتی خولێکی هەمیشەیی و ڕۆژانەییە و کۆتاییەك نیە بۆ هەمیشە باشتر کردنی. ئەو یابانیەکانی فێری ئەوەکرد ئەگەر ئەم بنەما باسکراوە بخەنەکار، لە

ماوەی پێنج ساڵدا، بەرهەمەکانیان هەمو بازاڕەکانی جیهان ئەگرێتەوە و لە ماوەی دە بۆ بیست ساڵدا ئەبێتە یەکێك لە هێزە ئابوریەکانی جیهان.

زۆرێك لەو کاتەدا دمینگیان بە شێت ئەزانی. بەڵام یابانیەکان باوەڕیان بە قسەکەی کرد و ئەمڕۆکە لە یاباندا بە ((باوکی موعجیزەی یابانیەکان)) ناو ئەبرێت. لە ساڵی ١٩٥٠ بە دواوە گەورەترین شانازی کۆمپانیایەکی یابانی ئەوەیە خەڵاتی ((دمینگی میللی)) کە هەمو ساڵێك ئەدرێت بە یەکێك لە کۆمپانیا یابانیەکان، وەربگرێت. بۆنەی وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لە تەلەفزیۆنەوە بڵاوئەکرێتەوە و بەم شێوەیە، ناوی ئەو کۆمپانیایە لە زەمینەی چۆنێتی بەرهەم، خزمەتگوزاری بەڕێوبردن و پارێزگاری لە کرێکارەکانیدا باشترینە، ڕائەگەیەنرێت.

ئەو وانەیەی ئەکرێت لەم چیرۆکەوە فێرببین ئەوەیە باوەڕ و بیرکردنەوەکانمان لە کار و ژیانماندا، کاریگەریەکی زۆریان ئەبێت لەسەر بڕیار و کارکردنەکانمان لە داهاتودا. ئەم بابەتە تایبەت نیە بە بازرگانی، پیشە یان خزمەتگوزاریەوە، بەڵکو پەیوەندی بە هەمو لایەنەکانی ژیانەوە هەیە. باشترکردنی چۆنێتی بەرهەم لە پەیوەندیە کەسیەکان، هەبونی بیرکردنەوەیەکی باش، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و بابەتە ئابوریەکاندا ئەبێت دروشممان بێت. چۆن ئەتوانرێت لە هەمو ئەم زەمینانەدا گەشە بکەین؟ ئەبێت هەمیشە چاومان لە پێشەوە بێت تا بتوانین چۆنێتی ژیانمان باشتر بکەین.

# تورەیی و خەفەت

لە سەرزەمینێکی سەرنجڕاکێش و خەون ئاسادا، شوێنێك کە مرۆڤ هەرگیز پێی ناگات یان لەوانەیە شوێنێك، بێ ئەوەی خەڵکی بە خۆیان بزانن، بەرەو نەمری و ئەبەدیەت ڕێئەکەن. لە سەرزەویەکدا کە شتەکان بە کەمی بەرجەستە و ھەستپێکراون، دەریاچەیەکی زۆر ئارام و جوان هەبو. دەریاچەیەکی کەم قوڵ بە ئاوێکی پاك و زولاڵەوە لە نزیك دەریایەکدا بو، دەریاچەیەکی بە ڕەنگی سەوز ئاسا و تیشکدانەوەی بەردەوامی خۆر و ماسی ڕەنگاوڕەنگ کە تێیدا مەلەیان ئەکرد.

ڕۆژێك تورەیی و خەفەت ڕۆشتن بۆ ئەم دەریاچەیە بۆ ئەوەی بە یەکەوە مەلە بکەن. هەردوکیان جلەکانیان داکەند و ڕۆشتنە ناو ئاوەکە. تورەیی بێ ئەوەی بزانێت بۆچی ڕۆشتوەتە ناو ئاوەکە، زۆر بە خێرایی و توندی وەك چۆن سروشتی وایە، لە ئاوەکە هاتەدەرەوە.

لەو ڕوەوە کە تورەیی کوێرە و یان لانی کەم ڕاستیەکان بە ڕونی نابینێت و لە یەکیان جیاناکاتەوە. هەر کە یەکەمین جلی بینی لە بەریکرد. بەڵام جلێکی لەبەرکرد کە هی خۆی نەبو، جلی خەفەتی لەبەرکرد. بەم شێوەیە تورەیی بە جلی خەفەتەوە کەوتەڕێ و ڕۆشت بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بە خەیاڵی ئاسودەوە لە شوێنی خۆی جێگیر ببێت.

بەڵام خەفەت بێ ئەوەی سەرنج بدات لە تێپەڕینی کات و بێ ئەوەی پەلە بکات، مەلەکەی تەواوکرد و لە دەریاچەکە هاتەدەرەوە و بۆیدەرکەوت جلەکانی دیارنین.

وەك ئەزانین، تاكە شتێك خەفەت حەزی لێی نیە ئەوەیە بە ڕوتی و بێ جلی دەربكەوێت. بە ناچاری ئەو تاكە جلەی جێمابو واتە جلی توڕەیی، لەبەریكرد. ئەوترێت لەو كاتەوە كاتێك مرۆڤ ڕوبەڕوی توڕەیی ئەبێتەوە، كوێر، دڵڕەق، ترسناك و ناڕەحەتە. بەڵام ئەگەر هەل بە خۆمان بدەین و باش ببینین، بۆماندەئەكەوێت ئەو توڕەییەی ئەیبینین، تەنیا جلێكی گۆڕاوە كە لە پشت خەفەتەوە شاراوەتەوە.

((سعدی)) خۆش گوفتاریش ئەڵێت:

بلی مرد ان كس است از روی تحقیق

كه چون خشم ایدش باتل نگوید

واتە: ((بەڵێ، پیاوی ڕاستەقینە ئەو كەسەیە كاتێك لێكۆڵینەوەی كرد، توڕەیی بەرۆكی گرت، قسەی هەلەق و بەلەق و نابەجێ نەكات.))

توڕەیی بە شێتی دەست پێئەكات و بە پەشیمانی كۆتایی دێت.

((فیساگۆرس))

تەنیا هەبونی توانست و توانا و لێهاتویی بەس نیە،
لەبەرئەوەی ئەگەر وازییان لێبهێنرێت، نایشکوێن.

## لێهاتویی

((پیتەر شترودوك)) لە ساڵی ١٩٤٩دا بڕیاریدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و جددی، بە نەرمی ڕابکات و تا حەوت ساڵ دوای ئەوەی ئەم بڕیارەیدا، نزیکەی سی و دو هەزار کیلۆمەتر بە شێوەی ماراتۆنی و ڕاهێنان ڕایکرد. ئەو سێ جار لە پێشبڕکێی ماراتۆندا بەشداریکرد و لە پێشبڕکێی ڕاکردنی ماراتۆنی لوتکەی کەلیمانجارۆدا یەکەم بو.

چیرۆکەکەی پیتەر یەکێکە لە چیرۆکە سەرنجڕاکێش و سەیرەکانی مێژوی وەرزش. ئەوەی چیرۆکەکەی سەرنجڕاکێش ئەکات، ئەم ڕاستیەیە کە پێکانی پیتەر هەر لە لەدایك بونەوە لە قولە پێی بەرەوخوار پچڕاوە، دەستی چەپی، پەنجە گەورە و یەك پەنجەی تری هەیە و دەستی ڕاستیشی لە مەچەکیەوە نیە.

پیتەر کە هاوڕێکانی بە ((پیت)) بانگیئەکەن، سەرکەوتوە لە ئەنجامدانی کار گەلێك کە سەرچاوەکەیان سود وەرگرتنە لە توانا دەرونیەکان و بەرگەگرتن و نامۆیە بە بنەمای لۆژیکی. ئەگەر پیت توانیویەتی بە لێهاتوییەکانی کارگەلێك ئەنجامبدات، بێگومان هەر یەك لە ئێمە ئەتوانین بە توانا و لێهاتوییەکانمان لەو زیاتر ئەنجامبدەین.

((زیگ زیگلار))

((سیدنی سمیت)) ئەڵێت:

چەند زۆرن ئەو توانایانەی لە جیهاندا ئەفەوتێن، لەبەرئەوەی کەمێك بوێری نیە. هەمو ڕۆژێك ژیان، پیاوانێکی گومناو ئەنێرێت بەرە و گۆڕ، لەبەرئەوەی کەمرویی ڕێگربوە لەبەردەم جوڵەیاندا.

# کات زێڕە

لە یەکێك لە کتێبەکانی بەڕێوبردندا، پەندێکی سەرنجڕاکێش و پەند ئامێزی کات هاتوە. کارتان نەبێت بەسەر ژمارەکانەوە، لەبەرئەوەی جێی باسی ئێمە نیە، بەڵام دڵنیائەکرێنەوە کە حیکمەتی ئەم پەندە هەرگیز لە گرنگی ناکەوێت.

کورەیەك ئاسن بێننە بەرچاوتان کە ١٠٠ هەزار دینار بکات، ئەگەر ئەم ئاسنە بکەین بە ناڵی ئەسپ، نرخی ناڵە بەدەستهاتوەکان ئەگاتە ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ هەزار دینار. ئەگەر هەر ئەم ئاسنە بنێرین بۆ کارگەی دەرزی دروستکردن، نرخی دەرزیە دروستکراوەکان لەوانەیە بگاتە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ هەزار دینار، بەڵام ئەگەر هەر ئەم ئاسنە بنێرین بۆ کارگەیەکی دروستکردنی کاتژمێر لە سویسرا، نرخی ئەو ژمێرانەی لێی دروستئەکرێن، ئەگاتە چەندین ملیۆن دینار.

کاتی ئێمەی مرۆڤ هاوشێوەی ئەم ئاسنەیە کە نرخی پەیوەستە بەو کارانەوە کە لەبەرامبەر سەرفکردنی وزە یان کاتمان ئەنجامیان ئەدەین و ئەو ئەنجامانەی لێیانەوە بەدەستمان ئەگات!

((لۆرد چیستەر فیلد)) ئەڵێت:

خولەکەکان بپارێزن، لەبەرئەوەی کاتژمێرەکان خۆیان خۆیان ئەپارێزن.

((ژان دولا برویە))ش ئەڵێت:

((ئەوانەی بە خراپترین شێوە سود لە کاتەکانیان وەرئەگرن، یەکەمین کەسانێکن گلەیی لە کەمی کات ئەکەن.))

روی پای تــــــر باران به بلندای محبت برویم
در به سوی بشر و نور و گیاه و حشره باز کنیم*.

((سهراب سپهری))

## جاگوار

بەڕێوەبەرێك گەنج و زۆر سەركەوتو بە ناوی ((جۆن)) بە ئۆتۆمبێلە نیلیە بریقەدار و شانزە سیلیندەرە جاگوارەكەیەوە كە دو مانگ پێشتر لە كۆمپانیایەك كڕیبوی، بە خێرایی بە یەكێك لە جادەكانی دەوروبەری نیویۆركدا ئەڕۆشت. بە وریاییەوە ئاگای لەو مندالأنە بوو كە بەخێرایی بە تەنیشت ئۆتۆمبێلە پارك كراوەكاندا تێئەپەڕین، لەناكاو چاوی بە شتێك كەوت و لەبەر ئەمە ئۆتۆمبێلەكەی خاو كردەوە. چیتر مندالّی لێنەبو، بەلاّم خشتێك لە نێوان ئۆتۆمبێلەكانەوە هاوێژرا و بە توندی كێشای بە ئۆتۆمبێلەكەیدا.

دەنگی ناسازی ئیستۆپ بیسترا. برێكی ڕاكێشا و خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی كە خشتەكەی لێوە هاوێژرابو. لە ئۆتۆمبێلەكەی هاتەخوارەوە و یەخەی مندالّەكەی گرت و بە توندی كێشای بە ئۆتۆمبێلەكەدا و هاواریكرد: ((بۆچی ئەو خشتەت هاویشت؟ مەگەر شێت بویت؟)) و لە كاتێكدا زۆر تورەبو بەردەوام بو: ((ئەم ئۆتۆمبێلە زۆر تازەیە، زۆر قورس لەسەر ئەكەوێت. بۆچی هاویشتت ها؟))

مندالّەكە وتی: ((تكا ئەكەم، تكائەكەم، بەڕێز ببورن. چارم نەبو، خشتەكەم هاویشت لەبەرئەوەی كەس نەئەوەستا.))

---

* واتە: ((لەسەر پێی تەڕی باران بە بەرزایی خۆشەویستی ڕێبكەین، دەرگا بەڕوی مرۆڤ و ڕۆشنایی و گیا و مێرودا بكەینەوە)).

منداڵە بێنەواکە لە کاتێکدا فرمێسکەکانی قەتارەیان بەستبو هێمای کرد بۆ شوێنێکی ناو ئۆتۆمبێلە پارک کراوەکان و وتی: ((ئەوە برامە، بەڕێز، لە کورسی گەڕۆکەکەی کەوتوەتە خوارەوە و ناتوانم بەرزی بکەمەوە.)) منداڵەکە لە کاتێکدا هێشتا فرمێسکی ئەڕشت، ئەپاڕایەوە: ((تو خوا یارمەتیم بدەن بیخەینەوە سەر کورسیەکەی، بە تەنیا بۆ من زۆر قورسە.))

بەڕێوبەرە گەنجەکە کە زۆر کەوتبوە ژێر کاریگەریەوە، هەوڵیدا زاڵبێت بەسەر تورەییەکەیدا. یارمەتی منداڵەکەیدا لە بەرزکردنەوەی براکەیدا و بە هەردوکیانەوە خستیانەوە سەر کورسیە گەڕۆکەکە.



ڕێگەی گەڕانەوە بە ئۆتۆمبێلە نیلیە بریقەدارە شانزە سیلیندەرەکەوە ڕێگەیەکی زۆر درێژبو و بە هەنگاوی زۆر ئارام بڕی. جۆن، بە تێپەڕینی چەندین ساڵ بەسەر ئەم ڕوداوەدا، دەرگای ئۆتۆمبێلە جاگوارەکەی چاک نەکردبوەوە. ئەم دەرگایە بیرخەرەوەی ئەوەیە لە ژیاندا نابێت ئەوەندە خێرا بڕۆین کەسێک بۆ سەرنجڕاکێشانمان ناچار بێت خشتمان تێبگرێت.

> **تاکە شتێک کەسانی تر چاوەڕانیان هەیە لێمان، کەمێک سەرنج و لالێکردنەوەیە.**
>
> ((ویلیام لیۆن فیلیپس))

حەقیقەت کەشف بوە، ئەوەی ئێستا پێویستە،
کارپێکردنیەتی.

((مسیزادی))

## بە ڕیش نیە بە ئیشە!

ژەنەڕاڵ ((ستڤینوالّ جاکسۆن)) لە ماوەی شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکادا لە دۆڵی ((شنن دوا))دا بو. سوپای ژەنەڕاڵ لە کاتێکدا لەمبەر ڕوبارێکی گەورەوە بو کە ئەبوایە هەرچی زوە بپەڕنەوە بۆ ئەوبەر ڕوبارەکە. ژەنەڕاڵ دوای ڕونکردنەوەی گرنگی خێرا ئەنجامدانی کارەکە بۆ ئەندازیارەکانی، فرمانی بەسەردا کردن لە بەزوترین کاتدا نەخشەیەک دابڕێژن بۆ دروستکردنی پردێک بۆ پەڕینەوەی سەربازەکانی. دواتر ژەنەڕاڵ یەکێک لە ئەفسەرە پلە بەرزەکانی خۆی بانگکرد بۆ چادرەکەی و باسی گرنگی گواستنەوەی خێرای سەربازەکانی بۆ کرد. ئەفسەرە پلە بەرزەکە بێ دواکەوتن بە یارمەتی هەندێک لە سەربازەکانی بە کۆکردنەوەی سێر، پارچە بەردی گەورە، پەیژەیی تەختەیی و کانزایی و هەرشتێک ئەیتوانی لە دروستکردنی پردەکەدا بەکاریبهێنێت، دەست بەکار بو.

چەند کاتژمێرێک بەر لە سەر لە بەیانی هەواڵیان دا بە ژەنەڕاڵ جاکسۆن کە هەمو سەربازەکان، شتومەک و عەرەبانەکان گوێزراونەتەوە بۆ ئەوبەر ڕوبارەکە.

ژەنەڕاڵ جاکسۆن پرسیاری لە ئەفسەرەکە کرد دەربارەی شوێنی نیشتەجێبونی ئەندازیارەکان و ئەوەی چۆن توانی ئەرکێکی قورسی لەو شێوەیە یەکسەر و بەخێرایی ئەنجامبدات.

تاکە وەڵامی ئەفسەرەکە ئەوەبو ئەندازیارەکان هێشتا لە چادرەکەیاندا سەرقاڵی داڕشتنی نەخشەیەکن بۆ پردەکە!

**باوەڕەکانتان لە کردەوەکانتاندا بخەنەکار.**
((ڕاڵف ڤالدۆ ئیمرسۆن))

# ئومێــــدەواربـــــە

موتــەوەکیل، یەکێکــە لــە خەلیفــە خوێنرێــژە عەباســیەکان کــە عینــادی و دوژمنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەنی هاشمدا لای هەموان ڕونە. بە تایبـەت، چیرۆکی ئاوگرتنەوە لە ناوچەی کەربەلا کە بە فرمانی ئەو ئەنجامدرا. موتـەوەکیل تەنانـەت چاوپۆشی لە سوکایەتی پێکردن و ئازاردانی پەیڕەوانی دینەکانی تر نەئـەکرد، بـە شێوەیەك کە لـە سـاڵی ۲۳۹ کۆچیدا، فرمانیـدا پیـاوە یـەهودی و مەسیحیەکان، ((زوننار)) ببەستن. ((زوننار، پشتوێنێکی تایبەت بو کـە یـەهودی و مەسیحیەکان ئەبوایە لەسەر جلەکانیان بیانبەستایە بۆ ئەوەی جیاببنەوە لە کەسانیتر.))

بەڵێ، ئەم خەلیفە خوێن مژە، مرۆڤـە بـێ گوناهـەکانی بـە بیـانوی جیـاوازەوە ئەخستە بەندیخانـە، بـە شـێوەیەك لـە سـەردەمی حوکمڕانیـدا، پیـاوە ئازادەکـان لەپشت میلی بەندیخانەکاندا ئەژیان.

دوای ئەوەی ماوەیەك بەم شێوەیە تێپەڕی و خەلیفە بێزار بو لە پارێزگـاری لـە بەندیە بێگوناهەکان، فرمانیدا هەمویان سەرببڕن.

سـەربازە حکومیـەکان دەستیاندایە کوشـتن و هـەمو ئـەو داماوانـەیان بـرد بـۆ کوشتارگا و یەك لە دوای یەك، ئەیاندا لە گەردنیان. لە ناو بەندیەکانـدا، گـەنجێکی جوان هەبو کە جوانی و گەنجێتیەکەی، سۆزی خستە دڵی لێپرسراوی کوشتنەکە.

لە گەنجەکەی پرسی: ((خەڵکی کوێیت؟))

وتی: ((خەڵکی هەمەدانم!))

پرسی: ((گوناهت چیە؟))

وەڵامی دایەوە: ((نازانم!))

فەرماندەکە وتی: ((لەبەرئەوەی توانای سەرپێچیم نیە لە فرمانی خەلیفە، ناتوانم چاوپۆشی لە کوشتنت بکەم. بەڵام ئەگەر شتێکت بوێت بتوانم بۆتی بکەم، لەوپەڕی خۆشحاڵیدا ئەنجامی ئەدەم.))

گەنجەکە وتی: ((ماوەیەکە هیچم نەخواردوە، پارویەك نانم پێبدە بۆ ئەوەی برسێتیم نەمێنێت.))

بە فرمانی فەرماندەکە خواردنیان هێنا و گەنجەکە، بێ ئەوەی بیر لە دیمەنی کوشتارگا بکاتەوە و لەوپەڕی خوێنساردیدا، دەستیکرد بە خواردن. فەرماندە، سەری سوڕما لە حاڵی گەنجەکە و پرسی: ((ئەی گەنج! سەردەرناهێنم لە کارت! ئەوەندە سەرقاڵیت بە خواردنەوە وەك بڵێی لە ماڵێکدا دانیشتویت و هیچ ڕوداوێکی شوم چاوەڕوانت نیە، ئەزانیت دوای ئەوەی چەند کەسێکی تر کوژران، سەرەی تۆش دێت لە ژێر شمشێری جەلادەکەدا، لەقەفرتێ بکەیت!))

گەنجەکە کە دەستی ڕاستی لە خواردنەکەدا بو، بە دەستی چەپی، بەردێکی لەسەر زەویەکە هەڵگرت و وتی: ((سەیرکە! تا ئەم بەردە بچێتە سەرەوە و بێتەوە خوارەوە، هەزار سوڕ ئەخوات، خوا ئەزانێت تا بەردەکە ئەکەوێتە خوارەوە، چی ڕوئەدات.))

ئەمەی وت و بەردەکەی هەڵدا بۆ سەرەوە و تیکەیەکی کردە دەمی. لە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژگار، هێشتا بەردەکە نەکەوتبوەوە سەر زەوی لە دورەوە، تەپ و تۆز بەرزبویەوە و سوارێك گەیشت و هاواریکرد: ((دەست هەڵگرن، دەستهەڵگرن، موتەوەکیلیان کوشت!)) گەنجە هەمەدانیەکە و بێتاوانەکانی تر لە مردن ڕزگاریان بو.

**تێبینی:** کەسێك کە خۆی ئەداتە دەست نائومێدی، هەمو سەرمایە، لێهاتویی، بارودۆخ و قابیلیەتەکانی خۆی بە هەدەرداوە و ناتوانێت هەنگاو هەڵبێنێت.

مەولەویش ئەڵێت:

گرچه هیچ نشانه نیست اندر وادی

بسیار امیدهاست در نومیدی

ای دل! مبر امید که در روزه جان

خرما دهی، او نیز درخت بیدی

ئەگەر ئومێد هەبێت، هەمو وەرزەکان بەهارن.

((ماکیاڤیلی))

ئەگــەر وەک مریـشک لەسـەر کێشەکانتان
بنیشن، بەرهەمی کارەکەتان ئەبیننەوە.
((زیگ زیگلار))

# نەخـــۆشی

چ کەسێک ئەتوانێت سەرەڕای توش بون بە نەخۆشی ئیفلیجی منـدالآن و سیل بە درێژایی دوانزە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کارکردن، بگاتە سەرکەوتنێکی لەبەرچاو!

((ڕیچارد چاون)) سی و شەش سالّ مامۆستا و وتاربێژ بو و لـە پێنج سالّیدا نوشی نەخۆشی ئیفلیجی و سیل بـو. دوای ئـەوە، یـەکێک لـە باشترین قوتابخانـە نێرکاریـەکانی دروستکرد بۆ کەسـە کەمئەندام و بێنازەکـان. ڕیچارد سـەرەڕای نەخۆشیەکانی بەسەر کێشە ئابوری، کێشەی زمان و دە سالّ بێکاری و بەسوک تەماشاکردندا سەرکەوت. ئەو ڕێکخراوەی لـە سالّی ١٩٧٢دا دایمەزراند، یارمـەتی زیاتر لـە شـەش هـەزار فێرکـاری خوێنـدن تـەرککردو، بـە کەسانێک کـە یارمـەتی داراییان پێویستە، هەڵهاتوان لە یاسا، نەخۆشـە دەرونیـەکان و ئالودەبوەکـان بـە مادەی بێهۆشکەر ئەدات. زیاتر لە سـەدا هەشتاو هەشتی قوتابیـەکان هەستێکی باشیان هەبو دەربارەی خۆیان و تواناکانیان.

هەرگیز نامەوێت بەهۆی سنوورداریەکانەوە
سنووردار بیم.

((باربارا ستراسیند))

## کولەکەی ئاوی

ڕۆژێـک جوتیارێـک لـە کێڵگەکەیـدا کولەکـەی ناشـتبو. کاتێـک کولەکـەکان گەشەیانکرد و پێگەشتن، جوتیارەکە لە کاتی چاوگێڕان بـە کێڵگەکەیدا بتڵێکی شوشەی بینی کـە پێشبینی ئەکرا لـە لایـەن ڕێبوارێکـەوە هەڵدرابێتـە کێڵگەکە. جوتیارەکە بۆ پەیداکردنی ئەزمون، کولەکەیەکی بە وریاییەکی زۆرەوە، بە جۆرێك ساقەکەی زیانی پێنەگات، کردە ناو شوشەکە.

چەند مانگێك دواتر، کاتێك کێڵگەکە کەوتە بەرهەمدان و ئامادەبو بۆ چنینەوە، جوتیارەکە لە کاتی گەڕانی بە کێڵگەکەدا دوبارە بوتڵە شوشـەییەکەی بینیـەوە. ئەم جارە، بوتڵە شوشەکە پڕ بو بو لەو کولەکەی کە جوتیارەکـە بـە دەستەکانی خۆی بە زۆر کردبویەوە ناوی. کولەکەکانی تری هاوشێوەی ئـەم هـەمویان گـەورە بو بون، بەڵام کولەکەکەی ناو بتڵـە شوشـەکە نـەیتوانیبو لـە سنوری دیاریکراوی زیندان ئاساکەی شوشەکە زیاتر گەشە بکات. کولەکەکەی ناو شوشەکە بە تەواوی شێوەی شوشەکەی گرتبو.

ئەی ئێمە خۆمـان لـە نـاو چ بتڵێکی شوشـەییدا زینـدانی کـردوە؟ ئەندازەکـەی چەندێکە و جۆرەکەی چۆنە؟

((ئێرل نایتینگیل))

((برایان تریسی)) ئەڵێت:

ڕوبەڕوی ئەو بیرانە ببنەوە کە سنوردارتان ئەکەن، زۆرێکیان هەرگیز واقعی نین.

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))یش ئەڵێت:

ئامانجە سنوردارەکان، ژیانیش سنوردارئەکەن.

هەموو کەسێک سنوردارییەکانی تێڕوانینی خۆی وەک سنوردارییەکانی جیهان تەماشا ئەکات.

((ئارتور شوپنهاوەر))

ويرانكەرترين، بىٚ بەرهەمترين و بىٚ جوڵەترين
وزەكان هەستى گوناهە.

((ئەمانوێل))

# گـونـاه

كوڕ: ((باوكە، بۆچى نابێت گوناه بكرێت؟))

لوقمان: ((كوڕم، هەرچەندە ئەتەوێت گوناه بكە!))

كوڕ: ((باوكە، هەموان ئەڵێن گوناه مەكە، كەچى تۆ....))

لوقمان: ((كوڕم قسەكەم هێشتا تەواو نەبوە، وتم هەرچەندە ئەتەوێت گوناه بكە، بەڵام لە شوێنێكدا بيكە كە خواى تێدا نەبێت!))

((لارى دون)) ئەڵێت:

خولى گوناه لە ژيانى هەر كەسێكدا زو دەستپێئەكات و ئەگەر لەم خولە جيانەبينەوە، بۆ هەميشە كاريگەرى لەسەر ژيانمان ئەبێت.

((ئيمام عەلى)) ئەڵێت:

دوركەوتنەوە لە گوناه، ئاسانترە لە ناڕەحەتى هەقكردنەوە و تۆبە لەسەر كردنى.

ئێمە ئەتوانین بەرنامەیەکی سادە بکەینە جێگرەوەی بێ بەرنامەیی و بەهەدەرڕۆشتنی کاتەکانمان.

((جیم ڕان))

## بەرنامەیەکی ئاسان

((توشو هیکو سکو)) لە ساڵی ١٩٨١ دا بوە براوەی پێشبڕکێی ماڕاسۆنی بۆستن و لە ساڵی ١٩٨٣دا بوە براوەی ماڕاسۆنی تۆکیۆ. ئەو بەو بەرنامە سادەیەی هەیبو توانی ببێتە گەورەترین، خێراترین و لێهاتوترین ڕاکەری جیهان. کاتێك پرسیاریان دەربارەی نهێنی سەرکەوتنی لێکرد، وتی: ((من بەیانیان دە کیلۆمەتر ڕائەکەم و شەوان بیست کیلۆمەتر.))

کاتێك پێیان وت بەرنامەکەت زۆر ئاسانترە لە بەرنامەی ڕاکەرەکانی تر، وەڵامی دایەوە: ((بەرنامەکە سادەیە، بەڵام من هەمو ڕۆژێك واتە ٣٦٥ ڕۆژ لە ساڵێدا ئەم کارە دوبارەئەکەمەوە.))

**تێبینی:** هۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵکی ناگەن بە ئاواتەکانیان، ئەوە نیە بەرنامەیەکی ئاسانیان هەیە، بەڵکو نایانەوێت بەردەوام بن لەسەر بەرنامە ئاسانەکەیان. بۆ گەیشتن بە زۆرێك لە ئامانجەکان پێویست بە بەرنامەی نارەحەت ناکات، بەڵام بەردەوامبون لەسەری گرنگە.

**فەیلەسوفی گەورە -جیم ڕان- ئەڵێت:**

**بە ڕاهێنان لەسەر بچوکترین سیستەمی ڕۆژانە، ئەتوانرێت بە شێوەیەکی باوەڕ پێنەکراو، ژیانتان بۆ هەمیشە بگۆڕن.**

هیچ کارێك بە گەورەیی نامێنێتەوە بەمەرجێك دابەشی بکەن بۆ بەشی بچوك.

## پردی میلرۆز

دەربارەی پردی میلرۆز، ئەو پردەی لە نیویۆرك لەسەر ڕوباری نیاگارا دروستکراوە و کەنەدا و ئەمریکا ئەگەیەنێت بە یەك، چیرۆکێك هەیە کە لێرەدا ئەیگێڕینەوە.

دەربارەی شێوازی دروستکردنی ئەم پردە بەم شێوەیە ئەگێڕنەوە: ڕۆژێك کۆلارەیەك کە پەتێکی پێوە بەسترابو بەسەر ئەم ڕوبارەدا ئەفڕی، گوریسێکیش بەسترابو بە پەتەکەوە و کێبلێکی کانزایی درێژیش بەسترابو بە گوریسەکەوە و بەم شێوەیە، کەلوپەل و بەشەکانی تری پردەکە بە سود وەرگرتن لەم کێبلە لە شوێنی خۆیاندا دانران!

چیرۆکی پردی میلرۆز هێمایەکە بۆ ئەو ڕاستیەی کە دەستپێکردنی هەر کارێکی گەورە لە شتانێکی سادە و ئاسانەوە ئەبێت.

> ((هەمو کارێکی گەورە لەسەرەتادا بە مەحاڵ دێتەبەرچاو.))
>
> ((کارلایل))

هر که را دیدم به راز عشق محرم ساختم
خویش را در عاشقی رسوای عالم ساختم*

## قوتابخانەی عەشق

لەو تەمەنەی بۆم ماوەتەوە
دیسانەوە لەگەڵ ئێوە قوتابخانەیەک ئەکەینەوە
کە تێیدا هەمیشە بەیانی زو
بە زمانێکی سادە
سۆز بوترێتەوە
و بڵێن خوا
دروستکەری جوانی
و ئاوازی عەشق،
دروستکەری ئێمەیە
میهرەبانێکە بانگهێشتمان ئەکات
بۆ خۆی، جوانی و دانایی
بەهەشتێکی هەیە نزیک، جوان و گەورە
دۆزەخێکی هەیە -بە گومانم-
بچوک و دور
بۆ بیانویەک ئەگەڕێت

* واتە" هەر کەسێکم بینی تێمگەیاند لە نهێنی عەشق، خۆشمم لە عاشقیدا کردە ڕوڕەشی جیهان"

بمانبەخشێت
ترسی ئێمە لە دەرەوەی بازنەی ڕەحمەتی ئەوەوەیە
لەو تەمەنەی بۆم ماوەتەوە
دیسان لەگەڵ ئێوەدا قوتابخانەیەك ئەكەینەوە
كە دانایی بە عەشقەوە
زانست بە هەستەوە
و بیركاری بە شیعرەوە
دین بە عیرفانەوە
هەمویان بە عەشقەوە بوترێنەوە
پێنوس نەخەنە ناو پەنجەی هیچ كەسێك
و كەس بە حەیوان بانگ نەكەن
و نەڵێن بە كەس تەوەزەل
مامۆستا هەمو ڕۆژێك
حازر و غایبی ڕۆح بكات
و بێجگە باوەڕی
هیچ كەسێك نابێت هیچ شتێك لەبەربكات
مێشكەكان وەك گەنجینە پڕ نەكرێن
دڵ خاڵی نەكرێتەوە لە هەست و سۆز
وانەگەلێك بڵێنەوە
لە جیاتی مێشك، دڵ ڕابكێشێت
شەڕ بسڕنەوە لە كتێبی مێژو
مەحاڵ بسڕنەوە لە مێشكەكاندا
بۆ ئەوەی هیچ كەسێك دوای ئەمە
دیسانەوە هەمیشە نەڵێت: ((هەرگیز))
و بە ئاسانی وەك كۆمەڵگەی لێنەیەت

وانەی وێنەکێشان دوبارە بکرێتەوە
ڕەنگەکان لە پایزدا بوترێنەوە
دڵۆپ لە باراندا
شەپۆل لە کەنار دەریادا
ژیان لە دۆزینەوەی ڕێگەی ڕۆشتن و گەڕانەوەی لوتکەی شاخدا
و پەرستن لە وردبونەوە لە بونەوەر
و سروشت لە داستان و دەشتدا
ئەمە ئەلاکی ماڵەوە بێت
کە شەوێک چەندین جار
هەمومان دوبارەی بکەینەوە:
دادپەروەری، ئازادی، یاسا، شادی.
تاقیکردنەوەیەک بکرێت
هەڵمانسەنگێنن
بۆ ئەوەی بزانن چەندێک
عاشق و وریاین و بوینەتە مرۆڤ
لەو تەمەنەی بۆم ماوەتەوە
دیسانەوە لەگەڵ ئێوەدا قوتابخانەیەک ئەکەینەوە
کە تێیدا لە وانەی کۆتاییدا
بە زمانێکی سادە
شیعر بوترێتەوە
و بڵێین تا بەیانی
خوا بتانپارێزێت

((مجتبی کاشانی))

لەگەڵ دایك و باوكتدا بە جۆرێك ڕەفتار بكە كە چاوەڕوان ئەكەیت منداڵەكانت لەگەڵتدا بیكەن.

((سوكرات))

## دایـــــك

لە ((ابوالسعید ابوالخیر))یان پرسی: ((ئەم ناوبانگە باشەت لە كوێ هێناوە؟))

ابوسعید وتی: ((شەوێك دایكم داوای لێكردم ئاوی بۆ بێنم، چەند خولەكێكی خایەند تا ئاوەكەم هێنا، كاتێك هاتمەوە، دایكم خەو بردبویەوە، دڵم نەهات خەبەری بكەمەوە، لە تەنیشتیدا دانیشتم تا بەیانی، دایكم چاوەكانی كردەوە و كاتێك جامە ئاوەكەی بینی لە دەستمدا، پەی برد بە بابەتەكە و وتی: ((كوڕم، ئومێدەوارم ناوت جیهان بگرێتەوە.))

بەم شێوەیە ((ابوالسعید ابوالخیر)) پیاوی دانایی، وریایی و عیرفان، ناوبانگی خۆی بە قەرزارباری دوعایەكی دایكی ئەزانێت. لێرەدایە هەست بە گرنگی و پێگەی دایك ئەكەین لە ژیانیدا.

گوێی گیان ڕائەدێرین بۆ وشە گەلێك كە لە لێوە بۆنخۆش و پاكیزەكانی دایكەوە وەك –دوعا– بۆ منداڵەكەی دەربڕیوە:

**كاتێك منداڵ بویت**
**بە بەتانی دامئەپۆشتیت**
**و لە هەوای ساردی شەوانە ئەمپاراستیت**
**بەڵام ئێستاكە كە پیر بویت**
**و دوریت لێمەوە،**
**دەستەكانم ئەلكێنم بە یەكەوە،**
**و بە دوعاكانم داتئەپۆشم!**

**مرۆڤی ئازا یەك جار ئەمرێت بەڵام ترسنۆك هەزار جار.**

**((ئالین چانگ))**

# تـــرس

ڕۆژێك پاشایەك لە دەرەوەی شار، سەرقاڵی گەڕان بو. نەخۆشی کۆلێرای بینی و پرسی: ((ئەم جارە، ئەتەوێت گیانی چەند کەس بنێریتە ئەو دنیـا؟)) نەخۆشـی کۆلێرا وەڵامی دایەوە: ((هەزار کەس.)) لە کاتێکی تردا، پاشا دیسانەوە نەخۆشی کۆلێرای بینیەوە. جوێن بارانی کرد کە بۆچی پەیمان شکێنی کـردوە و لـە جیـاتی هەزار کەس، چوار هەزار کەست کوشتوە؟ کۆلێرا لە وەڵامدا وتی: ((نـا! هـەمویان من نەمکوشتن، بەڵکو سێ هەزارەکەی تر لە ترسی من مردن!))

((پۆڵ سوییینی)) ئەڵێت:

خۆشحاڵی ڕاستەقینە، یەکسانە بـە سـەرکەوتن بەسـەر ترسـدا و تـرس ئەبێتـە هۆی نەگەشتن بە خۆشبەختی.

((جۆن هێنری نیومن))یش ئەڵێت:

ئەو ڕۆژەی کە ترس و گومان لە دڵت دەرکەیت، میوەی بوێریشت ئەچنیتەوە.

بـــــه زندگانى اگر عزم اهنين دارى

به زير پا شودت چون زمين هموار *

((نيزامى))

## وەڵامی نەریێ قبوڵ مەکەن

دکتـۆر ((ئیگنـاتیۆس)) تـازە زانکـۆی تـەواوکردبو، کـاری مەسـاج و جێگـۆڕکێ پێکردنـی سـتونی فەقـەراتی دەسـتپێکرد و بڕیاریـدا نوسـینگەیەك لـە کەنـداوی ((مـۆنتێری)) لـە کالیفۆڕنیـا بکاتـەوە. کاتێـك ڕۆشـت بـۆ وەرگـرتنی یارمـەتی لـە ڕێکخـراوی یارمـەتی و هاوکـاری مەسـاج دەرمـانی ناوچـەکە، پێیـان وت شـوێنی کارەکەی بباتە شوێنێکی تر. ئەوان وتیان ئەو ناتوانێت لەو ناوچـەیەدا سـەرکەوتو بێـت، لەبەرئـەوەی کەسـانێکی زۆر لـەو ناوچـەیەکدا خـەریکی هـەمان کـارن. ئـەو بڕیاریدا وازنەهێنێت. چەندین مانگ، هـەمو ڕۆژێـك بـەیانی تـا ئێـوارە لـە دەرگـای ئەدا. دوای ناساندنی خۆی وەك دکتۆری تازەی شارەکە چەند پرسیارێکی ئەکرد:

((کویێ هەڵبژێرم بۆ دانانی نوسینگەی کارەکەم؟))

((لە کام ڕۆژنامەدا ئاگاداری بڵاوبکەمەوە کە بگاتە دەست هاوسێکانتان؟))

((ئایا بۆ ئـەو کەسـانی کـە بـەیانیان کاتـژمێر ٩ بـۆ ٥ ئێـوارە ئەچـنە سـەرکار، بەیانیان زو نوسینگەکەم بکەمەوە یان ئێواران زۆرتر لەویێ بمێنمەوە؟))

و لە کۆتاییدا ئەیپرسی: ((کاتێـك کردمـەوە ئایـا حەزئەکـەن، بانگهێشتنامەتان پێبگات؟))

ئەگەر بیانوتایە: ((بەڵێ)) ناونیشان ئەنوسین و بەردەوام ئەبو. ڕۆژ و مانگەکان یەك لە دوای یـەك تێپـەڕین و بـەردەوام بـو لەکارەکـەی. تـا کاتێـك دەرکـەوت لـە

---

* واتە: ئەگەر لە ژیاندا عەزێکی پۆڵایینت هەبێت، شاخ وەك زەوی تەخت بۆت هەموار ئەبێت.

دوانزە هەزار و پێنج سەد هەزار دەرگای داوە و لەگەڵ شەش هەزار و پێنج سەد کەسدا قسەی کردوە. زۆرینەی کاتەکان وەڵامی ((نا))ی وەرگرتبو و هەندێکیش ((کەس لەماڵەوە نیە)). تەنانەت ڕۆژێك لە حەوشەی یەکێك لە ماڵەکاندا کەوتە ناو زەلکاو و تا ئێوارە لەوێ مایەوە، بەڵام بەڵێی زۆریشی بیستبو کە لە ماوەی یەکەمین مانگی کارەکەیدا ٢٣٢ نەخۆشی تازەی بینی و دەرامەتی لە مانگی یەکەمدا گەیشتە ٧٢٠٠٠ دۆلار، ئەویش لە شوێنێکدا کە ئەوترا ((پێویستی بە دکتۆری تر نیە!))

تێبینی: بۆ ئەوەی بگەن بەوەی ئەتانەوێت، ئەبێت داوا بکەن، داوا بکەن، داوابکەن و بڵێن دواتر، دواتر، دواتر، تا لە کۆتاییدا بگەن بەوەی بە شوێنیەوەن. هەمو ئەوانەی سەرکەوتو بون و گەیشتونەتە لوتکە، بێ گومان بەرگەی وەڵامی نەرێی زۆریان گرتوە. وەك ((سیلوستەر ستالونە)) ئەڵێت:

((من بیستنی وەڵامە نەرێکان وەك بیستنی دەنگی شەیپور ئەزانم کە لە خەو هەڵمئەستێنێت و ئەڵێت بەردەوام بە و مەکشێوە دواوە.))

((جۆرد بێرنارد شۆ)) بە پێداگریەوە ئەڵێت:

((مرۆڤە سەرکەوتوەکان کەسانێکن کە ڕائەپەڕن و ئەکەونە شوێن حەزەکانیان وئەگەر پێینەگەشتن بە هەوڵ و کۆششی زۆر ئەیهێننە دی.))

((تاونی ئیدل)) نوسەری کتێبی ڕێگەکانی گەڕانەوە لە کۆتاییدا ئەڵێت:

هەرگیز دەست هەڵمەگرن لە خەونەکانتان. پێداگری و مکوڕبون لە هەمو شتێك گرنگترە. ئەگەر خەونێکتان نەبێت و دڵنیا نەبن لە خۆتان، ناتوانن دوای ئەوەی پێیان وتن ئەبێت خۆتان بدەن بە دەستەوە بەردەوام بن و هەرگیز ناتوانن خەونەکانتان بێننەدی.

کەسێك کە دەرونێکی شادی هەیە، هەمیشە هۆکارێکی باش بۆ خۆشحاڵی و پێکەنین ئەدۆزێتەوە.

((ئارتۆر شوپنهاوەر))

## چیرۆکێك لە ئیرنست هەمینگوایەوە



ئیرنست هەمینگوای، نوسەری بەرهەمی کلاسیکی پیرەمێرد و دەریا تێکەڵەیەك بوە لە ساتی زۆر پڕ جوڵە و چوست و چالاکی و خولی بێجوڵەیی و بێتوانایی کامڵ. بەر لەوی دەستبکات بە نوسینی ڕۆمانێکی تازە، چەندین کاتژمێر لە بەردەم ئاگرداندا دائەنیشت و پێستی پرتەقاڵی لێئەکردەوە.

بەیانی ڕۆژێك، ڕۆژنامەنوسێك پەی برد بەم خوە سەیرەی و لێی پرسی: ((وا هەست ناکەیت بەم شێوەیە کاتەکەتان بە هەدەر ئەڕوات؟ ئایا ئێوە کە ئەوەندە بەناوبانگن، نابێت سەرقاڵی کاری گرنگتر بن؟))

هەمینگوای لە وەڵامی ڕۆژنامەنوسەکەدا وتی: ((خەریکم دەرونم ئامادە ئەکەم بۆ نوسین، وەك ماسیگرێك کە بەر لە ڕۆشتن بۆ دەریا، کەلوپەلەکانی ئامادە ئەکات. ئەگەر ماسیگر ئەمە نەکات و وا گومان بکات هەر ماسی گرتن گرنگە، هەرگیز سەرکەوتو نابێت ماسی بگرێت.))

دوستی با مردم دانا نکوست

دشمن دانا به از نادان دوست *

((نیزامی))

# دوژمنی زانا، له هاوڕێی نەزان باشترە

سێ هاوڕێی گیانی بە گیانی سەفەرێکی دەریاییان دەستپێکرد. لە نیوەی ڕێگەدا توشی تۆفانێك بون و کەشیەکەیان تێکشکا. شەپۆلی ئاو گەیاندنیە دورگەیەکی چۆڵ. بێجگە لە درەخت هیچ شتێکیان لەو دورگەیەدا نەدۆزیەوە، لەبەرئەمە بڕیاریاندا لە دارەکان لانکەیەك دروستبکەن و سود لە میوەکانیان وەربگرن. ڕۆژێك بوتڵێکی شوشەیان بینی لە کەناری دەریاکەدا بو. بوتڵەکەیان دەرهێنا و سەرەکەیان کردەوە. لەوپەڕی سەرسوڕماندا بۆیاندەرکەوت جنێکی تێدایە و جنەکەی لێهاتەدەرەوە. یەکەمجار زۆر ترسان. بەڵام جنەکە زۆر سوپاسی کردن کە لە بەندێتی ڕزگاریان کرد و بڕیاری پێدان ئارەزوی هەمویان بێنێتەدی. پاش کەمێك بیرکردنەوە، کەسی یەکەم داوای لە جنەکە کرد بیگێڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی بۆ ئەوەی ببێتەوە بە خاوەنی ڕێستورانتە زنجیرەییەکانی. لە یەك چاوتروکاندندا، ئارەزوەکەی هاتەدی، کەسی دوەمیش داوای لە جنەکە کرد بیگێڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی بۆ ئەوەی ببێتەوە بە خاوەنی فرۆشگا زنجیرەییەکەی! کەسی دوەمیش ئارەزوەکەی هاتەدی. گەیشتە سەرەی کەسی سێیەم. ئەو تاکە کەسێك بو لە دورگەکەدا مابویەوە و زۆر ناڕەحەت بو لەوەی ئەیبینی هاوڕێکانی لەگەڵدا نیە و بێزاربو. جنەکە داوای لێکرد ئارەزوەکەی بڵێت. ئەو پاش ماوەیەك وتی: ((من لێرە بە تەنیایی ماومەتەوە، ئارەزو ئەکەم هاوڕێکانم دوبارە بگەڕێنەوە تا هەمومان بە یەکەوە بین!))

* واتە: ((هاوڕێیەتیکردنی مرۆڤی دانا باشە، دوژمنی زانا باشترە لە هاوڕێی نەزان.))

**تێبینی:** یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتن لە ژیاندا، هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوڕێگەی باشە. هاوڕێیەتی لە دو ڕوەوە کاریگەرە: یەکێکیان لەو ڕوەوە کە مرۆڤ لەگەڵ هەرکەسێکدا هەڵسێت و دانیشێت، خوی ئەو ئەگرێت. ڕوی دوەمیش ئەوەیە هاوڕێیەتی باشەکان، ئەبێتەهۆی بەدیهێنانی گومانی باش لای کەسانی تر و هاوڕێیەتی کەسە خراپەکانیش بە پێچەوانەوە.

((مەولانا)) ئەڵێت:

| | |
|---|---|
| دور شو از اختلات یار بد | یار بد بدتر بود از مار بد |
| مار بد، تنها همین بر جا زند | یار بد جان و بر ایمان زند |
| صحبت صالح تو را صالح کند | صحبت تالع تو را تالع کند |
| نار خندان باغ را خندان کند | صحبت نیکانت از نیکان کند |

واتە: ((دورکەوەرەوە لە هاوڕێیەتی کەسی خراپ، خراپەکار، لە مار خراپترە. مار تەنیا بە گیانەوە ئەدات، بەڵام هاوڕێی خراپ بە گیان و بە ئیمانیشەوە ئەدات. هاوڕێیەتی کەسە چاکەکان، چاکت ئەکات و لە ناو کەسە چاکەکاندا باسی چاکەکانت ئەکات.))

ئەگەر هاوڕێیەك هاتە میوانی دڵی تەنیامان و پێی خستە میحرابی خەڵوەتی دڵمانەوە و کاتێك دانیشتین بە دیار وتە گوڵئاساکانیەوە و مێشك و دڵمانی وەك پەڕەسێلکەیەکی باڵ سوك ڕێنمایی کرد بۆ شوێنکەوتنی بۆنی خۆشی خۆی و پاشانیش حەزرەتی حەق، ئەبێت بزانین کە بەڵێ، ئەوە خۆیەتی، نیوەی ون بومان!

**حەکیمێکیش ئەڵێت:**

هاوڕێ ئەوەیە لەگەڵیدا ئەوێریت خۆت بیت!

هیچ شتێك گوناه نیه، بێجگه گەمژەیی!
((ئۆسكار وایەڵد))

## چارەسەری کێشەی چاڵ

لە یەکێك لە شەقامە سەرەکیەکانی شارێکدا، چاڵێك هەبو ئەبویە هۆی ڕودانی کارەساتی جۆراوجۆر بۆ هاوڵاتیەکانی شارەکە. بەڕێوبەرەکانی شارەکە پاش کۆبونەوە بڕیاریاندا کێشەکە چارەسەربکەن.

بەڕێوبەرەی یەکەم وتی: ((ئەبێت هەمیشە ئامبولانسێك لە تەنیشت چاڵەکەدا بێت بۆ ئەوەی کارەساتبارەکان بگەیەنرێنە نەخۆشخانە.))

بەڕێوبەری پلە بەرزتر وتی: ((نا، کات بە فیڕۆ ئەچێت. وا باشە نەخۆشخانەیەك لای چاڵەکەدا دروستبکەین.))

بەڕێوبەری گشتی وتی: ((نا، باشترین کار ئەوەیە ئەم چاڵە پڕکەینەوە و چاڵێکی هاوشێوەی ئەمە لە تەنیشت نەخۆشخانەکەدا بکەینەوە.))

**گەمژەیەك هەمیشە ئەتوانێت گەمژەیەك بدۆزێتەوە بۆ پشتگیری کردن لە کارەکانی!**
((نیکۆلاس بو ئالۆ))

عمــر گر خوش گزرد زندگی نوح کم است
ور به سختی گزرد نیم نفس بسیار است *

## تەمەن ئازیزە، قەدری بزانە

• پیاوێـك كـه بـه سـوخۆری دەوڵەمەنـد بـو بـو و سـێ سـەد هـەزار دینـاری كۆ كردبـوەوە، بڕیاریـدا چـیتر ناڕەحـەتی نەكێـشێت و ئـەو تەمەنـەی ماویـەتی بـه خۆشحاڵی و شادی بژی، بەڵام هەر لەو كاتـەدا، ئیزڕائیـل هـات بۆ ئـەوەی گیانی بكێشێت. دنیا لەبەرچاوی پیاوەكە تاریك و لێڵ بو. بە گریانەوە بە ئیزڕائیلی وت:

((تەمەنم هەموی بە ناڕەحەتی تێپەڕاندوە، ئێستا كە هـەلی سود وەرگرتن لـه تەمـەنم بۆ هاتۆتـه پێشەوە، هاتویت گیـانم بكێشیت؟ ئایا ڕەوایـه لـەم كاتـەدا بمرم؟)) بـەڵام ئیزڕائیـل هـیچ سـەرنجێكی نـەدا لـه قـسەكەی و ویـستی گیـانی بكێشێت. كاتێك پیاوەكە ئیزڕائیلی بە مكوڕی بینی، وتی: ((ئێستا كە وایـه، سـەد هەزار دینار بگرە و سێ ڕۆژ مۆڵەتم پێبدە. دوای سێ ڕۆژ وەرەوە گیانم بكێشە.))

ئیزڕائیل قبوڵی نەكرد. پیاوەكە وتی: ((دو سەد هەزار دینارت پێئەدەم. دو ڕۆژ مۆڵەتم پێبدە.))

ئیزڕائیـل قبـوڵی نـەكرد. پیاوەكـە وتـی: ((هـەمو داراییەكـەمت پێئـەدەم كـه سێسەدهەزار دیناره ، تەنیا یەك ڕۆژ مۆڵەتم پێبدە زیندو بم.))

---

* واتە: ((تەمەن ئەگەر بە خۆشی تێپەڕێت، تەمەنی نوح هێشتا كەمە. بەڵام ئەگـەر بـه ناڕەحـەتی تێپەڕێت نیو هەناسەش زۆرە.))

ئیزرائیل هیچ پێشنیارێکی قبوڵنەکرد، لە ئەنجامدا پیاوەکە وتی: ((کەوایە تەنیا ماوەی نوسینی ڕستەیەکم پێبدە بۆ ئەوەی بینوسم بۆ ئەوانەی لە دوای خۆم ئەژین.))

ئیزرائیل تەنیا ماوەی نوسینی یەک ڕستەی پێدا. پیاوەکە پێنوسی هەڵگرت و نوسی:

"ئەی خەڵکینە، من ویستم یەک ڕۆژ تەمەن بە سێ سەد هەزار دینار بکڕم، بەڵام نەیانفرۆشت. کەوایە قەدری تەمەنتان بزانن، لەبەرئەوەی تەمەن ناکڕرێت."

هەر ڕوداوێك ئەكرێت بە ڕێچكەیەكی ئەرێ یان نەرێدا بڕوات. ئەوە ئەركی ئێوەیە ڕوداوەكان بگۆڕن بە سەركەوتن.

((كیم وو چونگ))

## نێهنی سەركەوتنی پاڵەوانی ئۆتۆمبێلی جیهان

((مایكڵ شوماخەر)) چەندین ساڵی یەك لە دوای یەك لە پێشبڕكێكانی ڕاڵیدا بوە یەكەمی جیهان. كاتێك پرسیاریان لێكرد دەربارەی نهێنی سەركەوتنی، وتی: ((تاكە نهێنی سەركەوتنی من ئەوەیە كاتێك ئەوانی تر ئیستۆپ ئەگرن، من پێ بە بەنزیندا ئەنێم!))

بخوێنەرەوە كاتێك كەسانی تر لە خەودان.

بڕیاربدە كاتێك كە خەڵكی خەوتون.

خۆت ئامادە بكە كاتێك ئەوانی تر خەریكی خەیاڵ پلاون.

دەستپێبكە كاتێك ئەوانی تر لە بیانو گرتندان.

كار بكە كاتێك ئەوانی تر خەریكی ئارەزو كردنن.

ئابوری بكە كاتێك ئەوانی تر دەستبلاون.

گوێبگرە كاتێك كەسانی تر قسەئەكەن.

پێبكەنە كاتێك كەسانی تر توڕەن.

پێداگری بكە كاتێك ئەوانی تر وازئەهێنن.

کردنەوەی ڕێگەی تازە، پێویست بە وزەی نهێنی ئامێز و سیحراوی نیە، داهێنانکاری، بۆماوەیی نیە، بەڵکو سیستەمێکە ئەتوانرێت فێری ببیت.

((پیتەر دراکەر))

## داهێنانکاری

باخەوانێك سێوی سوری تەڕ و تازە، ئاودار و بریقەداری بەرهەم ئەهێنا کە وەك برنجی تازە دەم کێش، کڕیاری زۆری لەدەوری خۆی کۆکردبوەوە. زۆرینەی کڕیارەکان بەهۆی تامی خۆش و ڕوکەشی جوانی سێوەکانیەوە داواکاریەکانیان لەڕێگەی پۆستەوە بۆ ئەنارد.

ساڵێکیان، بەر لە چنینەوەی بەرهەم، لە بەختی ڕەشی باخەوانەکە، تەرزە دای لە سێوەکان و زیانی پێگەیاندن.

باخەوانەکە هەزاران داواکاری و چەکی لە لایەن کڕیارەکانیەوە پێگەشتبو و کڕیارەکانی بەهۆی هاتنی ڕۆژانی جەژنەوە چاوەڕوانی وەرگرتنی سێوی تازە و باش بون. باخەوانەکە توشی کیشە بو بویەوە، لەبەرئەوەی هەزاران کەس لە کڕیارەکانی نەك هەر ناڕازی ئەکرد، بەڵکو ئەگەری هەبو بە یەکجاری لە دەستیان بدات و توشی زیانێکی هەق نەکراوە ببێت.

عەیب تەنیا لە ڕوکەشی سێوەکاندا بو. باخەوانەکە چۆن ئەیتوانی ئەم عەیبە نەهێڵێت؟

ڕاستیەکە ئەوە بو تامی سێوەکان زۆر خۆش بون، تەنانەت تامیان لە پێشتر خۆشتر بو، لەبەرئەوەی هەوای سارد لە کاتی گەیشتنی سێوەکاندا بو بوە هۆی خۆشتر کردنی تام و چێژیان. لەبەرئەمە باخەوانەکە بڕیاریدا داواکاریەکان بنێرێت.

ئەو دوای ئامادەکردنی هەر داواکاریەك، کارتێکی تێئەکرد کە لەسەری نوسرابو:
((سەرنج بدەن لەو پەڵانەی بەهۆی تەرزەوە کەوتوەتە سەر هەندێك لە سێوەکان، ئەم پەڵانە نیشانی ئەدەن کە لە بەرزاییەکی زۆردا، واتە شوێنێك کە سەرمای لەناکاوی تەرزە بەهۆی ناسکی ناوەوەی سێوەکە، شیرینی و بێ هاوتایی تام و چێژیانەوە، دروستبون!))

هیچ یەکێك لە کڕیارەکان سێوەکانیان نەگەڕاندەوە، ساڵی دواتر، زۆرینەی کڕیارەکان لەگەڵ داواکاریەکەیاندا نوسینێکیشیان نارد بۆ باخەوانەکە کە سێوی تەرزە لێدراو و پەڵە دار بە باشتر ئەزانن لە سێوی ساف و لوس!

سەرکەوتن بەهۆی داهێنانەوە، سوربون و بەیانی عەشق و خۆشەویستی قوڵی دەرونە.

((ئەنتۆنی ڕۆبینز))

جددیەت ئامانج نزیکتر ئەکاتەوە.

((شیلەر))

## کاردابەشکردن

لە سەردەمانی زۆر کۆندا، ئیمپراتۆرێک هەبو سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کارەکانی بو. ڕوبەڕوی کێشە و دژواری زۆر ئەبویەوە و هەمیشە بە تەنگ ئەوەوە بو باری قورس و گرانی کارەکانی ڕۆژانەی کەم بکاتەوە. لەبەرئەمە بڕیاریدا وەزیرێک یان جێگرێک هەڵبژێرێت بۆ خۆی بۆ ئەوەی لە بەڕێوبردنی کارەکاندا یارمەتی بدات. لەبەرئەمە کەسێکی گونجاوی هەڵبژارد و هەر لە سەرەتاوە پێی وت:

((وەرە کارەکان دابەش بکەین، تۆ سزاکان ڕاگەیەنە و منیش ئەبمە لێپرسراوی مانداڵ و پاداشتەکان.))

وەزیر کە یەکەمین لێپرسراوێتی پێدرا، قبوڵی کرد و هەردوکیان بەم شێوە کارکردنە پێشوازیان لە ڕوداوەکان کرد. دوای ماوەیەک ئیمپراتۆر بۆیدەرکەوت کە هەرکاتێک ئەو کارێک داوائەکات لە کەسێک، ئەو کەسە کارەکە کەموکوڕتی ئەنوێنێت لە ئەنجامدانی کارەکەدا یان بەزیادەوە ئەنجامی ئەدات. بەڵام کاتێک وەزیرەکە داوای ئەنجامدانی کارێک ئەکات، هەموان بە شۆڕ و شەوقەوە بە خێرایی ئەنجامی ئەدەن. ئیمپراتۆر تیامابو لە نهێنی ئەم کارە و هەرچەندە بیریکردەوە، سەری لەبەر هیچ دەرنەکرد. سەرئەنجام بڕیاریدا بۆ دۆزینەوە نهێنی ئەم بابەتە، کارەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵ وەزیرەکەیدا. لەبەرئەمە وەزیرەکەی بانگکرد و پێی وت:

((وەرە دوبارە کارەکان دابەشبکەینەوە، ماوەیەکە تۆ هەمو سەرزەنشتەکانت ئەنجامداوە، ئێستا من ئەم کارە ئەگرمە ئەستۆ و تۆ ببەرە لێپرسراوی هاندان و پاداشتەکان.))

وەزیرەکە دیسانەوە قبوڵیکرد و هەردوکیان کارەکەیان گۆڕیەوە.

دوای تێپەڕین یەك مانگ، بارودۆخەکە گۆڕا و هەمو شتێك تێکچو.

بارەکە وای لێهات کە لەبەرئەوەی ئیمپراتۆر یەکەمجار لێپرسراوی هاندان و پاداشتەکان بو لەم ڕۆڵەدا کەسێکی میهرەبان و چاکەکار بو، خەڵکی خۆشیان ئەویست و ئێستا کە دەستیکردبو بە سزادان و سەرزەنشتی ئەم و ئەو، لێی هەڵگەڕابونەوە و ئەیانوت: ((ئەم پیاوە چی لێهاتوە؟ بۆچی وا ڕەفتارئەکات؟)) لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو چیتر بە دەردی ئیپراتۆری ناخوات و ئەبێت کەسێکی تر بخەنە شوێنەکەی.

ماوەیەك دواتر، خەڵکەکە ئیمپراتۆرەکەیان گۆڕی و بیریانکردەوە بۆ دانانی کەسێك بۆ جێگرەوەی. ئەزانن لە ئەنجامدا چ کەسێکیان کردە جێگرەوەی؟ ئەوان وەزیرەکەیان کردە جێگرەوەی! لەبەرئەوەی ڕەفتاری ئیمپراتۆرەکە لە باشەوە گۆڕابو بۆ ڕەقی و زبری و خوی وەزیرەکەش لە سزادان و سەرزەنشتەوە گۆڕابو بۆ کرانەوە و ڕوخۆشی!

**تێبینی:** ئەگەر لە بەڕێوبردنی کارەکاندا بە قورس گیری و جدیەتەوە دەستپێبکەین و دواتر شێوازەکەمان نەرمتر و گونجاوتر بکەینەوە، سەرکەوتو تر ئەبین.

نابێت بە پەنجەی پیسەوە هێمابکرێت بۆ
عەیبی خەڵکی.

((پەندی ئیتالیایی))

## نیشانەی نەخۆشی

ڕۆژێك نەخۆشێك بە گریان و نارەحەتیەوە هاتە لای پزیشك و پێی وت نەخۆشیەکی سەیر کەوتوەتە گیانی و کە دەستئەدات لە هەر شوێنێکی لەشی، ئازارێکی قورس و تاقەت پڕوکێن دایئەگرێتەوە و ئەم ئازارە ئەوەندە زۆرە ئەیخاتەگریان. نازانێت توشی چ نەفرەتێك بوەتەوە کە هەمو بەشە ساغەکانی لەشی لە ناکاو وایان لێبەسەر هاتوە. پزیشکەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: ((ئەمە مەحاڵە کە لە ناکاو هەمو بەشە ساغەکانی لاشەت لە کاربکەون.))

نەخۆشەکە بە پێداگریەوە وتی: ((سەیرکەن تەنانەت کاتێك نەرمایی گوێشم ئەگرم دیسانەوە ئازارەکە هەمو گیانم ئەگرێتەوە و ئازارم ئەدات!))

پزیشکەکە کەمێك سەیری نەخۆشەکەی کرد و دواتر بە پێکەنینەوە وتی: ((هەو لاشەتان ساغە. کێشەتان ئەوەیە پەنجەی ئاماژەی دەستە ڕاستتان شکاوە و لەبەرئەمە هەرکاتێك ئەیخەنە سەر هەر بەشێك لە لاشەتان، هەست بە ئازارێکی قورس ئەکەن. ئای خۆزگە لە جیاتی ئەوەی بکەوتنایەتە گیانی لاشەتان، پەنجەتان بخستایەتە سەر بەرد، خۆڵ و دەرگا و دیوار. بە خێرای بۆتاندەئەکەوت کێشەکەتان لە کوێدایە و هەر لە خۆتانەوە گومانتان لە بەشە ساغەکانی لاشەتان نەئەکرد!))

# جاشـــوا بيـــلْ

لە بەیانیـەکی ساردی مـانگی جونـدا، پیاوێـك ڕۆشـتە نـاو وێـستگەی مـیترۆی واشنتۆن دی سی و دەستیکر بە کەمانچە ژەنین.

ئەم پیاوە لە ماوەی ٤٥ خولەکدا، شەش پارچە لە باشترین پارچـەکانی بـاخی ژەنـد. لـەو ڕووەوە کـە قـەرەباڵغترین کاتـژمێرەکانی بـەیانی بـو، هـەزاران کـەس هێرشیان هێنابو بۆ میترۆکان، بۆ چون بۆ سەر کار.

سێ خولەك تێپەڕیبو پیاوێکی تەمەن مامناوەند، سەرنجی لـە پیـاوە کەمانـچە ژەنەکە دا. هەنگاوەکانی خـاوکردەوە و چـەند چرکەیەك وەسـتا، دواتـر بـە پەلـە کەوتە ڕێ بەرەو سەر کارەکەی.

خولەکێك دواتر، کەمانچە ژەنەکە یەکەمین هاوکاری دەسـتکەوت. خاتونێـك بـێ ئەوەی بوەستێت یەك دۆلاری خستە ناو کلاوەکەی و بەپەلە بـەردەوام بـو لەسـەر ڕۆشتن.

چەند خولەکێك دواتر، پیاوێك لە کاتێکدا گوێی لە مۆسـیقاکە گرتبـو، پـشتی دا بە دیوارێکەوە، بەڵام لەناکاو تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و بە پەلە لـە نمایشەکە دورکەوتەوە. کەسێك لە هەموان زیاتر سـەرنجی کەمانچە ژەنەکـەی دا، منـداڵێکی سـێ سـاڵە بـو کـە دایکـی بـە پەلـە و کێـشمە کـێش بـە دوای خۆیـدا ڕایئەکێشا. منداڵەکە بۆ ساتێك وەستا و سەرنجی لـە کەمانـچە ژەنەکـە دا، دایکـی تونـدتر بـە دوای خۆیـدا ڕایکێـشا و منداڵەکـە لـە کاتێـکدا هـەروا سـەیری کەمانچە ژەنەکـەی ئەکرد، لەگەڵ دایکیدا کەوتە ڕێ. ئەم دیمەنـە، لـە لایـەن چـەندین منـداڵی تـرەوە دوبـارە کرایـەوە و دایـك و بـاوکی هـەمویان ناچـار ئـەبون بـە زۆر لەگـەڵ خۆیانـدا کێشیان بکەن.

لە ماوەی ئەو ٤٥ خولەکەدا کەمانچە ژەنەکە مۆسیقای ئەژەند، تەنیا شەش کەس کەمێك وەستان. بیست کەس هاوکارییان پێشکەشکرد، بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش وەستابن و کەمانچە ژەنەکە سی و سێ دۆلاری کۆکردەوە. کاتێك کەمانچە ژەنەکە وەستا لە ژەنین، بێدەنگی هەمو لایەکی گرتەوە، نە کەس ئاگاداری بو، نە کەسیش دەستخۆشی لێکرد و نە کەسیش ناسی.

هیچ کەس نەیئەزانی ئەم کەمانچە ژەنە، جاشوا بیلە، یەکێك لە باشترین کەمانچە ژەنەکانی دنیا، و نوسەری یەکێك لە ئاڵۆزترین پارچەیە بۆ کەمانچە کە نرخی سێ ملیۆن و نیو دۆلارە.

جاشوا بیل، دو ڕۆژ بەر لە کەمانچە ژەنینی ناو میترۆکە، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی شانۆدا لە شاری بۆستن، کۆنسێرتێکی پێشکەش کردبو کە هەمو بلیتەکانی فرۆشرابو و نرخی مامناوەندی هەر بلیتێك سەد دۆلار بو.

ئەمە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، کەمانچە ژەنینی جاشوابیل لە وێستگەی میترۆکەدا لە لایەن واشنتۆن پۆستەوە ڕێکخرابو و بەشێك بو لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ هەڵسەنگاندنی توانای ناسینەوە و سەلیقەی خەڵکی.

**تێبینی:** ئایا لە بارودۆخە ئاسایی و کاتە نەگونجاوەکاندا، توانای بینین و دەرکی جوانیەکانمان هەیە؟ ساتێك ئەوەستین بۆ قەدرزانینیان؟ ئایا ئەتوانین لە هەلو مەرجێکی چاوڕوان نەکراودا بلیمەت و سەرسوڕهێنەرەکان بناسینەوە؟

یەکێك لە دەرئەنجامە ڕێتێچوەکان لەم تاقیکردنەوەوە ئەکرێت ئەمەبێت کە ئەگەر ساتێك بێ ئیشین بوەستین و گوێبگرین لە یەکێك لە باشترین مۆسیقاژەنەکانی دنیا لەکاتی ژەنینی یەکێك لە باشترین پارچە نوسراوەکان بۆ کەمانچە، چ شتێکمان هەیە لەدەستی بدەین؟ و چەند زۆرن جوانیە سەنجڕاکێشەکانی دنیا کە هەمو ڕۆژ و مانگ و ساڵێك بە تەنیشتیاندا تێئەپەڕین بێ ئەوەی سەرنجێکیان بدەین.

## دوعا و پاڕانەوە

پیاوێکی گەنج کە بیرکردنەوەیەکی سەیری لە دوعا و پاڕانەوە هەبو، ئەچێتە لای مامۆستایەك. مامۆستاکە لێی ئەپرسێت: ((کار و کاسبیت چیە؟)) گەنجەکە وەڵام ئەداتەوە: ((من هیچ کار و کاسبیەکم نیە، بەڵام لەسەر شێوازی ئەوەی کە کتێبی ئاسمانی وتویەتی، بێ هیچ وەستانێك سەرقاڵی دوعا و پاڕانەوەم.)) مامۆستا لێی ئەپرسێت مەگەر خواردن ناخوات و ئەویش وەڵامی ئەرێ ئەداتەوە. مامۆستا دوبارە ئەپرسێتەوە: ((کەوایە ئەی کاتی خەوتن چ کەسێك دوعا و پاڕانەوەت بۆ ئەکات؟)) گەنجەکە هیچ وەڵامێك نادۆزێتەوە بۆ پرسیارەکەی مامۆستا. مامۆستاکە پێی ئەڵێت: ((بمبەخشە کە بە ڕونی و پێداگریەوە قسەئەکەم، بەڵام وتەکانت یەك نایەتەوە لەگەڵ ڕەفتارتدا. پێت نیشان ئەدەم چۆن ئەکرێت لە کاتی ئەنجامدانی کار و کاسبیتدا، بێ وەستان سەرقاڵ بیت بە دوعا و پاڕانەوەوە. من لە کاتی حەسیر چنیندا لەبەردەم خوای گەورەدا ئەکەومە سەر ئەژنۆ و ئەڵێم: ئەی خوای گەورە بەزەییت ببارێنە بەسەر منی هەژاردا و بە کەرەم و بەخشینی هەمیشەیی خۆت لە گوناهەکانم خۆش ببە.))

مامۆستاکە لێی ئەپرسێت مەگەر ئەم کارە دوعا و پاڕانەوە نیە و گەنجەکە وەڵامی ئەرێ ئەداتەوە. مامۆستا دواتر ئەڵێت: ((وەك ئەبینیت، هەمو ڕۆژەکە بە کار و دوعاوە بەسەر ئەبەم و لە کۆتایی ڕۆژەکەدا نزیکەی دە لیرەم دەست ئەکەوێت. چوار پێنج لیرەی ئەخەمە بەر دەرگاکەم و ئەوی تر خەرج ئەکەم بۆ

خواردن و خۆراکم. ئەو کەسەی پارەی پشت دەرگاکەم هەڵئەگرێت، کاتێک من لە خەودام یان خەریکی خواردنم، دوعام بۆ ئەکات و بەم شێوەیە، بە لوتف و بەزەیی خوای گەورە، دوعا و پاڕانەوەی شەو و ڕۆژم بە کارەکەم دێتەدی!))



کاتێك بۆ باشی بگەڕێن لە کەسانی تردا، لە خۆتاندا باشترینەکان ئەدۆزنەوە.

((مارتین والش))

## چاکــە

لـە سـەردەمی شـەڕی جیهـانی دوەمـدا، وێنەیـەکیان نیـشانی سـێ کـەس دا و داوایـانلێکردن باسـی ئـەوە بکـەن ئـەیبینن. وێنەکـە، دو کەسـی نیـشانئەدا کـە بریندارێکیان هەڵگرتبو.

کەسی یەکەم وتی: ((ئەم وێنەیە ئەیەوێت بڵێت ژیان ناڕەحەت و ترسناکە.))

کەسی دوەم وتی: ((ئەمە هۆیەکی ترە بۆ من کە ژیان بێ مانایە! ئەمە کارێکە مرۆڤەکان بەسەر یەکتریدا دێنن، یەکتر بریندار ئەکەن یان یەکتر ئەکوژن. مرۆڤ بۆ ئەبێت ئەوەندە وەحشی بێت!))

کەسی سێیەم وتـی: ((بـە بۆچونی مـن ئـەم وێنەیـە پاڵـەوانی دەرونـی هـەمو مرۆڤێك نیشان ئەدات. من هەست بە دڵسۆزی و هاریکاری ئەکـەم لـەم دو کەسـەدا کـە ژیـانی خۆیـان خـستوەتە مەترسـی بـۆ ئـەوەی کەسێکی تـر لـە مەترسـی دورخەنەوە. ئای چەند جوا و بەڕێزن!))

**تێبینی:** کاتێك بە ڕق و بڕیاری پێشوەختانەوە لـە کەسانی تـر بڕوانین، ژیـان ناڕەحەت و نەفرەتاوی ئەبێت، وەرن باشیەکانی کەسانی تـر ببینـین و ڕو لـە هـەر شوێنێك بکەین، مۆسیقای نەرم و دڵگیری ئینسانیەت و عەشق ببیستین.

دنیا هەمو کەسێك تێکئەشکێنێت! و دوای ئەوە زۆر کەس هەر لەو خاڵەی تێیدا تێکشکاون بەهێزتر ئەبن و دنیا تێکئەشکێنن.

((ئێرنست هەمینگوای))

## گوێچکە ماسی

ئەمەوێت چیرۆکی گوێچکە ماسیەك بگێڕمەوە

کە ڕۆژێك بۆیدەرکەوت

لمێك کەوتوەتە هەناوی.

تەنیا زیخێکی ورد بو

بەڵام گوێچکە ماسیەکەی زۆر خەمبار کرد

لەبەرئەوەی ئەم بابەتەی بە شکستێك ئەزانی

کە بەسەریدا هاتبو

لەبەرئەوەی گوێچکە ماسیەکان ئەگەرچی زۆر سادەن، بەڵام هەستیان هەیە.

ئێستا، ئایا بۆڵە بۆڵی کرد بەسەر ئەو ڕێکەوتەی بارێکی خەمهێنەری لەم شێوەی

بۆ هێنابو؟

ئایا جنێوی بە هەموان دا؟ هاواریکرد؟

و وتی: ((ئەبوایە دەریا پارێزگاری لێبکردایە؟))

نا، لەو کاتەدا بە خۆی وت:

((ئێستا کە ناتوانم لە ناوی بەرم،

ئەبێت هەوڵبدەم گەشەی پێبدەم و سودی لێوەرگرم.))

ئێستا ساڵانێك تێپەڕیوە،

ئەو زیخەی ئازاری ئەدا

ئێستا بوەتە مرواریەکی جوان، گرانبەها و درەوشاوە.

ئایا سەرنجڕاکێش نیە؟

ئەوەی گوێچکە ماسی، ئەیکات بە زیخێکی بێ بەها

ئایا ناتوانین ئەم کارە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا ئەنجام بدەین

کە دێنە دەرونمانەوە؟

((جین وبستەر))



زندگی در صدف خویش گهر ساختن است

در دل شعله فرو رفتن و نگداختن است

((ئیقبالی لاهوری))

واتە: ((ژیان ئەڵماس دروستکردنە لە گوێچکە ماسی خۆت. بە ناو ئاگردا ڕۆشتن و نەفەوتانە.))

خۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەو ماوە کەمە بو لە باوەشی گەرمی خێزانەکەمدا تێمپەڕاند.

((تۆماس جیفرسۆن))

## گوێزت نەوێت گوێزدانت بوێت

ڕۆژێك پیاوێکی دەوڵەمەند سەبەتەیەکی گەورەی پڕ کرد لە گوێز، خستیە پشت ئەسپێك و چوە ناو بازاڕی لادێکە، دواتر سەبەتەکەی داگرت و وتی بە خەڵکی: ((ئەم سەبەتە گوێزە بە دیاری ئەدەم بە خەڵکی ئەم لادێیە، بەس لە ڕیزدا بوەستن و هەر یەکەتان گوێزێك هەڵگرن. بە ڕێژەی هەمو خەڵکی گوندەکە گوێزی تێدایە و بەشی هەموان ئەکات.))

پیاوە دەوڵەمەندەکە ئەمەی وت و ڕۆشت. خەڵکی لادێکە بە دوای یەکدا ڕیزبون و یەك بە یەك گوێزیان لە سەبەتەکە دەرهێنا. منداڵێکی وریاش لە ڕیزەکەدا وەستا، بەڵام کاتێك سەرەی گەشت لە تەنیشت سەبەتەکەدا وەستا و سەرەکەی خۆی دا بە کەسی دواتر. بەم شێوەیە هەمو کەسێك گوێزێکی هەڵئەگرت و ئەڕۆشت بە دەم کاری خۆیەوە. پیاوێك کە خۆی زۆر بە زیرەك ئەزانی لە دڵی خۆیدا وتی: ((کاتێك سەرەم گەشت دو گوێز هەڵئەگرم و ڕائەکەم. لە ئەنجامدا ئەم منداڵە وریایە هیچی بۆ نامێنێتەوە.))

وای کرد و دو گوێزی هەڵگرت و بە ناو خەڵکەکەدا خۆی ونکرد. لە ئەنجامدا کاتێك هەموان گوێزەکانیان هەڵگرت و ڕۆشتن، منداڵەکە بە زەردەخەنەوە سەبەتەکەی هەڵگرت و خستیە سەر شانی و وتی: ((من هەر لە سەرەتاوە گوێزم

نەئەویست ئـەم سـەبەتە زۆر لـە گوێزەکـان بـە نـرخترە.)) ئەمـەی وت و بـە خۆشحاڵییەوە ڕۆشتەوە بۆماڵەوە.

**تێبینی:** بەداخەوە هەندێك کەس دڵیان بە گوێز خۆشە و لەوە بێئاگان ئـەوەی گرانبەهایە و گرنگی زیاترە، ئەو سەبەتەیە کە ئەم گوێزانەی تێدایە. زۆرێك قەدری هاوسەر و منداڵی خۆیان نازانن و بەردەوام کێشەیان هەیە لەگەڵیانـدا و لـەم خاڵـە بێئاگـان ئـەو سـەبەتەی ئـەم ئەندامانـەی لـە دەوری یـەك و بـەناوی خێزانـەوە کۆکردوەتەوە، گرنگی زۆر زۆرترە لە دەمەقاڵێ و کێشمەکێشمی ئەندامانی خێزان.

گـــر بود اندیشەات گل، گلشنی
ور بود خاری، تو هیمە گلخنی *

((مەولەوی))

## وێـــنەی هـــزری

دیلەکان بە کار و زەحمەتێکی زۆر و تاقەتپڕوکێن بەندیخانەیەکیان دروستکرد. بڕیاربو ئەم باڵەخانە تازەیە بکرێتە جێگرەوەی بەندیخانـە کۆنەکە کە ساڵانێکی زۆر کەسـانێکی زۆر تێـدا دیلکرابـون. دیلـەکان پـاش نیشتەجێبون لـە سلولە تازەکانیانـدا ناچـاربون بـە هـەوڵ و زەحمـەتێکی زۆر کەلوپـەل و شـتومەکەکانی بەندیخانـە کۆنەکـە (وەك دەرگـا و پەنجـەرە و لولـەی ئاووئـاوەڕۆ و دەستشۆری و.....) بگوێزنەوە بۆ بەندیخانە تازەکە.

دیلەکان لە کاتی ڕوخاندنی بینـا کۆنەکـەدا بـە دەرکـەوتنی ئـەوەی کـە دیواری بەندیخانەکە لەگەڵ میلی دو ئینجی پەنجـەرەکان و قـوفڵی گـەورەی سـەر دەرگا گەورەکان، لە کاغەز و گوڵەباخ دروستکراون و دواتر بە شێوەیەك ڕەنگ کراون کـە وەك بـەرد و ئاســن دەربکــەون، سەریانــسوڕما و ڕق و تــوڕەیی هــەمو گیــانی داگرتنەوە. بۆ هەمو دیلەکان ڕون بو بویەوە کـە ئەگـەر لـە کـاتی دیـل بونیـان لـە بەندیخانـە کۆنەکـەدا بۆگزێـك یـان لەقەیـەکی بـەهێزیان بدایـە لـە دیوارێکیـان، دیوارەکە ئەڕوخا و هەمویان هەڵئەهاتن و ڕزگاریان ئەبو. هەمو دیلەکان ساڵانێکی زۆر لە بەندیخانەکـەدا ئەیانناڵانـد و وایانئـەزانی هـەڵهاتن لـە دیـواری بەندیخانەکـە

* واتە: ((ئەگەر بیرکردنەوەت گوڵ ئاسا بێت، ئەبیتە گوڵستان. ئەگەریش دڕك بیت ئەبیتە دڕکستان.))

مەحاڵە. هەرگیز هیچ کەسێك ئەمەی بۆ دەرنەکەوت، لەبەرئەوەی وایانئەزانی ئازادی شتێکە بەدەستهێنانی زۆر نارەحەتە!

**تێبینی:** مێشکی مرۆڤ، جیهانێکی سەرسورهێنەرە کە زۆرێك لە زاناکانی سەرقاڵکردوە بە خۆیەوە. وێنەی هزری بەشێکی گرنگ لە جیهانی دەرونمان داگیرئەکەن. ئەم وێنانە هەندێك جار هەر لە خۆوە یان باشتر بڵێین لە لایەن کاریگەریە دەرەکیەکانەوە کە بێئاگاین لێیان لە نەستماندا جێگیرئەبن. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی وێنە هزریەکان ئەوەیە ئەتوانن بێ ئاگاداربون لە بنەڕەت و ئەسڵی ڕوداو و واقعیەتە ڕون و ناڕون، بچوك و گەورە ببن و کاریگەری لەسەر دەرونمان دروستکەن. ئەم کارە، زیاتر لەو بارانەدا ئەنجامئەدرێت کە ماوەیەك بەسەر کاتی ڕوداوەکەدا تێپەڕیبێت یان بە ڕونی لەبەرچاومان دیارنەمابێت. بۆ نمونە، ئەگەر هەر یەکێکمان گەشتێك بکەین بە یادگاریەکانی ڕابردوماندا ڕوداو گەلێك دێتەوە بیرمان کە لە کاتی ڕودانیاندا زۆر گەورە گرنگ هاتونەتە بەرچاومان و کەچی بە تێپەڕبونی کات بچوك بونەتەوە و ڕەهەندەکانی کەم بونەتەوە. هەروەها لەوانەیە هەندێك لە ڕوداوە ناخۆشەکان، کاتێك لە لایەن هەندێك هۆکارەوە گرنگ ئەکرێن یان دوبارە ئەبنەوە و یان تێکەڵ ئەبن لەگەڵ هەندێك ڕوداوی تردا، لەوانەیە لەناکاو لە مێشکماندا ببنە ((دێوێك)) یان ئەوەندە گەورە ببن لەبەرچاومان کە هەر چوار پەلمان لە کار بخەن. یان ڕوداوێکی خۆش بە جۆرێك کاریگەری لەسەر دەرون و گیانمان جێبهێڵێت کە وزە بالقوەکانمان بخاتەگەڕ و هێزی سەرو سروشتیمان بخاتەکار!

خاڵێکی تر کە لە باسکردنی وێنەی هزریدا گرنگە باسبکرێت، کاریگەری ئەم وێنە هزریانەیە لەسەر سیستەمی عەسەبی. دوای ئەوەی ئەم وێنانە لە مێشکدا شی و شیتەڵبکرێنەوە و بەدواداچونیان بۆ بکرێت، بە شێوەیەکی ئاسایی بارێکی

ئەریّ یان نەریّ بەدیدێنێت و بە پێی ئەو بارانە فرمان و کاردانەوە لە لایەن مێشکەوە ئەنێررێت بۆ هەمو ئەندامەکانی لەش. لەبەرئەمە ئەتوانرێت مێشک بە شوێنی کۆبونەوەی ئەو بارە نەریّ و ئەرێیانە ناوبنێین کە لە وێنە هزریەکانەوە بەدیدێن. ئەگەر لە نێوان ئەم بارە ئەریّ و نەرێیانەدا هاوسەنگی بپارێزرێت، ئەوا دەرونێکی هاوسەنگمان ئەبێت. ئەگەر لە کۆی گشتیدا، باری هزریمان ئەریّ بێت و هەزمان لە جوڵە و چوست و چالاکی بێت، ئەوا دەرونێکی باشمان هەیە و بە پێچەوانەشەوە.

بابەتێکی تر کە باسی و بەدواداچونی بابەتی وێنەی هزری سەرنجڕاکێشتر ئەکات، ئەوەیە کە ئەم وێنە هزریانە بەرە بەرە ئەبنە ڕاستی واتە لە وێنەوە ئەگۆڕێن و بەرجەستەئەبن. لەوانەیە باوەڕکردنی ئەم بابەتە لەسەرەتادا کەمێک دژوار و لێڵ بێت، بەڵام بە کەمێک بیرکردنەوە و بەدواداچون ڕون ئەبێتەوە. وەك هێمای بۆ کرا وێنەکان لە مێشکماندا باری نەریّ و ئەریّ بەدیدێنن و سیستەمی دەسەبیمان بە پێی گونجاوی چۆنێتی و جۆری باری دەرونیمان، فرمان گەلێك دەرئەکات کە ئەبنە هۆی کاردانەوە.

لە کاتێکدا کە وێنەی هزری بە ڕێژەی پێویست گەورە، ڕون و دیاربێت و بە بەردەوامی و ڕێکوپێکی دوبارە ببێتەوە ئەبێتەهۆی کاردانەوەی ڕەفتاری هاوشێوەی خۆی و بە یەکگرتنی بەرە بەرەیان لەوانەیە وێنەی هزری ببێتە واقع. هەڵبژاردنی وریاییانەی بیری خۆشحاڵکەر یان دروستکردنی وێنەی هزری باش و دڵگیر، شتێکە زیاتر لە ئارامکردنەوە و هێورکردنەوە و ئەکرێت ئەنجامی زانستیی گەورە بەدیبێنێت.

خراپ نیە بزانین چەند کەسێکی بەناوبانگی جیهانی لە مێشکیاندا چ ڕێنەگەلێکیان هەبوە:

((ليۆناردۆ داڤينشی)) له دوانزه ساڵيدا، كاتێك بەهۆی بابەتێكەوە سوكايەتی پێكرا، لەگەڵ خۆيدا پەيمانی بەست: ((من بەڵێن ئەدەم ڕۆژێك لە ڕۆژان ببمە يەكێك له هونەرمەندە بەناوبانگەكانی جيهان و لەگەڵ پاشاكاندا بگەڕێم و لەگەڵ شازادەكاندا هەڵسم و دانيشم.)) و بەڕاستی هەر واشبو.

ئەڵێن ((ناپليۆن)) كاتێك منداڵ بو و هێشتا گەنجێك زياتر نەبو، نەخشەی جيهانی له مێشكيدا وێنائەكرد، خۆی ئەبينی خەريكە حوكمڕانی ئەكات و فرمان ئەكات بەسەر سەربازەكانيدا و كاتێك گەورە بو لەشكری نارد بۆ هەمو لايەك.

((براكانی ڕايت)) وزەی خەياڵ و بيركردنەوەيان لە دروستكردنی فڕۆكەدا خستەكار و له ئەنجامدا سەركەوتو بون.

((هێنری فۆرد)) خەونی دروستكردنی ئۆتۆمبێلێك بو كه بتوانێت پێی بگەڕێت و هەر خێزانێك بتوانێت دانەيەكی هەبێت و تەنيا له دەست دەوڵەمەندەكاندا نەبێت. ئەو لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلی فۆرڕدی دروستكرد و ناوبانگی جيهانی گرتەوە.

((نيل ئارمسترانگ)) ئاسمانگەڕی بەناوبانگ، لە منداڵيدا هەميشه خۆی له ئاسماندا ئەبينيەوە و وێنای ئەكرد له ناو هەورەكاندا ئەفڕێت تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٩دا يەكەمين كەس بو توانی پێ بخاتە سەر مانگ.

**((پۆڵ ژاكۆ)) پاش بيستنی كورتە چارەنوسی كەسە بەناوبانگەكانی جيهان ئەڵێت:**

**ئەگەر وێنای بكەيت شكستت هێناوە، ئەوا شكستت هێناوە.**

**ئەگەر وێنای بكەيت ئازا نيت، ئەوا ئازا نيت.**

**ئەگەر ئەتەوێت سەركەوتو بيت، بەڵام وا بزانيت ناتوانيت، كەوايە له بازنەی شكستدايت.**

**ئەگەر وێنای بكەيت ئەدۆڕێيت، دەی ئەدۆڕێيت.**

لەبەرئەوەی لە دنیای دەرەوەدا

سەرکەوتن بە ویست و ئیرادەی مرۆڤ دەستپێئەکات

و هەموشی وێنای هزریە

ئەگەر وێنای بکەیت شان و شکۆیەکی نزمت هەیە،ئەوا بەو شێوەیەیت

تۆ، ئەبێت باوەڕت بە خۆت هەبێت

بۆ ئەوەی ئەوەی بتوانیت خەڵاتەکە ببەیتەوە

ڕوبەڕوبونەوەی ژیان هەمیشە لە سودی مرۆڤ کۆتایی پێنایەت

بەڵکو، کەم و زۆر کەسێك براوەیە

کە لەو باوەڕەدایە: ئەتوانێت!

ئێستا سەرنج بدەن لە تاقیکردنەوەیەك کە ساڵانێك لەمەوبەر دەربارەی هێزی وێنەی هزری ئەنجامدراوە:

ساڵانێك لەمەوبەر بۆ زانینی هێزی وێناکردن لە مرۆڤدا، تاقیکردنەوەیەك بە پێشنیاری یەكێك لە دەرونناسەکان لەسەر دو تاوانباری مەحکومکراو بە مردن ئەنجامدرا.

تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە بو کە یەکێك لە تاوانبارەکانیان بە چاوی بەستراوەوە هێنا و لەبەرچاوی کەسی دوەمدا بە بڕینی شا ڕەگی دەستی سزایاندا. لەم کاتەدا کەسی دوەم بە چاوەکانی خۆی بینەری مردنی تاوانبارەکە بو بەهۆی خوێن لەبەر ڕۆشتنی زۆرەوە. دواتر چاوی کەسی دوەمیشیان بەست و تەنیا تیغێکی باریکیان هێنا بە دەستیدا و بەرە بەرە ئاوی گەرمیان کرد بە دەستیدا. ئەمە لە کاتێکدا بو کە دەستی بە هیچ شێوەیەك نەبڕابو و زامدار نەبو بو. بەڵام پزیشك و دەرونناسەکان لەوپەڕی نا باوەڕیدا بینیان تاوانباری دوەمیش دوای چەند خولەکێك گیانی لە دەستدا. لەبەرئەوەی ئەویش وایزانیبو وەك کەسی

یەکەم شارەگی دەستیان بڕیوە و خوێنی لێئەڕوات. هەستی بە ڕژانی خوێنیش کردبو بە دەستیدا. لە ڕاستیدا وێنەی هزری ئەو وا بوە کە تا چەند ساتێکی تر وەك کەسی یەکەم تیائەچێت و هەر واش بو!

((کاترین پاندەر)) دەربارەی وێنەی هزری ئەڵێت:

ئاگادارین جیاوازی نێوان خواست و وێناکانتان بزانن. لەبەرئەوەی هەندێك جار وێناکانتان لەگەڵ خواستەکانتاندا شەڕئەکەن و ئێوە ئەم بابەتە نازانن و ئەم خاڵە گرنگە، هۆکاری شکستهێنانتانە لە گەیشتن بە زۆرێك لە خەونەکانتان.

بۆ باشتر تێگەشتن لە پەیوەندی نێوان خواست و وێناکانتان، نمونەیەك دێنینەوە:

تەختەیەك بخەنە ناوەڕاستی ژورێك و شتێك بخەنە ژێر هەردو سەرەکەی و نزیکەی بیست سانتیمەتر لە زەوی بەرزیبکەنەوە. ئێستا ئەتانەوێت بەسەر تەختەکەدا بڕۆن. بە سەیرکردنێکی بارودۆخەکە وێناکردنەکەتان هیچ کێشەیەکی تیا نیە، ئەڵبەتە کاتێك دڵنیابونەوە لە پتەوی هەردو سەری تەختەکە. باشە، چەند خولەکێك دواتر بەسەر تەختەکەدا ئەپەڕنەوە.

ئێستا تەختەکە بخەنە سەر دیواری دو باڵەخانەی تەنیشت یەکی چوار نهۆمی کە نزیکەی ٢٠ مەتر لە زەوی بەرزترە. دوبارە سەیری تەختەکە بکەنەوە و دوای ئەوەی دڵنیابونەوە لە پتەوی هەردو سەرەکەی، ئێستا ئەتانەوێت وەك جاری پێشو بەسەر تەختەکەدا بپەڕنەوە، ئەمە خواستی دەرونیتانە بەڵام وێناتان ئەوەیە کە ئەم جارە زۆر ترسناکە! واتە وێناکەتان قبوڵیناکان ئەمجارە بتوانن تێپەڕن! ئێستا ئەبێت چی بکرێت؟ پێتان ئەڵێم: ئەگەر ئیرادەتان یەك بگرێت لەگەڵ باوەڕێکی کامڵدا کە بە بێ هیچ ترسێك وەك جاری یەکەم بەسەر تەختەکەدا

نەپەڕنەوە، ئەو کاتە ئەتوانرێت بوترێت خواستتان زاڵبوە بەسەر وێناتاندا و شکستی پێهێناوە.

بەلام ئەگەر وێناتان بەردەوام ئەڵێت ئەگەر بکەون چی ڕوئەدات؟ و لە مێشکتاندا، خۆتان ئەبینن لەسەر جادەکە پان بونەتەوە و خەڵتانی خوێن بون! لەشتان ئەکەوێتە لەرزە و وازئەهێنن لە بیرکردنەوە لە تێپەڕبون بەسەر تەختەکەدا. لێرەدا خۆتان داوە بەدەست وێناکەتانەوە!

ئێستا با ببینین ((جۆن ئاساراف)) -نوسەر و تاربێژی نێودەوڵەتی- چۆن بە سودوەرگرتن لە وێنای ئەرێ توانیویەتی بگات بە خەونەکانی:

لە ساڵی ١٩٩٥، جۆن ئاساراف تابلۆیەکی لە خەونەکانی دروستکرد و لە ژوری کارەکەیدا لە ماڵەکەی خۆی دایکوتی. هەر کاتێك شتێکی مادی ببینیایە کە حەزی لێبکردایە یان سەفەرێك کە حەزی لێبکردایە، وێنەی ئەگرت و ئەیلکاند بە وێنەکەوە، دواتر خۆی وێنائەکرد کە چێژیان لێوەرئەگرێت. لە مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٠دا کە تازە گواستبویانەوە بۆ خانوە تازەکەیان لە کالیفۆرنیای باشور، کاتژمێر ٧:٣٠ خولەکی بەیانی لە نوسینگەی کارەکەیدا لە ماڵی خۆی دانیشتبو کە لە ناکاو کوڕە پێنج ساڵەکەی (کینان) هاتەژورەوە و لەسەر دو سندوق دانیشتن کە چوار ساڵ بو لەناو گەنجینەدابو. کینان لە باوکی پرسی ناو ئەم سندوقانە چیان تێدایە؟ کاتێك جۆن وتی تابلۆی خەونەکانی لە ناویاندایە، کینان پرسی: ((چی چی خەونەکانتان؟!))

جۆن دەرگای یەکێك لە سندوقەکانی کردەوە و تابلۆی خەونەکانی نیشانی کینان دا. جۆن کاتێك سەیری یەکەم وێنەی کرد، زەردەخەنەیەکی کرد و سەیری وێنەی مێرسیدس سپۆرت، کاتژمێر و هەندێك پێنوسی کرد کە پێشتر ئارەزوی ئەکرد هەیبێت. شتانێك کە دواتر هەمویانی بەدەستهێنابو. بەلام کاتێك وێنەی

دوەمی دەرهێنا، دەستیکرد بە گریان. لەسەر ئەو تابلۆیە وێنەی ئەو خانوە هەبو کە بەم تازەییانە کڕیبوی و ئێستا تێیدا ئەژیا! نەك خانویەك هاوشێوەی ئەو، بەڵکو ڕێك وەك ئەو خانوە! خانویەك بە پانی ۷۰۰۰ مەتر چوارگۆشە کە ئەڕوانی بەسەر دیمەنی جوانی زەویەکی دە هەزار مەتر چوارگۆشەدا، بە میوانخانەیەکی ۳۰۰۰ مەتری و نوسینگەیەکی کاری پێچاوپێچ، زەوی تێنس و سەد و بیست درەختی پرتەقاڵ، هەر ئەو خانوەی ساڵانێك لەمەوبەر وێنەکەی لە ناو گۆڤارێکدا بڕیبو.

ئەگەر ئامانجێکتان هەبێت و هەمو ڕۆژێك بە شێوەیەکی کامڵ وێنای بکەن و بیهێننە بەرچاوتان، دژیەکیەك لە مێشکی نیوە وشیارتاندا دەربارەی ئەوەی وێنای ئەکەن و ئەوەی ئێستا هەتانە، بەدیدێت. مێشکی نیوە·وشیارتان هەوڵئەدات بە گۆڕینی بارودۆخی ئێستاتان بە خەونێکی تازە و سەرنجڕاکێشتر، ئەم دژیەکی و کێشمەکێشە چارەسەر بکات. کاتێك بە تێپەڕینی کات ئەم دژیەکیە لە ڕێگەی خەیاڵکردنەوە و وێنەسازیەی بەردەوامەوە بەهێز ببێت، ئەبێتەهۆی ئەوەی ئەم سێ بابەتی خوارەوە بێنەدی:

سیستەمی شەبەکەی چالاککەر ((RAS))ی مێشکتان بە شێوەیەك بەرنامەڕێژی ئەکات کە هەمو ئەوەی یارمەتی ئامانجەکەتان ئەدات، ئەنێرێت بۆ مێشکتان.

مێشکی نیوە وشیارتان بۆ بەدیهێنانی ڕێگەچارە بۆ ((گەیشتن بەو ئامانجانەی ئەتانەوێن)) چالاك ئەکات. هەمو بەیانیەك بە بیروباوەڕی تازەوە لە خەو هەڵئەستن. کاتێك خەریکی خۆ شتنن، بیرۆکەی نوێ دێتە مێشکتانەوە. کاتێك پیاسەئەکەن بیری تازە بەرەو ڕوتان دێن و هەروەها کاتێکیش شۆفێری ئەکەن بۆ چون بۆ شوێنکارەکەتان.

هەر ئەمە، ئاستێکی تازە لە بیرۆکە دروست ئەکات. بۆتاندەرئەکەوێت بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کار گەلێك ئەنجامئەدەن کە بەرەو ئامانجەکانتان ڕێنماییتان ئەکەن. لەناکاو لە وانەدا دەست بەرزئەکەنەوە و خۆتان هەڵئەبژێرن بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك، لە کۆبونەوەی کارمەندەکاندا بەشداری ئەکەن و ڕای خۆتان دەرئەبڕن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داواکاریەکانتان ئەخەنەڕو، پارە کۆئەکەنەوە بۆ گەیشتن بەو شتانەی ئەتانەوێت، قەرزەکانتان ئەدەنەوە یان لە ژیانی تایبەتیتاندا زیاتر خۆتان ئەخەنە مەترسیەوە.

مۆڵەت بدەن زیاتر چۆنێتی کارکردنی سیستەمی (RAS) ڕونبکەینەوە:

مێشکی مرۆڤ وزە و هێزێکی سەرسوڕهێنەری هەیە. زۆرینەی کەسە سەرکەوتوەکان -کە پێشتر ئاماژەکرا بۆ هەندێکیان- ئەم خاڵەیان بۆ دەرکەوتوە و بە شێوەیەکی گونجاو سود لەم وزەیە وەرئەگرن. ئەوانەش کە بێ ئاگان لێی بە شێوەیەکی نەستی سودی لێوەرئەگرن. یەکێك لەم توانا سەرسوڕهێنەرانە، سود وەرگرتنە لە سیستەمێك کە پێی ئەوترێت سیستەمی چالاککەری شەبەکەیی. ئەم سیستەمە لە ڕاستیدا ئەرکی پارێزگاری کردن لە بیرەکانی لە ئەستۆدایە. ئایا تا ئێستا لە خۆتان پرسیوە بۆچی هەندێك کەس ئەتوانن پەی بەو شتانە ببەن کە پەیوەندیان بە ئامانجەکانیانەوە هەیە و سودیان لێوەربگرن لە ڕێڕەوی گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا؟ ئەم کەسانە فێربون چۆن سود لەم شەبەکەیە وەربگرن. ئەم شەبەکەیە تاکە ئەرکی پاڵاوتن و بژاردنی جوڵێنەرە هەستیەکان (بینراوی، بیستراوی و....)ی لە ئەستۆدایە و بڕیارئەدات لەنێوان ئەوانەدا کامەیان کاریگەری لەسەر مێشك و بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە و هەروەها بڕیارئەدات کە چ زانیاریەك سودی هەیە بۆی.

((دەنیس ڤیتلی)) لە کتێبی تۆوەکانی گەورەیی بەم شێوەیە باسی ئەم سیستەمە ئەکات:

((شەبەکەیەکی بچوك لە خانەکان بە درێژایی دە سانتیمەتر، کە لە خوارەوەی مێشکەوە تیشك دەرئەکات، پێی ئەوترێت دەزگای چالاککەری شەبەکەیی. ئەم شەبەکەیە تەقریبەن بە شێوە و ئەندازە هێندەی یەك لەسەر چواری سێوێك ئەبێت.))

سەرەڕای ئالۆزی پێکهاتەی ئەم شەبەکەیە، شێوازی کارکردنی زۆر سادەیە: شەبەکەکە دیاریئەکات ئێوە سەرنج لە چ بابەتێك بدەن و دورکەونەوە لە ئەنجامدانی چ کار گەلێك. لەوانەیە بکرێت بە بێژنگی بیر یان بێژنگی هزری بچوێنرێت. وەك ئەزانن داتا و زانیاریە دەرەکیەکانمان زۆر زۆرن و ئەگەر مێشك بیەوێت لە هەر ساتێکدا بیر لە هەمویان بکاتەوە، شێت ئەبین! ئێمە هەمیشە لە لایەن کاریگەریە دەرەکیەکانەوە (جولێنەرە دەرەکیەکان) بۆمباران ئەکرێین، لە کاتێکدا هەستی ئاگاییمان ئەتوانێت تەنیا سەرنج لە هەندێك هۆکار بدات. لەبەرئەمە بەدواداچونیان بۆ ئەکات و ئەوانەیان هەڵئەبژێرێت کە بە بۆچونی ئەو گرنگن و بە قەولی باو زانیاری و داتاکان شیتەڵئەکات و لەم ڕوەوە ئێمە تەنیا لە بەشێك لە واقعیەتەکانی دەوروبەرمان تێئەگەین.

ئایا تا ئێستا بەسەرتاندا هاتوە کە کالآیەکتان (وەك جل، تەسجیل، ئۆتۆمبێل......) کڕیبێت و دوای ئەوە کاتێك ئەچن بۆ بازاڕ ئەو کالآیەی پێشتر کڕیوتانە سەرنجتان ڕابکێشێت؟ بێ ویستانە بەرەو ڕوی بڕۆن و تەماشای بکەنەوە؟ خالێکی گرنگ لێرەدا هەیە بۆچی بەرلەوەی کالآکە بکڕن، لە کاتێکدا نمونەی لە بازاڕدا هەبو و بە تەنیشتیدا تێشپەڕیبون، ئەوەندە ورد نەبوبونەوە و سەرنجتان نەدابو؟ وەلآمەکە ئەوەیە پاش کڕین، ئەو کالآیە ئەچێتە شەبەکەی چالاککەری مێشك و لەوە بەدواوە ئەوەی پەیوەندی هەبێت لەگەڵیدا، گرنگی پەیدائەکات و ڕێژەی سەرنج لێدانی زۆرتر ئەبێت.

کاتێك سەرقاڵی خوێندنەوەن دەنگەدەنگی دەوروبەر، گریانی منداڵ، زەنگی تەلەفۆن یان هۆڕنی ئۆتۆمبێل سەرنجتان کەم ئەکاتەوە بۆ بابەتەکە و هەستان کێشئەکرێت بەرەو ئەو دەنگەی بیستوتانە. هەر بە دیاریکردنی بیر، وێنە یان تەنانەت هەستێك کە گرنگە بە لاتانەوە، شەبەکەی چالاککەری مێشك ئەکەوێتەکار و بە قەولی باو سەرتاپای ئەبێتە گوێ. ئەو کاتە هەر جۆرە زانیاریەك گرنگبێت بەلایەوە، وەریئەگرێت و ئەینێرێت بۆ هەستەکانمان.

دەنگەدەنگ و هاژەی فرۆکە لە دەوروبەری فرۆکەخانەدا زۆر بەهێزە. بۆ کەسانێك لە دەرەوە دێنە ئەم ناوچانە، ئەم دەنگە بەرزە بێزار و هەراسانکەرە. بەڵام بۆ کەسانی دەوروبەری فرۆکەخانەکە، بابەتێکی ئاساییە بەڵام ئەگەر هەر ئەم کەسانە ببرێنە ناوچەیەکی خەڵوەت و ئارام، تەنانەت دەنگی ماتۆڕێکیش سەرسوڕهێنەر و بێزارکەرە! چۆنە دەنگ و هاژەی فرۆکە ئەبێتە بابەتێکی ئاسایی و بەرگەگیراو بەڵام دەنگی یەك ماتۆڕی بچوك ئەبێتەهۆی ئازار و نارەحەتی؟!

لەبەرئەوەی دەنگی فرۆکە سەرەڕای بەهێزیەکەی، بەرە بەرە لە لایەن مێشکەوە ئاسایی ئەکرێتەوە و گرنگی نامێنێت، بەڵام هەر لەو کاتەدا، تەنانەت یەك چوتەی ئاسایی گرنگی پەیدا ئەکات.

تایبەتمەندیەکی تری شەبەکەی چالاککەری مێشك ئەوەیە ئەتوانن بۆ دەستخستنی زانیاری پەیوەست بە سەرکەوتن و خۆشحاڵی، بەشێوەیەك بەرنامەڕێژی پێ بکەن کە هەمیشە ئامادەبێت و ئەڵقە لە گوێتان بێت. بەیانیان زو لە خەو هەڵتانسێنێت. بە تاسەوە لە جێگەخەو بتانهێنێتە دەرەوە و ئامادەتان بکات بۆ ڕۆژێکی پڕ سەرکەوتن. هەندێك کەس کۆمپیوتەری مێشکیان توشی نەفرەت کردوە. لەبەرئەوەی بە جۆرێك بەرنامەڕێژیان کردوە لە هەمو شتێکدا، خراپترین بدۆزێتەوە! بەڵام ئەوانەی خۆیان بۆ ئەرێنی بون بەرنامەڕێژی ئەکەن، خاوەن نیعمەتێکی خوا پێداوی کۆمپیوتەرین کە لە هەمو بارێکدا، بۆ باشترین

ئەگەڕێت. دەزگای چالاککەری مێشك، شتێك تۆمارئەکات کە خواست، بیرەکان، نیگەرانی و ناخۆشیەکان بگۆڕێت بۆ ئامانج.

شەبەکەی RAS پەیوەندی مانادارى نێوان ئامانج و چالاکیەکانی خانە مێشکیەکان دیاریئەکات و لێپرسراوێتی بەدیهێنانیان لە ئەستۆ ئەگرێت و بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەم کارە ئەنجامبدرێت، پێویستە وەك هەر دەزگایەکی تر چالاك و کاریگەر بێت. ئێمە ئەتوانین بارودۆخی هزریمان بخەینە سەر ڕێگەی ئامانجەکانمان. هەر ئەوەی بڕیارماندا، لە مێشکماندا بگەڕێین بۆ ئامانجەکانمان بە وێناکردنی بەشەکانی، هەستەکانمان بەهێز بکەین و بە بەردەوامی سەرنجمان لەسەریانبێت، لە ڕاستیدا کارە گرنگەکانمان (ئەولەویەت) دیاریکردوە بۆ مێشکمان و وزەی دەرونیەکانمان لەسەر ئەو ڕێچکەیە ئەکەونەگەڕ. بەم شێوەیە بێژنگی هزری، ئەوەی گرنگە لەم ڕێگەیەدا سەرنجی لێبدەین، خۆی ئەیهێنێتەوە بیرمان.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوەش بکەین ئەم دەزگایە لەڕوی نەرێنیشەوە بە باشی کارئەکات! ئایا هیچتان بیستوە دەربارەی ئەو کەسانەی هەمیشە بەتەنگ دەردیسەریەوەن؟ ئەم کەسانە کەم نین لە دەوروبەرماندا. ئەوەی ئەم کەسانە نایزانن ئەوەیە بە جۆرێك سەرنجی شەبەکەی چالاککەری مێشکیان خستوەتە سەر کێشەکان کە هەمیشە ڕوداو و کارەساتەکان بەرەو خۆیان کێشئەکەن. ئەوان بەدەستی خۆیان، ڕێگەی خۆشبەختی و شادی لە خۆیان دائەخەن.

سەرنج لە چیرۆکێکی تر بکەن:

لە یەکێك لە پاڵەوانەکانی کاراتیان پرسی: ((چۆن چەندین تەختەی لەسەر یەك دانراو، بە یەك پیاکێشان ئەکشێنن؟))

پاڵەوانەکە وەڵامی دایەوە: ((سەرەتا شکانی تەختەکان لە مێشکمدا وێنائەکەم، دواتر پێیدا ئەکێشم.))

ڕونکردنەوەی ئەم بەشە بە قسەیەکی ((ئیمت فاکس)) کۆتایی پێدێنین:

کاری بنەڕەتیتان ئەوەیە لە مێشکتاندا، خۆتان وێنابکەن وەك ئەو کەسەی کە خۆتان بە شایستە ئەزانن بگۆڕێن بۆی.

## پەیامەکانی خۆشبەختی

* گەورەترین جیلوەی نەزانی و گەمژەیی مرۆڤ قبوڵنەکردنی زانیاری کەسانی ترە دەربارەی شتێك کە خۆی هیچی لێنازانێت!

* ئەقڵ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ مرۆڤ بون، گوێز و بادامیش مێشکیان هەیە، هەست و سۆز بۆ مرۆڤ بون پێویستە!

* گەورەترین بۆشایی ژیان، دوری نێوان زانین و ئەنجامدانە!

* سەرکەوتن لە هەر ڕۆژێکدا ئەبێت بەو تۆوە هەڵبسەنگرێنرێت کە ئەچێنرێت، نەك بەو بەرهەمەی ئەچنرێتەوە.

* دۆزەخ لەو ڕۆژەوە دەستپێئەکات کە خواوەند تێڕوانینێکمان پێئەدات لەوەی ئەمانتوانی پێی بگەین، ئەوەی بەفیڕۆماندا و ئەوەی ئەمانتوانی بیکەین و نەمانکرد!

* دوری نێوان زانین و ئەنجامدان لە دوری نێوان زانین و نەزانین زۆر زیاترە!

* زانا کەسێکە وزەی خۆی لە کارێکدا ناخاتەگەڕ کە گونجاو نیە بۆی. لەویش زاناتر کەسێکە لە نێوان ئەو کارانەی تێیاندا لێهاتوە و قوڵبوەتەوە تێیاندا، باشترینیان هەڵئەبژێرێت.

* لەم دنیایەدا لە خۆت زیاتر بە هیچ کەسێکەوە وابەستە مەبە، تەنانەت سێبەرەکەشت لە تاریکیدا دیارنامێنێت!

* ئەبێت هەمیشە لە کاتی ئەنجامدانی کارە بچوکەکاندا بیر لە کارە گەورەکان بکرێتەوە تا هەمو کارە بچوکەکان لەسەر ڕێچکەیەکی ڕاست و دروست ڕێبکەن.

* ناتوانین هەمیشە ئەو ڕوداوەی بۆمان دێتە پێشەوە هەڵبژێرین، بەڵام هەمیشە ئەتوانین ئەوەی لە دروونماندا تێئەپەڕێت، هەڵبژێرین.

* بڕیارە ڕاستەکانی ئەمڕۆ، مژدەی داهاتویەکی گەشتان پێڕائەگەینن.

* بە وردیەوە پارێزگاری لە کاتەکانتان بکەن. لەبەرئەوەی وەك ئەڵماسی دەست لێنەدراون. ئەگەر سەرنجیان لێنەدەن، کەس هەست بە گرنگیان ناکات. چاکسازیان تێدابکەن بۆ ئەوەی بگۆڕێن بە درەوشاوەترین گەوهەری دنیا.

* هەمو کەسێك تابلۆیەك بە ملیدا هەڵواسراوە کە ئەڵێت:

((هەستی خۆ بە گرنگ زانینم تیابەدیبێنن.))

* کاتێك ئەو کارانەی ئەبێت ئەنجامیان بدەن، لەو کاتەدا کە ئەبێت ئەنجامی بدەن، ئەنجامیان ئەدەن، ئەو ڕۆژە دێت کە بتوانن ئەو کارانەی ئەتانەوێت ئەنجامیان بدەن، لەو کاتەدا کە ئەتانەوێت تێیدا ئەنجامیان بدەن، ئەنجامبدەن!

* سەرکەوتن هێزێکە لە ڕێگەیەوە ئەتوانرێت ئەوەی پێویستە بێ پێشێلکردنی مافی کەسانی تر بەدەستبهێنرێت.

* ئەتوانن هەمو کارێك باش ئەنجامبدەن، بۆ هەمو کەسێك کە ئەتوانن، بە هەرشێوەیەك کە ئەتوانن تا ئەو شوێنەی کە ئەتوانن.

* گۆڕانکاری ڕاستەقینە و هەمیشەیی لە ساتێکدا ڕونادات، بەڵکو خولێکی هەمیشەییە.

* کات بەنرخترین پارەی ژیانتانە. بەس خودی خۆتان، ئەتوانن دیاریبکەن ئەم پارەیە چۆن خەرجبکەن. ئاگاداربن کەسانی تر بۆتان خەرجنەکەن.

* دابینکردنی وزە بۆ هەر شتێك کە دێتەپێشەوە، مانای نەگەشتنە بە سەرکەوتن.

* کاریگەرترین مرۆڤی دنیای ئەمڕۆکە کەسێکە باش ئەزانێت چۆن لەگەڵ خەڵکیدا ڕەفتاربکات، لەبەرئەوەی گەورەترین زانیاری لە ژیاندا، زانیاریە دەربارەی پەیوەندیە مرۆییەکان.

* هەرگیز بۆ کوشتنی مێشێك کە بەسەر کەسانی ترەوە نیشتوەتەوە، سود لە چەکوش وەرمەگرن!

* کاتێك ڕقتان لە کەسێکە، لە ڕاستیدا ڕقتان لە شتێکی دەرونی ئەوە کە بەشێکە لە خۆتان. لەبەرئەوەی ئەگەر بەشێك نەبوایە لە خۆتان، ئازاری نەئەدان.

* هونەری قسەکردن تەنیا ئەوە نیە قسەی ڕاست و دروست لە شوێنی گونجاودا بکەن، بەڵکو بێدەنگ بونە لە کاتێکدا کە بەهۆی قسەکردنەوە ئازارتان پێئەگات.

* باوەڕ بون بە بونی باشترینەکان لە کەسانی تردا، باشترینەکانیان بە دیاری بۆ دێنێت.

* هەر کەسێك ئاو ببەخشێتەوە، خۆی تێر ئەبێت!

* تاکە گەوهەرێکی بە نرخ ئەتوانین بیبەخشین بە نەوەکانمان، ئەوەیە کە ((هەین))، نەك ئەوەی کە هەمانە!

* باشترین ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ژیان، ژیان بەخشینە!

* کاتێك بە شوێن ئارەزوەکانتەوەیت، سەیرێکی کۆڵە پشتەکەت بکە، ئەوەك کونی تێدا بێت و ئەو شتانەی ئەمڕۆ هەتە، ببنە ئارەزوی سبەینێت!

* سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار!

* تەماشاکە چیت ئەوێت، ئەوەندە ئەهێنێت کە ئەتەوێت!

* لەبەر یەك دەمەقاڵێی بچوك پەیوەندیەکی قوڵ لە دەستمەدە.

* چاوەکانت بکەرەوە بە ڕوی گۆڕانکاریەکاندا، بەڵام بەهاکانی خۆت بە ئاسانی لە دەست مەدە!

* کەوان هەرچەندە زیاتر کێشبکرێت، تیرەکەی زیاتر ئەهاوێژرێت.

* مرۆڤ بە گۆڕینی دەرونی کامڵ تر ئەبێت!

* لە ڕۆژگارێکدا کە پێکەنینی مرۆڤەکان بەهۆی شکستی تۆوەیە، هەستەپێ بۆ ئەوەی بگرێن.

* بەدبەختی تەنیا لەو باخچەدا ئەڕوێت کە خۆت چاندوتە.

* تەنیا کاتێك ڕێپێدراویت لەسەرەوە سەیری کەسێك بکەیت کە بتەوێت لە زەوی بەرزیکەیتەوە.

* باشترین کتێبك ئەوەیە وا بکات لە مرۆڤ بیربکاتەوە، ئەگەرنا بە کەڵکی دراندنیش نایەت!

* جیاوازی نێوان ((لاساییکەرەوە)) و ((لێکۆڵەر)) لە زەوی تا ئاسمانە.

* بۆ تەمەن درێژی، پێویست ناکات ڕۆژەکانی ژیانت زیادبکەیت، هەوڵت بۆ ئەوە بێت، ((ژیان)) زیادبکەیت بۆ ڕۆژەکانت!

* هەرکەسێك هەژار و قانع بێت، دەوڵەمەندە!

* ئارامی و خۆڕاگری، میهرەبانی، عەشق، چاکەخوازی، خۆشحاڵی، خۆشبەختی، ئەقڵ و کەماڵ سیفەت گەلێکن هەرگیز پیرنابن و پیری ناناسن. ئەمانە لە خۆتدا بەدیبێنە بۆ ئەوەی هەمیشە لە ڕوی دەرونی و جەستەییەوە بە گەنجی بمێنیتەوە!

* نابێت لە کاتی دادگاییکردنی مریشکدا، ڕێوی دادوەر بێت.

* دڵت لە ((شوشە)) دروستکە بەڵام بە بەردەکان بڵێ دڵم ((پۆلا))یە.

* هەوڵبدە لە کتێبی ژیاندا دێڕێکی نەمر بیت، نەک پەراوێزێکی جوان، بەڵام لەبیرکراو!

* با مرۆڤەکانی تر تا ئەتوانن بەرد بن، ((تۆ لە ڕەگەزی کانی بە!))

* خەم و خۆشی، بە یەک ڕێگەدا ئەڕۆن، کاتێک یەکێکیان پشو وەرئەگرێت، ئەوی تر هەق ئەکاتەوە.

* هیچ کاتێک ناڕەحەت مەبە لە ناڕەحەتیەکان، دەرهێنەر هەمیشە ناڕەحەتترین ڕۆڵەکان ئەدات بە باشترین ئەکتەر.

* تاکە کەسانێک ئەمانڕەنجێنن، ئەو کەسانەن هەمیشە هەوڵماندا‌وە لێمان نەڕەنجێن.

* تەماشاکە چەند جوانە چیرۆکی ژیان: ئەکتەر خۆتی، دەرهێنەر خۆتی، بینەر خۆتی، چیرۆکنوس خۆتی، گۆرانیبێژ خۆتی، بەڵێ هاوڕێی بەسۆزم! تۆ ئەم هەموەیت!

* هەرگیز لە ژیانتدا ئەم چوار شتە مەشکێنە:
پەیمان، بڕیار، پەیوەندی و دڵ. لەبەرئەوەی کاتێک ئەمانە ئەشکێن دەنگیان نیە بەڵام زۆر ئازاریان هەیە!

* مرۆڤ ئازاد خوڵقاوە، بەڵام هەمیشە دیلی ئەو زنجیرەیە کە خۆی چنیویەتی.

* هەندێک جار خوا دەرگاکان قوفڵئەکات و پەنجەرەکان دائەخات. جوانە ئەگەر وا بیربکەیتەوە لە دەرەوە تۆفانە و خوا ئەیەوێت بتپارێزێت.

* مرۆڤی سەرکەوتوو کەسێکە لە تاریکیدا بە شوێن مۆمدا بگەڕێت، نەک ئەوەی چاوەڕوان بێت تا خۆر هەڵبێت.

* براوە ئەڵێت کێشەیە بەڵام مومکینە، بەڵام دۆڕاو ئەڵێت مومکینە، بەڵام کێشەیە.

* له ژیاندا باران مەبە وابزانن بە منەتەوە ئەدەیت لە شوشە، هەوربە تا چاوەڕوانی بارینت بن.

* لە بیرت بێت ئەمڕۆ خۆرهەڵهاتنێکی تری نابێت!

* بڕیاری ڕاست ئەنجامی ئەزمونداریە، بەڵام ئەزمون ئەنجامی بڕیاری هەڵەیە، کە ئەمە خودی ژیانە. لەبەرئەمە مەترسە لە هەڵەکردن، فێربە و پێشکەوە.....

* ئەگەر هەمیشە وەك ڕابردو بیربکەیتەوە، هەمیشە هەر ئەو شتانەت دەست ئەکەوێت کە تا ئێستا بەدەستت هێناون!

* ئەوەی بە ژیان ڕادێت، ئەدۆڕێت. ڕامەیە بە ژیان، ژیان دروستکە!

* کەمت هەبێت و پیاو، نەك زۆرت هەبێت و ناپیاو!

* هاندان جیاوازە لە دەستخۆشی لێکردن! هاندان لەسەرەتای ڕێگەدا ئەنجامئەدرێت و دەستخۆشی لە کۆتایی ڕێگەدا! نا بەجێ سود لێوەرگرتنی، ئەنجامی پێچەوانەی ئەبێت.

* ئەگەر بەرد و تاشەبەرد لە ڕێڕەی ڕوباردا نەبێت، دەنگی ئاو هەرگیز ئەوەندە دلگیر نەئەبو!

* هەوڵمەدە باشتر یان خراپتر بیت لە کەسانی تر، هەوڵبدە لە خۆت باشتر بیت!

* ئازایەتی تەنیا هاوارکردن نیە، هەندێك جار دەنگێکی ئارامە کە لە کۆتایی ڕۆژدا ئەڵێت بەیانی دوبارە هەوڵئەدەمەوە.

* لە شارێکدا کە خۆر نرخی مۆمێکی نیە، بونە پەپولە واتە تیاچون.

* هەندێك جار نیگایەکی کورت، کاری هەزاران پێنوس ئەنجامئەدات.

* کەسێك لەبەر تۆ دزی بکات، دزی لە تۆش ئەکات!

* پێگەیشتن واتە داگیرسانی ئاگری دەرون!

* ئامادەیی، گرنگترە لە بون لە شوێنێکدا!

* هەر شتێك قوربانیەکت نەدابێت لە پێناویدا، بە گرنگی مەزانە!

* ئەگەر ئەتانەوێت کەسێك بناسن، گوێ ڕادێرن لە قسە نەوتراوەکانی!

* هەمیشە گەورەتر بە لەوەی تڕەنجێیت بەرێزتر بە لەوەش برەنجێنی!

* گەورە بیربکەرەوە، بچوك کاربکە، هەر ئێستا دەستپێبکە!

* لە بیرت بێت هەرگیز ناتوانیت عەیبی خۆت بە عەیبگرتن لە کەسانی تر بپۆشیت.

* عەشقی ڕاستەقینە وەك هێڵی ئاسنە، مۆڵەت ئەدات هەمو کەسێك ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر.

* ئەزانیت فرۆشیاریی چیە؟ گواستنەوەی باوەڕێکە لە فرۆشیارەوە بۆ کڕیار!

* هیچ کەسێك لەوە هەژار تر نیە نەتوانێت زەردەخەنەیەك ببەخشێت بە کەسێك و هیچ کەسێکیش ئەوەندە دەوڵەمەند نیە پێویستی بە زەردەخەنەیەك نەبێت.

* بۆ هەمو شتێك هێندەی بەهای خۆی نیگەران ببن!

* ئێوە ئەو شتە نین کە بیری لێئەکەنەوە، بەڵکو بەو شێوەیەن کە بیری لێئەکەنەوە.

* خوێندنەوە، بیرکردنەوەیە بە مێشکی کەسێکی ترەوە.

* کەسێك کە باش بیرئەکاتەوە، پێویست ناکات زۆر بیربکاتەوە.

* دڵ بە دەریا دان هونەر نیە، ڕێزی دڵۆپ گرتن هونەرێکی گەورەیە.

* هیچ داراییەك نیە لە لەشساغی بە نرختر بێت.

* لە عەشقدا وەك خۆر بە، لە میهرەبانیدا وەك باران و لە ڕاستگۆییدا وەك کانی.

* گەورەترین چاکەی ڕاستگۆیی ئەوەیە پێویست ناکات بیهێنیتەوە بیرت چیت وتوە!

* ئەبێت هەوڵبدەیت جیاوازیەك هەبێت لە نێوان بون و نەبونتدا.

* سەرکەوتن هەزار باوکی هەیە، بەڵام شکست هەتیوە!

* فێرکارەکان، دەرگا ئەکەنەوە، بەڵام ئەوە ((تۆیت)) ئەبێت بچیتە ژورەوە!

* هەوڵبدە لە جیاتی ئەوەی هەوڵبدەیت سەرکەوتو بیت، هەوڵبدە گرنگ بیت!

* داننان بە باوەڕی کەسێکدا، لە کرداریدایە، نەك لە وتەیدا!

* ژیان ئەوە نیە کە ژیاوین، بەڵکو ئەو شتەیە کە ئەیهێنینەوە بیرمان بۆ ئەوەی بیگێڕینەوە.

* هەمیشە بیر لە قوڵایی بابەتەکان بکەرەوە.

* ڕۆشنایی میهرەبانیت ڕۆژ بە ڕۆژ زیادبکە، ئەوەندە کە ڕۆژێك بتوانیت هەموانی تێدا کۆبکەیتەوە، ئەو کاتە خوا هێندەش دور نابێت!

* دەرگاکانی بەهەشت بەڕوی ئەوانەدا ئەکرێتەوە بڕیاریانداوە بچنە ناویەوە.

* ئەوەی بەدەستیدێنیت نابێتە هۆی بەهاداربونت، بەڵکو خو گرتنت بەو شتانەوە گرنگت ئەکەن کە ئەنجامیان ئەدەیت.

* زیندو مانەوەی دڵەکان، واتە نەمردن.

* لە بیرت نەچێت هەمومان بۆ یەکجار وەستان، هەزاران جار کەوتوین.

* هیچ کاتێك بیرتکردوەتەوە، کاتێك خەڵکی لە پاش ملە باستئەکەن چ مانایەکی هەیە؟ زۆر ئاسانە! واتە تۆ دو هەنگاو لە پێش ئەوانەوەیت.

* لەوانەیە لە کۆتاییدا بگەیت بە پلە یان پارە، بەڵام لەوانەیە بۆ هەمیشە نەگەیت بە (گەورەیی))!

* لە ژیاندا هەرکاتێك لە ((بەفر)) خانویەکت دروستکرد، فرمێسك مەڕێژە بۆ توانەوەی.

* نە ژیان ئەوەندە شیرینە و نە مردنیش ئەوەندە تاڵە کە مرۆڤ ڕێزی خۆی پێبفرۆشێت.

* هەوڵبدە ڕەگەزپەرست نەبیت، لەبەرئەوەی ڕەگەزپەرستی وەك تانەی چاو، هەر چەندە ڕۆشنایی زیاتری بەرکەوێت، زیاتر بچوك ئەبێتەوە!

* باڵندەی بەهەشت تەنیا کاتێك لەسەر دەستێك ئەنیشێتەوە کە چەپڵە لێنەدات!

* کانیەك بە، کە چاکە و ڕێز بڕێژێت و چواردەورەکەت لەم چاکەکاریە تێرئاوبکات!

* حەکیمانە ئارامبە، ئەوانەی بە خێرایی ڕائەکەن ئەدەن بە زەویدا!

* تەنیا یەك ڕێگە هەیە بۆ فێربون و ئەویش کارکردنە.

* درەختێك هەرچەندە گەورەش بێت، لە سەرەتادا بە تۆوێك دەستی بە ژیان کردوە.

* ئەو کاتەی دەستهەلگریت لە بونە نمونەی لە بەرگیراوەی کەسانی تر، تایبەتمەندی پڕ شکۆی کەسایەتیت ئەدۆزیتەوە.

* ڕوبارێك کە وشکبوە هەرگیز لەبەر ڕابردوی سوپاسی ناکەن.

* بۆ ناوچاوتاڵکردن حەفتا و دو ماسولکە لەیەك ئەگیرێن، لە کاتێکدا بۆ پێکەنین تەنیا چواردە ماسولکە پێویستە!

* بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ دڵی مرۆڤەکاندا، سود لە گوێکانتان وەربگرن!

* ئەو کەسەی بێ بەرچاوڕونی کارێك ئەکات، وەك ڕێبوارێکە بە کوێرە ڕێیەکدا بڕوات.

* زۆرتر کار مەکە، زیرەکانەتر کار بکە!

* هەرگیز بۆ سود، ڕۆحت هیلاك مەکە!

* کاتێك درەنگ ئەگەنە وێستگەی شەمەندەفەر، ناتوانن گلەیی بکەن کە بۆچی شەمەندەفەرەکە بێ ئێوە کەوتوەتەڕێ.

* ئەوەی بارودۆخی ژیانتان ئەگۆڕێت، کارکردنە نەك بانگەشە!

* بۆ ئەوەی باوەڕمان بە ڕێگەکەی خۆمان هەبێت، پێویست ناکات بیسەلمێنین ڕێگەی کەسانی تر هەڵەیە، کەسێك کە وا بیربکاتەوە، باوەڕی بە هەنگاوەکانی خۆشی نیە.

* یەك سات لەگەڵ خۆدا ڕاستگۆبون، لە چەندین مانگ و ساڵ خۆ هەڵخەڵەتاندن گرنگترە!

* ئەوەی بزانیت لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستیت، شتێکە بەڵام ئەگەر وا بیربکەیتەوە کە تاکە ڕێگای ڕاست هەر ئەمەیە، ئەوە شتێکی ترە!

* زۆربەی کات مرۆڤ لە دەست ئەو شتانەی خەڵکی ناڕەحەتە کە لە خۆیدا هەن!

* ئەو چاوچنۆکانەی گیرفانیان دوریوە بۆماڵی دنیا، با بزانن جلی ئەو دنیا گیرفانی نیە.

* ئەو کاتەی ئومێد ئەمرێت، ترس لە دایك ئەبێت!

* پوختترین بەرد لە کورەوە بەدەستدێت و گەشترین ئاسمان لە قورسترین تۆفانەوە و باشترین مرۆڤ لە........ (خۆت بۆشاییەکە پڕبکەرەوە.))

* پەیوەندی واتە، جێهێشتنی بەشێك لە بونت لە بیری کەسێکی تردا!

* هیچ کەسێکی کەمئەندام نیە سەرئەنجام سودی لە کەموکوڕیەکەی وەرنەگرتبێت!

* قەدری ئەم ساتە کورتە بگرە و چۆڕاوەی هەر ساتێك بگرە. ئەم ساتە بەزویی ئەمرێت و باش یان خراپ وەك خۆی ناگەڕێتەوە!

* هەموان لە کاتی مردندا ئارەزونەکەن ئای خۆزگە بە شێوەیەکی تایبەت ئەژیان، کەوایە هەر ئێستا وا بژی!

* لە دوعاکردندا ئەبێت وەك منداڵ بیت کە شەو بە ئاسودەیی ئەخەوێت، لەبەرئەوەی دڵنیایە ئەو شتەی داوای کردوە لە باوکی، ئامادەیە!

* شادترین کەسەکان باشترین شتەکانیان نیە، ئەوان تەنیا باشترین سود وەرئەگرن لەوەی لەسەر ڕێیاندایە.

* کاتێك بتوانیت ئەوەی کە هەیە، بەو شێوەیە ببینیت کە هەیە، نەك وەك ئەوەی کە ئەبێت ببێت، تەنیا ئەو کاتەیە لە خەو هەڵساویت، ئەوکاتە بڕۆیتە هەر شوێنێك ئەبێتە بەهەشت بۆت.

* هەمیشە وەك ئاو بە، لەبەرئەوەی هیچ شمشێرێك ناتوانێت بریندداری بکات، هیچ بەردێك ناتوانێت پانیکاتەوە و ئارام ئارام ڕێگەی خۆی ئەدۆزێتەوە، بێ ئەوەی ڕێچکەی دەریا لە بیربکات.

* ئەو کەسەی ڕوگرژە تابوتی دڵی خۆی لەسەر دەموچاوی هەڵئەگرێت. خوا لە دڵە زیندو و ڕوخسارە کراوەکاندا نیشتەجێیە!

* مرۆڤ دوای مردن ماڵی نیە، مەگەر ئەو ماڵەی بەر لە مردنی دروستی کردبێت.

* لە ناو تاریکیدا ئەگەر ڕوبکەیتە دەرونی خۆت خۆرێکی درەوشاوە ئەدۆزیتەوە!

* گەورەیی نابەخشن بە کەس ئەبێت بەدەستی بێنیت!

* هەمیشە کەسێك بکەنە دالدە کە کەسی نەکردبێتە دالدە و ئەویش خوایە.

* بەرلەوەی دەستی درەخت بگاتە ڕۆشنایی، پێیەکانی ئەزمونی تاریکیان کردوە. هەندێك جار بۆ گەیشتن بە ڕوناکی ئەبێت بە تاریکیدا تێپەڕین.

* سەرنج لە وردەکاریەکان بدەن، جوانیەکی بێکۆتایی لە وردەکاریەکاندا شاراوەتەوە!

* گەورەیی لەوێدا نیە کە وەستاوین، بەوەیە کە بەرەو کوێ ڕێئەکەین. هەندێك جار ئەبێت هاوشێوەی با و هەندێك جاریش بە پێچەوانەیەوە بجولێینەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەبێت بجولێین، نەك ئەوەی بێ ئیرادە لە سوچێکدا دابنیشین.

* لە بیرت بێت، والت دیزنی بۆ دروستکردنی دیزنی لاند (شاد ترین شوێنی سەر زەوی) سێ سەد و دو جار وەلامی نەرێ و گالتەپێکردنی بانکەکانی بیست، بەلام بە پێداگری لە کۆتاییدا سەرکەوت.

* باشترین خو ئەوەیە خو نەگریت بە هیچ شتێکەوە، لەم بارەدا هەمیشە ئازاد و ڕەها ئەبیت و بۆ ڕۆشتن بەرەو بەیانیە ڕوناکەکان هیچ گومان و دلەڕاوکەیەکت نابێت.

* ئەو کەسەی بۆ بونت سوپاسی خوا ناکات، دوعاش ناکات بۆ گەڕانەوەت.

* کتێب ئەبێت تەورێك بێت بۆ شکاندنی دەریای بەستوی دەرونمان!

* هەندێك جار بە ڕاکردن بۆ گەیشتن بە کەسێك، ئیتر هەناسەیەك نامێنێتەوە بۆ دانیشتن لەگەلیدا!

* سەرکەوتن بە دەستهێنانی شتێکە کە خۆشت ئەوێت، بەلام خۆشبەختی خۆشویستنی شتێکە کە بەدەستت هێناوە!

* ئەگەر هەمیشە ئەوە ئەنجامبدەیت کە ئاسانە، ژیان نارەحەت ئەبێت! بەلام ئەگەر کارێك بە نارەحەتی ئەنجامبدەیت ژیان ئاسان ئەبێت.

* هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هەولئەدەن ئەوە بەدەستبێنن کە ئەتانەوێت، هەولبدەن چێژ وەرگرن لەوەی هەتانە!

* شکست کەوتنە ژێر نیە، لە ژێرەوە مانەوەیە!

* زۆرێك لە خەڵکی لە جیاتی ئەوەی خۆیان موعجیزە بن، چاوەڕوانی موعجیزەن.

* هۆ بە بۆ شادی، نەك هاوڕێی! هاوڕێی خەم بە! نەك هۆکاری!

* مرۆڤ کۆمەڵەیەك نیە لەوەی هەیەتی، بەڵکو کۆمەڵەیەکە لەوەی هێشتا نیەتی، بەڵام ئەتوانێت هەیبێت!

* وا باشە هەندێك جار واز لە هەندێك شت بێنیت لەسەر ڕەوتی سروشتی خۆیان بڕۆن.

* جوانی بە ڕوخار نیە، جوانی ڕوناکیەکە لە دڵەکاندا!

* بە شێتی بمێنەرەوە، بەڵام وەك ئاقڵەکان ڕەفتاربکە.

* ترسناکی جیاوازبون قبوڵبکە، بەڵام فێربە بێ سەرنجڕاکێشان بە سود بیت.

* ((باوەڕ)) دژە ژەهری شکستە!

* لە بیرت بێت، هەندێك لە مرۆڤەکان ئەوەندە بەڕێز نین کە نەك هەر هاوڕێ، بەڵکو دوژمنی باش و بەڕێزبن.

* لە لوتکەی ناڕەحەتی و ئازارەکانتدا ڕوبکەرە خوای خۆت و بڵێ: ئەی خوای میهرەبان! خوای ئازیزم، من ئەم ((جار))ە ئەسپێرم بە تۆ تا بیگەیەنیتە جێی مەبەست.

* ئەو کەسەی بێ ئاگابێت لە توانا دەرونیەکانی، مەحکومە بە هەژاری مادی و مەعنەوی.

* بە ئومێد، ویقار، باوەڕبەخۆبون و کەمێك سەرشێتیەوە، هەنگاوی درێژ هەڵبێنە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت.

* بە هەر بڕیاردانێکت، دەرگایەکی نوێ ئەکرێتەوە بە ڕوی ژیانتدا.

* ئەوکاتەی ڕۆحتان عاشقی جەستەتان ببێت جوتبونی ئەم دوانە ڕوئەدات، ئێوە جارێکی تر لە دایك ئەبنەوە.

* تۆ هاتویت بژیت بۆ ئەوەی نرخ پەیدابکەیت، نەک بەهەر نرخێك بێت بژیت.

* یان قسەیەك بکە دلگیر، یان دلێکت هەبێت قسەگیر.

* تا ئەو کاتەی ڕەشۆکانی ژیانت داوە بە دەستی کەسانی ترەوە، بێبەشیت لە ئاشتی و ئارامی دەرون و دلگەشی.

* تا مرۆڤ لە ناسراوەکانەوە نەپەڕێتەوە بۆ نەناسراوەکان، ناتوانێت هیچ فێربێت.

* تۆ ئەتوانیت هەلبژێریت کە قوربانیەکی دنیا بیت یان گەڕۆکێکی شوێنی گەنجینە، هەمو شتێك پەیوەستە بە تێڕوانینی خۆتەوە.

* ئەو وشە سیحراویەی ئەتانگەیەنێت بە هەمو خەونەکانتان و–ی–س–ت–نە.

* خوا دوعای ئەو کەسانە ئەبیستێت کە ئەیانەوێت ڕقیان لێبسەنرێتەوە، بەلام کەرە لە ئاست ئەوانەی ئەیانەوێت هەلبێن لە عەشق.

* ڕاستگۆیی تاکە تاقیکردنەوەیەك ناتوانرێت غەشی تێدا بکرێت!

* شمشێری تیژ ئەدرێت بە دەست سەربازی ئازاوە!

* لەوانەیە جوانترین قۆخ کرمی تێدا بێت!

* ئەگەر حوکمی جیهانی دەرونت بکەیت، خۆشبەختیت!

* هەمو مرۆڤێك مافی هەیە گومان لە ئەسلی خۆی بکات و هەندێك جار لێی ڕابکات، بەلام هەرگیز مافی نیە لە بیریبکات.

* گەورەترن شەڕی مرۆڤ لە دژی بە ئامانج نەگەیشتن دەرونیە نەك دەرەکی!

* چەند تالە بینینی ئەو کەسانەی شیرینیان پێ خۆشترە لە تالی، لە کاتێکدا بێ ئاگان لە شیرینی تالی.

* بۆ گۆڕینی جەستەتان، سەرەتا دەرونتان بگۆڕن.

# ((وتەی کۆتایی))

بەڵکو ڕۆژێك بێت لەمەی ئێستا زیاتر بزانین،
و شتانێك بخوێنینەوە بنوسین کە دوای خوێندنەوە
و نوسینیان ئەم هەستە تێماندا زیندو ببێتەوە
کە زیاتر بوینەتە ((مرۆڤ))
و لە بیری مەکە
پەیڕوەی دڵی خۆت بە.
کارێك ئەنجامبدە
کە ڕاست، باش و ڕاستەقینە بێت،
تەنانەت ئەگەر کەسانی تر
نرخی کاری ڕاست، باش و ڕاستەقینە نەزانن.
جوان کردنی جیهان،
نەبەستراوە بە هاندان و قەدرزانینی کەسانی ترەوە.
ئەوەندەش بیر لە کۆتایی کارەکەت مەکەرەوە،
دڵت بدە بە کارەکەت.
ئەگەر نائومێد ببیت و لە ڕێ جێبمێنیت،
زۆرێك لەو کارانەی
کە ئەبێت لە لایەن تۆوە ئەنجامبدرێن، لەکارئەکەون.
مرۆڤانە ژیان، پێویستی بە ئازایەتیە.
هیچ بیانویەك ناتوانێت لە مرۆڤانە ژیان دورتخاتەوە.
بەڵێ، لەوانەیە مرۆڤەکان بەو شێوەوە نەبن کە ئەتەوێت،
لەوانەیە خۆپەرست و کەم ئەقڵ بن،

گرنگ نیە
سەرەڕای هەمو ئەمانە، خۆشت بوێن.
کارە باشەکانت لەوانەیە
سبەینێ لە بیربکرێن
گرنگ نیە،
هەڵمەیە لە ئەنجامدانی کارە باشەکان.
بێ چاوەڕوانی پاداشت خۆشەویست بکە و کاربکە.
عەشقی تۆ، گەورەترین پاداشتتە.
عەشقی تۆ، ڕەنگ و بۆن و تامی شیرینی ژیانت ئەبێت،
لەبەرئەمە بە خۆشەویستی،
هەر لە سەرەتاوە گەیشتویتە پاداشتەکەت.
خۆشەویستی، ئازادت ئەکات و ئارامت ئەکاتەوە.
خۆشەویستی، خۆ بە خۆ بە بەهایە.
ئەگەر هەریەکەمان
بەهرەی خۆشەویستیمان تێدا بێت،
دنیاکەمان ئەبێتە دنیایەکی باشتر و جوانتر
مەناڵێنە بەدەست ئەوەوە کە ژیان شێتانەیە،
بەڵێ، تۆ ڕاستئەکەیت،
دنیا شێتە،
گلەیی و بناشتی تۆ،
لەم دنیا شێتەدا، کارەسات نیە،
خۆ بەدەستەوەدانت، کارەساتێکی سەرنجڕاکێشە.
کارەساتەکە لێرەدایە،
ئەگەر دنیا، دنیایەکی شێتانەیە،
تۆ هیممەت بکە و مانایەکی قوڵ و جوانی پێببەخشە.

تۆ ئەتوانیت، لە دنیایەکی پڕ لە مانادا،
مانای قوڵ و جوانی خۆت بخولقێنیت.
بەم شێوەیە، ئەتوانیت ڕزگارت ببێت لەم دنیا شێتە
لەوانەیە کەس نرخی کار، بیرۆکە و هەستە
پاك و جوانەکانت نەبێت،
گرنگ نیە،
تۆ بە باشی، پاکی و جوانی هەست و کارەکانت
گەیشتویت بە ئازادی.
ئێستا، ئازادیت بەو شێوەیە بیربکەیتەوە
و کاربکەیت کە خۆت ئەتەوێت،
تەنانەت ئەگەر کەسانی تر کار و بیرۆکەکانت بە پەسەند نەزانن.
ئێستا، ئازادیت ئەو کەسە بیت، کە بەراستی هەیت.
ئێستا ئازادیت ئەو کەسە بیت
کە حەز ئەکەیت وا بیت.
ئێستا، ئازادیت مانایەکی قوڵ و جوان ببەخشیت بە ژیانت،
مانایەك کە کەسانی تر نیانە.
بەڵێ، خۆشویستنی هەندێك کەس زۆر نارەحەتە.
بەڵام هەمو ئەمانە بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی
تۆ خۆت بێبەشکەیت لە خۆشویستنیان.
عەشق، باڵاترین گرانبەهاترین نیعمەتی ژیانە.
ژیانی خاڵی لە عەشق، مردنە.
عەشقت ببەخشەرەوە،
لەبەرئەوەی ئەگەر نەیبەخشیتەوە، بێبەش ئەبیت لە ژیان.
مرۆڤ وا دروستکراوە کە بە عەشقەوە بژی.
ئەگەر نەتوانین خۆشەویستی بکەین،

ئەوکاتە، ئەوە نابین کە بڕیارە ببین
ئەوکاتە ئەوە نابین کە ئەتوانین ببین.
توانای خولقاندنیمان هەیە،
مەڵێ ئەم کەسانە شایستەی عەشقی تۆ نین،
عەشقی خۆت مەبەستەرەوە بە شایستەبونی کەسانی ترەوە
عەشق ئەبێت ببێتە مەلەکە تێتدا.
هەمومان کەموکوڕیمان هەیە،
هەمومان کار گەلێکمان کردوە کە
لێیان پەشیمانین.
هەمومان توشی، کار، بیرکردنەوە و هەستی
ناشایستە بوینەتەوە و ئەبینەوە.
ئەگەر شایستەیی کەسانی تر پێشگریمانەی عەشقمان بوایە،
توشی وشکەساڵی عەشق ئەبوینەوە،
عەشق، لە ڕاستدا بێ مەرجە.
عەشقت مەبەستەرەوە بە هیچ مەرجێکەوە.
گەشە و پێگەشتنت، بەستراوە بە خۆشەویستیتەوە.
خۆشەویستی بکە،
خۆشەویستی تۆ،
کەسانی تریش خۆشەویست ئەکات.
عەشق کیمیایە،
مرۆڤەکان مافیانە بە شێوەیەکی تر ببینن
و بە شێوەیەکی تر بیربکەنەوە.
ئەوان مافیان هەیە تێڕوانینێکی جیاواز لەوەی تۆ هەڵبژێرن.
سروشتیە، ئەوان ئەزمونی جیاوازیان هەبوە
و شتانێکی جیاوازیان بینیوە.

لەبەرئەمە مرۆڤی جیاوازیشن
لە بیرتبێت،
بۆ هەر پرسیارێك سێ وەڵام هەیە،
وەڵامی تۆ، وەڵامی من، ئەو وەڵامەی کە ڕاستە.
عەشق لەوە گرانبەهاترە
لەوەی بەو بیانوەی کەسانی تر لە تۆ جیاوازن
خۆت بێبەشکەیت لێی.
جیاوازی مرۆڤەکان، خراپ نیە،
بەڵکو باشە،
جیاوازی مرۆڤەکان،
نابێتەهۆی ناشایستەییان.
بەڵێ، خۆشویستنی زۆرێك لە مرۆڤەکان نارەحەتە
بەڵام لە بیریمەکە خۆشویستنی تۆ
بۆ زۆرێك لەوانیش نارەحەترە!